www.pertwk.com

# جیهانێکی لێکترازاو

**نووسینی:**
**ئەنتۆنی گیدنز**

**وەرگێڕانی بۆ کوردی**
**عەبدوڵڵا قەرەداغی**

**سلێمانی**
2003

**ناونیشانی کتێبەکە بەعەرەبی**

عالم منفلت
المؤلف: أنتونى جيدنز
ترجمة: د. محمد محىالدين
الطبعة الاولى: 2000
ميريت للنشر والمعلومات
6ب شارع قصر النيل، القاهرة
تليفون/ فاكس: 5751500 (202)
البريد الالكتروني: merit56@hotmail.com

www.pertwk.com

## وەزارەتی رۆشنبیری

### بەڕێوەبەرایەتیی خانەی وەرگێڕان


- ناوی کتێب: جیهانێکی لێکترازاو
- نووسینی: ئەنتۆنی گیدنز
- وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە: عەبدوڵڵا قەرەداغی
- تایپ: کۆمپیوتەری ئاگا
- مۆنتاژی کۆمپیوتەری: بەهرە عیزەدین
- نەخشەی بەرگ: ستار قادر
- ژمارەی سپاردنی (117) وەزارەتی رۆشنبیریی دراوەتێ
- زنجیرە: 12
- تیراژ: 1000
- چاپ: چاپخانەی وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری

- چاپی یەکەم -2003 - سلێمانی

www.pertwk.com

بسم الله الرحمن الرحيم

## چەند وشەیەکی پێویست

ئەم کتێبەم لە 30ی حوزەیرانی 2002دا کڕیو لەهەفتەی یەکەمدا بواری خوێندنەوەیم بۆ نەڕەخسا. کەخوێندمەوەو بەشێك لەدۆستانم لەناوەڕۆکی ئاگادارکردەوە، پێیان باش بوو بەزمانی کوردی بکەوێتە بەردەستی نەوەی ئەمڕۆمان. بۆ ئەو مەبەستەش بەڕێوەبەرێتی خانەی وەرگێڕانی سەر بەوەزارەتی رۆشنبیری لە 2002/7/10دا، لەم روانگەیەوە، گرێبەستێکی لەگەڵ مۆرکردم بەوەی وەرگێڕدراوەکە لە 2002/7/30دا تەواوببێتو، تەواویش بوو.

خوێندنەوەی ئەم کتێبە بەشێوەیەك لەشێوەکان بۆ ساڵی(1999)ی گێڕامەوە، لەکاتێکدا کە هاوکارانم لەرۆژنامەی((کوردستانی نوێ))دا بۆ (خولی 2000)ی رۆژنامەنووسی- کە لە 1999/8/1-ەوە دەستی پێکردو یەك مانگی خایاند- موحازەرەکانی بواری (بەجیهانی بوون)یان بە بەندە سپاردو، بۆ ئەو مەبەستەش لەخشتەکەدا سێ سەعاتیان بۆ ئەو بوارە دانا.

ئەو بەڕێزانەی لەو خولەدا بەشداربوون، ئەگەر ئەم کتێبە بخوێننەوە، رەنگە گەواهیی ئەوەبن کە لەهەردوو رووی سیاسیو راگەیاندن- میدیا- شەوە چەند بۆچوونێکم خستەڕوو لەم بۆچوونانەی گیدنزەوە نزیك بوونو، لەرووی ئابووریشەوە ئاماژەم بەرۆڵی گرنگی دامەزراوە ئابوورییە نێودەوڵەتییە زەبەلاحەکانو کۆمپانیای فرەنەتەوەو بانکە نێودەوڵەتییەکان کرد، کەتێکڕای گەورە





ئابووریناسان ئەو مەسەلەیە دووپات دەکەنەوەو، زۆربەی ئەوانەش کەلەم رووەوە بایەخ بەسیاسەتی جیهانی دەدەن، لەسەر ئەو خاڵەش رێکن کەسەروەریی دەوڵەت- نەتەوە، یان (دەوڵەتی نەتەوایەتی) لەمەترسیدایەو، تەنانەت باس لەمەرگی جوگرافیاش دەکەن (هەڵبەت بەمەعنای جوگرافیای سیاسی کەمەسەلەی سەروەریی دەوڵەت جەوهەری بوونیەتی).

رەنگە تەنها رێکەوتیش ئەوەی کردبێ کە نووسەری زۆر ناسراو(ئەنتۆنی گیدنز)، بابەتەکانی ئەم کتێبەی لەشێوەی چەند موحازەرەیەك لەویستگەی جیهانی (B.B.C )یەوە لەساڵی 1999دا پێشکەش کردبێتو، هەر ئەوساڵە لە لەندەن لەلایەن خانەی بڵاوکردنەوەی ( Proofile Books)ەوە چاپو بڵاوکراوەتەوە لەژێر ناونیشانی: (Runaway World: How Globalization is Reshaping Our Lives) دا.لەساڵی(2000)دا وەرگێڕدراوی ئەم کتێبە بەعەرەبی لەلایەن دەزگای (میریت للنشر والمعلومات) لەقاهیرە کەوتە بەر چاوی خوێنەرانی عەرەب, کە ((د.محەمەد محێدین)) لەژێر ناو نیشانی ( عالم منفلت: کیف تعید العولمة صیاغة حیاتنا)دا وەرگێڕاوە. زۆرم هەوڵدا دەقە ئینگلیزییەکەشم دەست بکەوێت, بەلای کەمەوە بۆ ئەوەی بەهاوکاری دۆستانم بەراوردێکی لەگەڵ وەرگێڕدراوە عەرەبییەکەدا بکەین، بەڵام هەوڵەکانم بێ سوود بوون. بۆیە پشتم بەو وەرگێڕدراوە عەرەبییە بەستوەو ئەگەر لەشوێنێکدا ئاڵۆزیم بەدی کردبێت ئاماژەم بۆ کردووەو, بە بۆچوونی خۆم بەدیلێکم بۆ پێشنیاز کردووە, بەڵام لەپەراوێزدا. لەبەر گرنگی بابەتی سەرەکی ئەم کتێبە بڕیارم دا وەریگێڕمە سەر کوردی، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کەتێکرای

بۆچوونەکانی ( گیدنز )م بەلاوە پەسەند بێت. خودی نووسەریش پێی وایە کە زۆر لایەن هەن, بەهۆی تازەیی و گۆڕانی خێرایانەوە, هەر بەئاڵۆزی دەمێننەوە. بەلاّم هاو بۆچوون بونم لەگەڵ نووسەر, یان پێچەوانەکەی, لەو راستییەم دوور ناخاتەوە کەناتوانم لەگرنگی کتێبەکە کەم بکەمەوە, بەتایبەت لەبەرئەوەی نووسەرەکەی, ئەگەرچی هێشتا لەژیاندایە, دەیان کتێبی( بەنووسین و سەرپەرشتی کردنەوە) هەیەو پتر لە دە کتێب, کە هەندیکیان هەر لەسەر خۆین، ئامارەیان بۆ بەرهەمو داهێنانەکانی کردوەو, دەیان کەس موناقەشەی بۆچوونەکانیان کردووە. ئەم داهێنان و ئەم کاردانەوە گەورەیە, بەلای کەمەوە بەڵگەی کاریگەری ئەم مرۆڤەیە لەو بوارە فیکری و کۆمەلأیەتییانەدا کەکاری تێداکردوون.

هیوادارم ئەمە خزمەتێکی بچووکی بەندەبێت.

عەبدوللاّ قەرەداغی

2002/7/28 ز

سلێمانی

# ئەنتۆنی گیدنز[7]

***Antony gidens***

**راگری کۆلیژی ئابووریی لەندەنە. پتر لە ( 30 ) سی کتێبی داناوە یان سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی کردوون کە هەمویان وەرگێڕدراونەتە سەر چەندین زمان. تا ئێستا(10)دە کتێبی لەسەر نووسراوە، لەنێوانیاندا کتێبێکی چوار بەرگی هەیە، کە تەنها بۆ خۆی تەرخان کراوە. لەدوا دانراوە کانی: لێکەوتەکانی تازە گەری (1989)، تازەگەری و ناسنامەی ( خود ) ( 1991) گۆرانکارییەکانی سۆز (1991)، ئەو دیوی چەپ و راست (1994) ، داکۆکی لەکۆمەڵناسی (1996)، سێیەمین رێگا: نوێکردنەوەی دیموکراسی کۆمەڵایەتی (1998). کتێبی ((سێیەمین رێگا )) بەشێوەیەکی بەر فراوان لەلایەن ئەکادیمی و رێبەرە سیاسییەکانەوە لەهەمو جیهاندا لێی کۆڵراوەتەوە. هەروەها کتێبی ((کۆمەڵناسی)) ی بەدەروازەیەکی سەرەکی بواری خۆی دادەنرێ.ئیزگەی بەریتانی ( B.B.C ) گیدنزی هەڵبژارد بۆ ئەوەی ببێتە یەکێك لە بەشدارانی موحازەرەکانی ریپ ( Reith Lectures) لەساڵی (1999)دا.**

www.pertwk.com

# زەمینەسازی

ئــەم کتێبــە, لەشــێوەی9بناغەییــدا بریتییــە لــەزنجیرەی موحازەرەکانی ریث Reith Lectures کە ئێزگەی بەریتانیا لە هەردوو وێزگەی (چوار)و (خزمەتی نێو دەوڵە تیدا) لەساڵی 1999دا پەخشی کردن. هێندێ جیاوازیش دەگەرێتەوە بۆئەوەی کەمن دوا موحازیری بەرنامەی موحازەرەکانی ریث–م لەسەدەی بیستەمدا.لەرووی کاتەوە, وام بەگونجاوزانی کۆمەڵێك بابەتی پڕبایەخ سەبارەت بەهەلومەرجی جیهــان لــەکۆتایی ســەدەدا بــاس بکــەم. بەتــەمای ئــەوەش بــووم موحازەرەکــان رای جیــاواز بــوروژێننو ئــەم هیوایەشــم بــەدی هات.بەشێوەیەکی رەزامەندی بەخش لەرۆژنامەو گۆڤارەکانی جیهاندا هێرشــی کرایــە ســەرو, خۆشــبەختانە ئــەو هێرشــەش روبــەڕوی بەرگرییەکی زۆر بوویەوە.

زنجیرەی موحازەرەکــانو ئــەم کتێبــەش ناونیشــانی "جیهــانێکی لــێکترازاو"ی بــودانرا، چــونکە ئــەو فرێــزە ســەرجەمی ئــەو هەســتانە لەخۆیداچڕ دەکاتەوە کە ئێمەلەئامێزیان دەگرین ئێمە کە لەسەردەمی گۆڕانکــاری خێــرادا دەژیــن. بــەڵام مــن یەکــەمین کــەس نــیم کــەزاراوەی "جیهانێکی لێکترازاو "م بەکار هێنابێ تەنانەت یەکەمین کەسی نێوان بەشدارانی موحازەرەکانی ریث–یش نیم کەئەم دارشتنە بەکار دێنێ. ئەو فرێزەناونیشــانی ئــەو زنجیــرە موحازەرانــەی ئــەنترۆ پۆلۆجیســتی



بەناو بانگ (ئیدمۆند لیش) (Edmond leach) بوو کە نزیکەی یەك چارەکە سەدە بەر لەئێستا پێشکەشی کردن.بەڵام ئەو نیشانەیەکی پرسیاری دەخستە پێش موحازەرەکانیەوە, کە پێم وایە ئێمە ئێستا پێویستمان پێی نییە.

لیش موحازەرەکانی خۆی لە ناوجەرگەی بینای ئێزگە لە لەندەن تۆمار کردو، سەرجەمی ئەوانەی بەشداربون لەو نەریتە دا تا ئەم دواییانــە هــەر وایــان کــرد. زنجــیرە موحازەرەکــانی مێژوونووســی پسپۆری بواری جەنگ جۆن کیگن John Kegan لەساڵی1998دا ئــەم نەریتــەی بەزانــد بــەوەی راســتەو خــۆ قســەی بــۆ ژمارەیــەك لــە گوێگرانی بانگێشت کراو دەکردو, دوا بەدوای هەر موحازەرەیەکیش بازنەیەکی پرسیارو وەڵام هەبوو. محازەرەکانی منیش هەمان شێوەی بەخۆوە گرت، بەڵام بووە مایەی سەر پێچییەکی تازەش, چونکە یەکەمین کۆمەڵە موحازەرەبون لەچەندین دەوڵەتدا پێشکەش دەکران. لەکاتێکدا یەکەمینو دوا موحازەرە– بەجیهانیبوونو دیموکراسی– لە لەندەندا پێشکەش کران، بەڵام ئەوانەی پەیوەندیان بەسەر کێشی, نەریتەکانو خێزانەوە هەبوو لە هۆنگ کۆنگ و دەلهیو واشنتن دی. ســی.دا تۆمــار کــران. هــەر موحازەرەیــەکیش بەدەنگــەوە هــاتنی بەرچاوی لەلایەن گوێگرانیەوە هەبوو. دەشمەوێ لێرە دا سوپاسی هەموو بەشدارانی ئەو موناقەشانە بکەم.

هەروەها دەمەوێ سوپاسی ئەو کەسانە بکەم کە لەرێگای تۆری ئینتەرنێتەوە بەشداری دایالۆگەکان بوون, دەربارەی ئەم موحازەرانە. ئــەوەی هەوڵماندابیکــەین بریتیبــوو لەدامەزرانــدنی دایــالۆگێکی ئــەلکترۆنی گــەردونی ســەبارەت بــەجیهانی بــوون. ژمارەیــەکی زۆری

www.pertwk.com

خەڵکیش لەهەموو وڵاتانی جیهانەوە سەرنج و رەخنەیان بۆ ناردین. هیوادارم لەوەم خۆش بن کەناتوانم وەڵامی تێکرای ئەو خاڵ و پرسیارانە بدەمەوە کە هەر یەکێکیان بەسیفەتی شەخسی وروژاندونی. هەروەها قەرزێکی گەورەی خەڵکانێکمان لەسەرە کە بەشێوەیەکی رێکو پێک تر بەشداریان لەپێش کەوتنی ئەم موحازەرانەدا کردو ، ئەمەش هۆی هەموو ئەو سەر کەوتنەیە کە ئەم موحازەرانە وە دەستیان هێنا. دەشمەوێ رێك ناوی (جیمس بۆیل)ی چاودێری ویستگەی رادیۆ (4) (سێر کریستۆفەر بلاند)ی سەرۆکی ئەنجومەنی بەرێوەبەری ئێزگەی بەریتانیاو، (جۆینث ولیەم)ی بەرهەمهێنەری موحازەرەکان و, چارلز سیگلەر و سمیتا باتل و گاری وێزبی و مارك بایفۆرد و مارك دامازەرو شێلاکۆك و ئەندامانی دیکەی کاستی ئێزگەی بەریتانیا بێنم لەگەڵ پێشکەش کارانی وێستگەی ئێزگەی بەریتانیا کە بەلێهاتو ییەوە ئەرکەکانیان بەئەنجام گەیاند، مێلڤن براگ و مات فری و برجێت کەندڵ لەگەڵ ئانا فۆرد کە بەچەندین شێوە یارمەتی داوم. لەکۆلیژی ئابووریی لەندەنیشدا دەمەوێ سوپاسی ئان دی سایراو دێنیس ئانێنت و ماریام کلاڕك بکەم کە بە لێهاتویی بێ وێنەوە رەشنوسەکەیان چاپکردو دیسانەوە چاپیان کردەوە جگە لە ئاماندا گودالٚ, ئەلیسۆن شیڤەرز, کریس فۆڵد, ڤیۆن هود جسن, بۆریس هۆلزەر, رێدمی سێمبسن. من بەتایبەتیش قەرزاری پێزانینم بۆ ئەلینا لیدنفا بەهۆی

ئامۆژگاری و پشتگیری کردنیەوە. دێڤد هێڵد-یش چاوی بەچەند کۆپییەکی ڕەشنوسەکەدا خشاندووەو چەندین سەرنجی وردی دەربڕیوە.

جیهانێکی لێکترازاو

ئەنتۆنی گیدنز

حوزەیرانی-1999

www.pertwk.com

# پێشەکی



"جیهان لەکاتێکدا کە لەکۆتایی خۆی نزیك دەبێتەوە. پەلەپرۆزێی پێوە دیارە". ئەمە ئەو وشانەن کە سەرۆکی قەشەکانی وێلڤرسان لەوەعزێکدا بەکاری هێنان کە لەشاری نیۆیۆرك لەساڵی 1014 ی زاینیدا پێشکەشی کرد. ئاسانیشە ئەوە بێنینە پێش چاو کەئەو هەستانە لەم سەردەمەشدا دەردەبڕدرێن. ئایا هیواو وەسوەسە تایبەتەکانی هەر سەردەمێك کۆپییەکی دەقاو دەقی ئەوانەی سەردەمەکانی پێشووە؟ ئایا بەڕاستی ئەو جیهانەی ئەمڕۆ، لەکۆتایی سەدەی بیستەم، تێیدا دەژین، جیاوازە لەجیهانی سەردەمە بەسەر چووەکانی پێشوو؟

لەڕاستیدا مەسەلەکە بەو شێوەیەیەو،چەندین هۆی بابەتیش هەن ناچارمان دەکەن وابزانین کەئێمە لەسەردەمی وەرچەرخانی مێژوویی سەرەکیدا دەژین. جگە لەمەش، ئەو گۆڕانانەی کارمان تێدەکەن، تەنها ناوچەیەکی دیاری کراوی جیهان ناگرنەوە، بەڵکو تاڕادەیەك، بەهەموو جیهاندا بڵاوبوونەتەوە.



ئەم سەردەمەمان، لەژێر کاریگەری زانست و تەکنەلۆژی و فکری ڕێ نیشاندەر، کە ڕەگ و ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوروپا لەهەردوو سەدەی حەڤدەیەم و هەژدەیەمدا، پێشکەوتووە. ڕۆشنبیری پیشەسازی ڕۆژئاوا بەهۆی سەردەمی ڕوناکبینیو لەڕێگای چەند بیریارێکەوە کە کاریگەری ئاین ودۆگمایان ڕەتکردەوەو ئومێدی ئەوەیان هەبوو کەبەئاڕاستەیەکی فکری بەتواناتر بۆ گەیشتن بەژیانی فیعلی بیان گۆڕنەوە.

فەیلەسوفەکانی سەدەی ڕوناکبینی لەدیدێکی ئاسانەوە دەستیان پێکرد، بەڵام دیارە کەئێجگار بەهێزیش بوو. بڕوایان بەو بۆچوونە هەبوو کەهەرچەندە بەشێوەی وردتر لەخۆمان و جیهان بگەین، باشتر دەتوانین مێژوو بەو ئاڕاستەیە بەرین کە خزمەتی مەبەستەکانمان بکات. بۆیە دەبێت خۆمان لەخوو و لایەنگیرییەکانی ڕابردوو ڕزگار بکەین تا بتوانین بەسەر داهاتودا زاڵ بین.

کارل مارکس، کەلەبەشێکی گەورەی بۆچوونەکانیدا قەرزاری فەیلەسوفەکانی سەردەمی ڕووناکبینییە، ئەم بیرۆکەیەی زۆر بەساکاری دارشت. پیی وابوو کەدەبێ لەمێژوو بگەین بۆ ئەوەی مێژوو دروست بکەین. لەژێر ڕۆشنایی ئەم بیرۆکەیەشدا مارکس و مارکسیزم کاریگەرییەکی گەورەیان کردە سەر سەدەی بیستەم.

بەپێی ئەم بۆچوونەش، جیهان بەهۆی پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژییەوە نەگۆڕترو ڕێك و پێکتر دەبێ.

بەشێکی زۆری بیریارانەش کە لەگەڵ مارکسدا نەبوون ئەم بیرۆکەیەیان بەلاوە پەسەند بوو. ((جۆرج ئۆروێڵ))ی ڕۆماننووس، بۆ نمونە، بۆ ئەوە چوو کەکۆمەڵگەیەك بێتە ئاراوە تا ئەو ڕادەیە نەگۆڕبێ کەبتوانرێ پێشبینی ڕێڕەوی بکرێت بەشێوەیەك کەهەموان تێیدا

www.pertwk.com

ببنە وردە پارچەوبەشی ئامێرێکی کۆمەڵایەتی–ئابووریی زەبەلاح. مەسەلەکە هەر بەو شێوەیەش بوو لای چەند بیریارێکی کۆمەڵایەتی وەکو زانای کۆمەڵناسی بەناوبانگی ئەڵمانیا ماکس ڤیبەر. **کەچی ئەو جیهانەی ئەمڕۆ تێیدا دەژین, وامان بۆ دەرناکەوێ یان واهەست ناکەین بەو شێوەیە بێ کەئەو بیریارانە پێشبینیان کرد, چونکە لەبری ئەوەی بیگرین و زیاتر بیخەینە ژێر دەسەڵاتمانەوە, کەچی پێ دەچی نەتوانرێ جڵەوی بگیرێ: چونکە جیهانێکی ترازاوە.**

جگە لەوەش, هێندێ لەو کاریگەرییانەی دەبوو ژیان بکاتە مایەی دڵنیایی توانای پێشبینی کردنی زیاتر لەلایەن ئێمەوە, بەپێشکەوتنی زانستو تەکنەلۆژیشەوە, بەگشتی بەپێچەوانە دەرچوو. گۆڕانکارییە گەردوونییەکانی کەشو هەواو ئەو مەترسیانەی لەگەڵیدا ڕوویاندا, ڕەنگە لەئەنجامی دەست وەردانمان لەژینگەوە هەڵقوولابن. سەرەڕای ئەوەش کە زانستو تەکنەلۆژی, لەبواری هەوڵمان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم مەترسیانە, بەو ڕادەیە پێویستن کە ناتوانین دەستبەرداریان ببین, بەڵام هەر خۆشیان, لەپلەی یەکەمدا بەشدار بوون لەدروستکردنی ئەم مەترسیانەدا.

لەڕاستیدا ئێمە ڕووبەڕووی مەترسیگەلێکی ئەوتۆ دەبینەوە– کەبەرزبوونەوەی پلەی گەرمای گەردوونی یەکێکیانە – کەبڕیار نەبووە پێشتر لەمێژووی مرۆڤایەتیدا کەسێك ڕووبەڕووی ببێتەوە. زۆر لەو مەترسیو نەبوونی دڵنیاییە تازانە, لەهەر کوێیەك ببین و بەچاوپۆشین لەو توانایانەی هەمانە یان لێی بێ بەشین, کارمان تێدەکەن. ئەو مەترسیانەش بەستراونەتەوە بە بەجیهانیبوونەوە, کەئاماژە دەکەن بۆ ئەوکۆمەڵەگۆڕنکارییانەی کەبابەتەکانی ئەم کتێبە



پێك دەهێنن. پاراگرافی نوێ زانستو تەکنەلۆژیش چوونەتە ژێر ڕکێفی بەجیهانی بوونەوە. هەروەها ژمارەی ئەو زانایانەی ئەمڕۆ لەجیهاندا کار دەکەن, وادەخەملێنرێ کەلەژمارەی تێکڕای ئەوانە زیاتر بێت کەزانست, بەدرێژایی مێژووی خۆی, ناسیونی. بەڵام بەجیهان بوونی دوورایی دیکەشی هەیە. بەبەردەوامی شێوەی دیکەی مەترسیو نەبوونی دڵنیایی دێنێتە نێو گۆڕەپانەوە, بەتایبەت لەوانەی بەئابووری ئەلیکترۆنی گەردوونییەوە بەستراونەتەوە, کەلەواقیعدا بەگۆڕانی زۆر تازە دادەنرێن. هەر بەو شێوەیەش کەلەزانستدا بەدی دەکرێت مەترسییەکانیش چەکێکن هەردوولایان تیژە ئەو مەترسییانە بەتوندی بەتازەگەرییەوە پەیوەستنو, نابێ هەمیشە کاریگەرییان کەم بکرێتەوە, چونکە پاڵپشتی پۆزەتیڤی مەترسییەکانی بواری داراییو وەبەرهێنان (الاستثمار) , کاکڵەو کرۆکی هێزی بزوێنەری بەجیهانی بوونی ئابوورین.

پرسیار سەبارەت بەڕازی بەجیهانی بوونو, ئایا دیاردەیەکی بەتەواوی تازەیە چەقی دیالۆگی چڕووپڕە. لەیەکەمین بەشدا لەم دایەلۆگە دەکۆڵمەوە, چونکە زۆربەی ئەوەی پاش ئەمە دێت پشت بەم جۆرە لێکۆڵینەوەیە دەبەستێ. بەڵام پێ دەچێ واقیعی لە هەلوو مەرجەکە زۆر ڕوون بێت. **بەجیهانی بوون پەیکەری شێوازەکانی ژیانمان بەشێوەیەکی ئێجگار کاریگەری دادەڕێژێتەوەو, ڕۆژئاوا بەجیهانی بوون دەبات بەڕێوە. ئەمەش شوێن پەنجەی ئەوتۆی پێوە دیارە کەهێزی سیاسیو ئابووری ئەمەریکای تێدا ڕەنگ دەداتەوە ئاسەوارەکانیشی تاڕادەیەکی زۆر گەورە ناهاوتان. بەڵام بەجیهانی بوون تەنها بریتی نییە لەهەژموونی ڕۆژئاوا بەسەر**

www.pertwk.com

**وڵاتانی دیکەدا، بەڵکو بەوشێوەیەی کار دەکاتە سەر وڵاتانی دیکە کاریش دەکاتە سەر ویلایەتە یەکگرتووەکان.**

سەدەی بیست و یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەیەك بەخۆوە دەبینێ لەنێوان ڕیشەخوازی (الاصولیه)[1] و لێکخۆشبوونی کۆزمۆپۆلیتی[2]. لەجیهانێکیشدا کەبەجیهانی دەبێت.. کەزانیاری و خەیاڵی نوێ بەهەموو جیهاندا بەشێوەیەکی ڕێکو پێك پەخش دەبێت ، ئەوا ئێمە تێکڕا لەحاڵەتی پەیوەندی داین لەگەڵ خەڵکانێك بەشێوەیەکی جیاواز بیردەکەنەوەو بەشێوەیەکی جیاواز دەژین لەوەی ئێمە بیری پێ دەکەینەوەو دەژین.

خاوەن بۆچوونە کۆزمۆپۆلیتییەکان پێشوازی لەم ڕۆشنبیرییە دەکەن و هانی دەدەن، کەڕیشە خوازەکان بەترسناك و مایەی دوودڵی دەزانن و، چ لەبواری ئاین و ناسنامەی ڕەگەزایەتی و نەتەوایەتیدا بێ، خۆیان بەعەبای نەریتی سەرلەنوێ بوژاوەی نائالوودەدا دەپارێزن و، لەزۆر حاڵەتیشدا ئەمە بەبەرگی توندوتیژی دادەپۆشرێ.

ڕەواو بەجێیە هیوادار بین کەبۆچوونی گەردوونی سەربکەوێ. لێکخۆشبوون بەتوندی بەفرە سەرچاوەیی[1] ڕۆشنبیری و

---

[1] ریشەخوازی: بەرانبەر بەوشەی ( Fundamentalism )و وشەی عەرەبی ( الاصولیه) بەکارم هێناوە. نوسەر لەبەشی ( نەریتەکاندا ) باسی لەمەست لەو وشەیەکردووە لەشوێنانی دیکەدا وشەی( ئوسوڵیەت )م بەکار هێناوە پێم وایە دەکرێ ئەو وشەیە بەکار بهێنین. رای نووسەران لەبارەی ئەمەوە بەپێویست دەزانم. (و.ك)

[2] کۆزمۆپۆلیتی cosmoplitian ئاراستەی جیهانیی خۆ رزگار کردوە لەهەمو دەمارگیرییە رەگەزی و مەزهەبەی و ئایینییەکان. (و.ك)

[1] وەرگێری عەرەبی فرێزی ( التعقید الثقافي ) ی بەکار هێناوە کە، ئەگەر دەقاو دەق بکرێتە کوردی دەبێ بڵێین ( ئاڵۆزی رۆشنبیری ). ئەمەش ئاڵۆزییەك لەبواری تێگەیشتندا دروست دەکات. مەبەستی نووسەر ئاشکرایەو بریتیە لەئاماژە کردن بۆ شێوازی جۆر بەجۆری بیر کردنەوەو ژیان.بۆیە من ( هەمەسەرچاوەیی رۆشنبیری )م بە پەسەند زانی. (و.ك)



دیموکراسییەوە پەیوەندیدارە، ئەمەش وائێستا خەریکە جیهان ڕادەماڵێ. بەجیهانی بوون هۆکاری ئەم ڕاماڵینە دیموکراسییەیە. لەهەمان کاتیشداو، بەپێچەوانەی ئەوەی باسکرا، سنووری بنیادە دیموکراسییەکان و کەم و کوڕیە هەرە باوەکانیشیان دەخاتەڕوو، بەتایبەت سنورەکانی بنیادە دیموکراسییە پەرلەمانییەکان. ئێمە پێویستە چوارچێوەی دیموکراسی سیستەمەکانی ئەم سەردەمە بەرفراوان بکەینەوەو، ئەمەش بەپێی پێداویستییەکانی سەردەمی بەجیهانی بوون ئەنجام بدەین. ڕەنگە هەرگیز نەتوانین مێژوومان کۆنترۆڵ بکەین، بەڵام پێویستە چەند شێوازێکی ئەوتۆ بدۆزینەوە کەببنە مایەی ئەوەی جیهانی ترازاومان لەسەر پێی خۆی بووەستێ.

www.pertwk.com

# بەجیهانیبوون



یەکێك لەکچە هاوڕێکانم لەژیانی لادێیی ناوەراستی ئەفریقیا دەکۆڵێتەوە. چەند ساڵێك پێش ئێستا, بەمەبەستی لێکۆڵینەوەی مەیدانی دیدەنی ناو چەیەکی گۆشە گیری کرد. لەرۆژی گەیشتنی بانگێشتنامەیەکی وەرگرت بۆ ئەوەی شەوێکیان لەگەڵدا بەسەربەرێ..



ئەو پێی وابوو بەو مەبەستەیە کەئاشنای نەریتە جێگیرەکانی ئەم کۆمەڵە ناوخۆییە گۆشە گیەرە بێت. بەلاّم لەبری ئەوە ئەو بۆنەیە بووە مایەی فیلمی ((غەریزەیەکی بناغەیی)) بەئامێری ڤیدیۆ ئەو فیلمە لەوکاتەدا هێشتا لەسینماکانی لەندەندا پیشان نەدرابو.

ئەم جۆرە روداوانەلەشتێکی ئەم جیهانەمان ئاگادارمان دەکەنەوە. ئەوەش کەلێی ئاگادار دەکرێینەوە لەشتە لاوەکییەکان نییە. مەسەلەکە تەنها بریتی نییە لەوەی خەڵکی کۆمەڵە ئامێرێکی تازە– ئامێری ڤیدیۆ و تەلەفزیۆن و کۆمپیوتەری تایبەتی یان هێناوەتە شێوازی ژیانیان, بەڵکو ئێمە لەجیهانێکی گۆڕاو دا دەژین کە تا رادەیەك کار دەکاتە سەر هەموو لایەنەکانی ژیانمان. بەچاو پۆشین لەوەش ئایا ئەمە بەرەو باشترە یان خراپترە ئەوا ئێمە بەرەو تێکەڵ بوونی سستمێکی گەردوونی ئەوتۆ دەبرێین کەهیچ یەکێکمان بەتەواوی لێی تیٚناگات, کەچی هەمووشمان هەست بەکاریگەریی لەسەرمان دەکەین. رەنگە وشەی بەجیهانیبون وشەیەکی دڵگیرو قنج نەبێ. بەلاّم هەر کەسێك بییەوێ لە پاشەرۆژی چاوەروانکراوی کۆتایی سەدە[1] بگات, ناتوانێ پشت گوێی بخات. سەرەرای زۆری گەشت و گوزاریشم , لەم دووایيانەدا پێم نەخستۆتە هیچ ولاّتێکەوە لێکۆلینەوەی ئێجگار گەرمی سەبارەت بە بەجیهانی بوون تێدا نەبێت. لەفەرەنسا وشەی mondialisation بەکار دەهێنرێ و لەئیسپانیاو ئەمەریکا (globlizacion)ەو، لەئەڵمانیاش دەڵێن:Globalizerung.

ئەم بلاّوبونەوە جیهانییەیی زاراوەکە شایەتێکی روونی ئەو گۆرانکارییانەیە کە ئاماژەیان بۆ دەکات. هیچ گوتارێکی سیاسی

[1] نووسەر لەساڵی 1999دا ئەم بابەتەی ئامادە کردووە بەچاپی گەیاندووە. بۆیە مەبەستی کۆتایی سەدەی بیستەمە (و.ك).

تەواو لەئارادا نییە ئاماژەی بۆ نەکرێت. ئەمە سەرەڕای ئەوەی زاراوەکە تا کۆتایی هەشتا کان، تا رادەیەك هەر بەکار نەدەهێنرا چ لەئەدیبانی ئەکادیمی و چ لەزمانی ژیانی رۆژانەشدا. زاراوەکە لەنەناسراوییەوە گۆێزرایەوە بۆ چیایەك ئاگرێکی ئەوتۆی بەسەرەوەیە کەلەهەمو شوێنێکدا رووناکی پەخش دەکات.

بەرەچاو کردنی ئەم بڵاوبونەوە کتو پڕەی زاراوەکە، نابێ سەرسام بین لەوەی مەعنای زاراوە کە بەبەر دەوامی روون نییە، یان ئاراستەی فکری پێچەوانەی هەیە. لە راستیدا بەجیهانیبون پەیوەندی بەو تێزەوە هەیە کە دەڵێ ئێمە هەمومان ئەمرۆ لەیەك جیهاندا دەژین–بەڵام رێك بە چ مەعنایەك ئەو فرێزە راستە؟ کۆمەڵە بیریارێکی جیاواز کۆمەڵە بۆچونێکی بەتەواوی جیاوازیان سەبارەت بەبەجیهانیبون دەربڕی لەمیانی ئەو گفتوگۆیانەی لەچەند ساڵی رابردوودا لەم بارەیەوە کران. هێندێکیش لەسەرجەمی ئەم مەسەلەیەدا مل نادەن و، ئەمانەش پێیان دەگوترێ "گومانکاران".

بەپێی بۆچونی گومانکاران، تێکرای قسەو باسەکان سەبارت بەبەجیهانیبوون لەهەرزە گوێی بەو لاوە هیچی دیکە نیەو، سودو ئاسەوارو ئەو دەردەسەرییانەش کەلێی دەکەونەوە هەرچییەك بن، ئەوا ئابووری جیهان بەهیچ رادەیەك جیاوازی نییە لەوەی سەردەمانی پێشودا هەبوو. جیهان تا رادەیەکیزۆر هەر بەو شێوازە کار دەکات کە بەدرێژایی ساڵانی رابوردوو دیمان.



گومانکاران دەگەنە ئەوەی بڵێن زۆربەی وڵاتان ڕێژەیەکی بچوکی داهاتەکانیان لەرێگای بازر گانی دەرەوە وەدەست دەهێنن، جگە لەمەش بەشێکی زۆری دانوستانی ئابووری لەنێوان چەند ناو



چەیەکی دیاریکراودا دەکرێ، لەبری ئەوەی بەراستی جیهانی بێت. دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا، بۆ نمونە، لەزۆربەی حاڵەتەکاندا سەودای بازرگانییان لەنێوان خۆیاندایە. هەمان شت بەنیسبەت بلۆکە بازرگانییەکانی دیکەی وەکو بلۆکی ئاسیایی–باسیفیکی و باکوری ئەمریکاوە راستە.

خەڵکانێکی دیکە هەڵوێستێکی بەتەواوی جیاوازیان هەیە، ئەوانەش ناوی توند رەوان–رادیکاڵەکان–یان لێنرا. ئەمانە دەڵێن بەجیهانی بون تەنها واقیعێکی بەرچاو نییە، بەڵکو دەکرێ لەهەموو شوێنێکدا هەست بەرەنگدانەوەکانیشی بکرێ. پێشیان وایە کە بازاری جیهان ئێستا لەوەی ساڵانی شەستەکان و حەفتاکان پێشکەوتوترەو گوێ بەسنووری نێودەوڵەتی نادات. دەوڵەتە نەتەوایەتیەکان ئەوسەروەرییەیان لەدەست دا، کەرۆژ گارێك هەیانبوو، هەروەها سیاسییە کان زۆربەی توانای کاریگەرییان لەسەر روداوکان لەدەست دا. سەیریش نییە کە ئێستا چیدی کەس رێزی سیاسییەکان ناگرێ، یان زۆر گوێ بەقسەکانیان نادات سەردەمی دەوڵەتی–نەتەوایەتی بەسەرچوو. دەوڵەتی نەتەوایەتی وەکو نوسەری ژاپۆنیی پسپۆڕ لەبواری کار (بزنس)دا کنیشی ئۆهمەی Keniehi ohmae دەڵێ: تەنها بۆتە خەیاڵ. چەند نووسەرێکی وەکو ئۆهمەی پێیان وایە کەکێشە ئابورییەکانی هاوچەشنی قەیرانی ئابووری ئاسیایی ساڵی 1998 بەڵگەیەکی واقیعیەتی بەجیهانی بوونە، هەڵبەتە لە روانگەیوە کەلایەنە نەگۆڕەکانی کارو بارەکان لەق دەکات.

www.pertwk.com

گومانکاران بەلای ئەوەدا دەشکێنەوە کەسەر بەچەپی سیاسیبن, بەتایبەت چەپی کۆن. چونکە ئەگەر هەموو ئەوەی ڕوودەدات لەجەوهەردا هەر خورافە بێت, ئەوا حکوومەتەکان دەتوانن هەر بەوشێوەیە بمێننەوە کەژیانی ئابووری کۆنترۆڵ بکەن, هەروەها دەوڵەتی خۆشگوزەرانیش دەتوانێ یەککگرتوویی خۆی بپارێزێ. بەپێی گومانکاران بیرۆکەی بەجیهانی بوون تەنها ئایدۆلۆژییەکە لایەنگرانی بازاڕی ئازاد, ئەوانەی هیوادارن سستمی خۆشگوزەرانی هەڵبوەشێننەوەو خەرجی حکومەت کەم بکەنەوە, بەرهەمیان هێناوە. کەواتە ئەوەی ڕوو دەدات, لەباشترین حاڵەتدا، تەنها پێداچوونەوەیەکی ئەو هەلومەرجەیە کەسەدەیەك پێش ئێستا هەبوو. لەهاتنی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمیشدا ئابوورییەکی جیهانی کراوەی ئەوتۆ هەبوو کەتاڕادەیەکی زۆر بازرگانی تێدا باو بوو, بەبازرگانی دراو ( العملة )یشەوە.

کەواتە لەم دایالۆگەدا کێ لەسەر هەقە؟ پێم وایە ڕاستی بەلای ڕادیکاڵەکانەوەیە. قەبارەی بازرگانیی ئەمڕۆ گەلێك زیاترە لەهی هەرکاتێکی ڕابوردوو, ژمارەیەکی زۆر گەورەتری شمەك و خزمەتەکانیشی تێدایە. بەڵام ڕووی جیاوازیی گەورەتر لەقەبارەی هەڵقولانی سەرمایەو سەرمایە گوزارییە. ئابووری جیهانی بەئاڕاستە بوونی بەرەو دراوی ئەلیکترۆنی—ئەو دراوە کەتەنها بەشێوەی ژمارە لەکۆمپیوتەردا بەدی دەکرێ—لەهیچ سەردەمێکی پێشوودا نموونەی نییە.

لەم ئابوورییە ئەلیکترۆنییە جیهانییە تازەیەدا, بەڕێوەبەرانی سندوق و بانك و کۆمپانیاکان و ملیۆنان کەسیش دەتوانن تەنها بەپەنجە خستنە سەر دوگمەیەکی کۆمپیوتەر سەرمایەیەکی ئێجگار





گەورە لەگۆشەیەکی ئەم جیهانەوە بۆ گۆشەیەکی دیکە بگوازنەوە، کەئەمەش دەکەن دەتوانن باری ئارامی ئابووریگەلێکی جێگیری ئەوتۆ لەق بکەن کەجێگیرییان لەجێگیریی چیاکان دەچێ, وەکو ئەوەی لەحاڵەتی ئاسیاییدا ڕوویدا.

قەبارەی ئاڵوگۆڕی دارایی بەشێوەیەکی ئاسایی بەدۆلاری ئەمەریکی دەپێورێ و, بڕی ملیۆن دۆلار بڕێکی گەورەی پارەیە بۆ زۆربەی خەڵك. ئەگەر ملیۆن دۆلار لەئەسکەناسی سەد دۆلاری بخەیتە سەریەك, ئەوا بەرزیی ئەم کاغەزانە دەگاتە هەشت ئینج.[1] بەڵام ملیار دۆلار—واتە هەزار ملیۆن دۆلار— ئەوا بەرزاییەکەی دەگاتە بەرزایی کاتدرائی سانت پۆل. بەرزایی یەك تریلیۆن دۆلار —ملیۆن ملیۆن دۆلار— ئەوا پتر لەسەدو بیست میلە[2], واتە نزیکەی بیست جار بەقەد بەرزایی لوتکەی چیایی ئێڤەرست[3].

لەگەڵ ئەمەشدا, ڕۆژانە ئاڵوگۆڕ بەبڕێکی زۆر زیاتر لەیەك تریلیۆن دۆلار لەبازاڕەکانی دراوی جیهانیدا دەکرێ. ئەمەش بەبەراورد لەگەڵ ئەو ئاڵوگۆڕەی لەکۆتایی هەشتاکاندا هەبوو بەشێوەیەکی سەیر زیاترە, ئەمە ئەگەر لەڕابوردووی دوورتر نەدوێین. نرخی ئەوپارەیەی لەباخەڵماندا هەڵی دەگرین لەحیسابە بانکییەکانماندا دەیپارێزین چرکە بەچرکە بەپێی گۆڕانکارییەکانی ئەم بازاڕانە دەگۆڕێ.

**بۆیە هیچ دوودڵ نیم لەوەی بڵێم کەئەو بەجیهانی بوونەی تاقی دەکەینەوە نەك تەنها تازەیە لەزۆر لایەنەوە, بەڵکو شۆڕشگێڕانەشە.**

[1] ئینج یەکسانە بە دوو سانتیمەترو نیو. (و.ع)

[2] درێژی هەر میلێك 1610 هەزارو شەش سەدو دە مەترە. (و.ع)

[3] بەرزیی چیایی ئێڤەرست لەئاستی دەریاوە هەشت هەزارو هەشت سەدو چڵو هەشت مەترە. (و.ع)

بەلاّم وانازانم هەریەك لەگومانكاران و ڕادیكالّەكان بەشێوەیەكی گونجاو لەبەجیهانی بوون و ڕەنگ دانەوەی لای ئێمە تێگەیشتبێ. هەردوو گروپ تەنها لەلایەنە ئابوورییەكانیەوە دەڕواننە ئەم دیاردەیەو، ئەمەش هەڵەیە. بەجیهانی بوون دیاردەیەكی سیاسیو تەكنەلۆژیو ئابووریو ڕۆشنبیریە، شان بەشانی ئەوەی دیاردەیەكی ئابوورییەو، پێش هەموو شتێك لەژێر كاریگەریی سستەمەكانی پەیوەندییەكانە كەبۆ كۆتاییەكانی شەستەكان دەگەڕێتەوە.

لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمدا وێنەكێشێكی ویلایەتی ماسۆچۆستس- سامۆییل مۆریس- یەكەمین نامەی تەلەگرافی نارد ((خوا چی نووسی؟)). بەم كارەش سەرەتای قۆناغێكی تازەی مێژووی جیهانی ڕاگەیاند. پێش ئەو كاتە هەرگیز نەدەتوانرا نامەیەك بنێردرێت بێ ئەوەی كەسێك هەبێت بڕوات بۆ ئەو شوێنەی نامەكەی بۆ دەنێرریێ. لەگەڵ ئەوەشدا داهاتنی سەردەمی پەیوەندییەكان لەڕێگای مانگە دەستكردەكانەوە هەموو چركەیەك دابڕانێكی دراماتیكی لەگەڵ ڕابوردوودا ڕادەگەیەنێ. یەكەمین مانگی دەستكردی بازرگانی لەساڵی 1969 بەرەوو ئاسمان نێردرا. وا ئێستا پتر لەدووسەد مانگی دەستكرد بەئاسمانەوەیەو هەریەكە بڕێكی یەكجار زۆر زانیاری هەڵدەگرێ.

چەند شێوەیەكی دیكەی پەیوەندی ئەلكتۆرنی پەیوەندیدار بەپەخش لەڕێگای مانگی دەستكردەوە هەیە، كەلەچەند ساڵی ڕابوردوودا، یەكەمین كێبڵ وزەكەی نەدەگەیشتە سەد كەناڵی ((ممر)) ی تیشك. بەلاّم ئەو كێبلاّنەی ئەمڕۆ ناسراون، ئەوا هەریەكەیان پتر لەیەك ملیۆن كەناڵی تیشك هەڵدەگرن.





لە1/ شوباتی/ 1999و، پاش نزیكەی سەدوپەنجا ساڵ لەداهێنانی خاڵو هێڵە تەلەگرافییەكان لەلایەن مۆریسەوە، لەم دواییانەدا سستمی جفرەی مۆریس لەسەر شانۆی جیهانی ون بووو، وەكو شێوازێكی پەیوەندی دەریایی لابراو، سستمێكی دیكە خرایە شوێنی كە تەكنۆلۆژی مانگە دەستكردەكان بەكاردێنێ، كەدەتوانێ لەچركەی پێویستدا شوێنی هەركەشتییەك دیاری بكات كەڕووبەڕووی هەڵوێستێكی نالەبار دەبێتەوە. زۆربەی وڵاتان خۆیان ماوەیەك بەرلەئێستا بۆ ئەم گۆڕانكارییە ئامادە كردووە لەماوەیەك پێش ئێستاوە. فەرەنسییەكان بۆ نمونە، لەساڵی 1997ەوە دەستیان لەبەكاهێنانی جفرەی مۆریس لەئاوە هەرێمییەكانیاندا هەڵگرتووەو، جفرەی جێگۆڕگێ پێكراو "بانگەوازی جالیك" ە: "هەموان بانگ دەكەم، ئەمە دوا هاوارمانە پێش ئەوەی هەتاهەتاییە بێ دەنگ بین".

پەیوەندی ئەلیكترۆنیی دەستبەجێ تەنها شێوازێكی خێراتری هەواڵو زانیاری نییە. بوونی ئەو، جەوهەری پێكهاتەی ژیانمان، بەدەوڵەمەندو هەژارەوە وەكو یەك دەگۆڕێ. لەكاتێكدا ڕووخساری نیلسن ماندێلا -مان بەلاوە لەڕووخساری دراوسێكەمان ئاشناتر بێت، ئەوا دەبێ شتێكی سروشتی شارەزایی ڕۆژانەمان گۆڕابێ.

نیلسن ماندێلا بەیەكێك لەبەناوبانگەكانی جیهانی دادەنرێ، ناوبانگیش لەخۆیدا تاڕادەیەكی زۆر بەرهەمی تەكنۆلۆژی تازەی پەیوەندییەكانە. لەگەڵ هەرتازە كردنەوەیەكدا توانای تەكنۆلۆژی ڕاگەیاندن بۆ گواستنەوەی ڕووداوەكان زیاتر دەبێ. ڕادیۆ چل ساڵی خایاند تاژمارەی گوێ گرانی لەویلایەتە یەكگرتووەكاندا گەیشتە پەنجا ملیۆن ، كەچی ئەو ژمارەی دانیشتوان پاش پازدە ساڵ لە دابەزاندنی بۆ بازاڕ ، كۆمپیوتەری تایبەتی-شخصی -یان بەكار

www.pertwk.com

دەهێنا. ئینتەرنێت –یش تەنها چوار ساڵی ویست پاش دابەزاندنی بۆ بازاڕ, تاژمارەی ئەو ئەمەریکییانەی بەکاریان دەهێنا بگاتە پەنجا ملیۆن.

جگە لەمەش, بەجیهانی بوون دەبێتە مایەی گۆڕانکاری کەرتەکان و, ناوچەی ئابووریو ڕۆشنبیریی لابەلا لەناو دەوڵەتە نەتەوەییەکان و لەڕێگەیانەوە دروست دەکات. هەرێمی هۆنگ کۆنگ وباکوری ئیتالیاودۆڵی سلیکۆن لەکالیفۆرنیا نمونەی ئەوەن. یا نمونەی هەرێمی بەرشەلۆنە وەربگرە. ناوچەی دەورو بەری بەرشەلۆنە لەباکوری ئیسپانیا بۆ ناو فەرەنسا درێژ دەبێتەوە. هەروەها کاتاتۆلۆنیا, کەشاری بەرشەلۆنەی دەکەوێتەسەر بەتوندی لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا یەکدی تەواو دەکەن و, لەگەڵ ئەوەی بەشێکی ئیسپانیایە, بەڵام سەربەخۆشە.

چەند هۆ کاریك هێزی پاڵپێوەنەری ئەم گۆرانکاریانەن. هێندێ لەو هۆکارانە ئۆرگانیو, هێندیکیان تایبەتو مێژوویین. بەدڵنیایشەوە هۆ کارە کاریگەرەئابوورییەکان– بەتایبەتی سستمی دارایی جیهان – یەکێکە لەو پاڵنەرانە، بەڵام وەکو هێزە سروشتییەکان نیە. ئەم هێزانە لەرێگەی تەکنۆلۆژیو بەر بلاّوی رۆشنبیرییەوە پێکهاتن، جگە لەو بڕیارە حکومییانەی پەیوەندییان بەرزگارکردنی ئابوورییە نەتەوایەتییەکان لەمەرکەزییەتو ئازاد کردنیانەوە هەبوو.

داڕوخانی کۆمۆنیزمی سۆڤێتی قورساییەکی دیکەی بەم گۆڕانکاڕییانە بەخشی, چونکە چیدی بلۆکی چەند دەوڵەتێکی دەرەوەی چوارچێوی بەجیهانیبوون لەئارادا نەما. ئەم داڕوخانە روداوێکی هەڕەمەکی نەبوو. بەجیهانی بوون ئەوە راڤە دەکات کە





چۆن و بۆ چی یەکێتی سۆڤێت گەیشتە ئەو ئاکامە. یەکێتی سۆڤێتو دەوڵەتانی ئەوروپای رۆژ هەلاّت تا نزیکەی سەرەتای حەفتاکان رێژەی گەشەسەندنیان هاوشانی ئەوەی رۆژ ئاوا بوو, بەڵام زۆری پێ نەچوو بەخێرایی, لەو کاتەوە بەرەو دواوە پاشە کشێی کرد.ئەو دامەزراوانەی دەوڵەت بەڕێوەی دەبردن و پیشەسازیی قورس لەپێشبڕکێی جیهاندا شکستیان خوارد. هەروەها ئەو هەژموونی ئایدیۆلۆژیورۆشنبیرییەی دەسەلاّتی سیاسیی کۆمۆنیزمیان لەسەر بنیاتنرا, نەیانتوانی لەسەردەمی راگەیاندنی گەردوونیدا بمێننەوە.

یەکێتی سۆڤێتو دەوڵەتانی بلۆکی رۆژهەلاّت توانای رێگا گرتنیان لەوەرگرتنی پەخشی رادیۆو تەلەفزیۆنەکانی رۆژئاوا نەبوو. تەلەفزیۆن رۆڵێکی گەورەی لە شۆڕشەکانی ساڵی 1989 دا هەبوو. کە پڕ بەپێستی خۆی ناوی "یەکەمین شۆڕشەکانی تەلەفزیۆن" یان لێنرا. خۆپیشاندانەکانیشەقامەکانی نێو ولاّتێکی دیاریکراو لەلایەن بینەرانی  تەلەفزیۆنی ولاّتی دیکەوە دەبینران و, ئەمەش بووە مایەی ئەوەی ژمارەیەکی زۆری ئەم بینەرانە لەشەقامەکاندا دەست بدەنە خۆ پیشاندان.

هەڵبەتە بەجیهانیبوون بەهاوتایی پێش ناکەوێتو, هەرگیز تەنها دەرەنجامی باشی نییە. بەنیسبەت زۆرێك لەوانەی لەدەرەوەی ئەوروپاو ویلایەتە یەکگرتووکاندا دەژین, تاڕادەی ناڕەحەتی, بەجیهانیبوون بەرۆژ ئاوایی بوون دەچێ, یاخود راستتر، بەئەمریکایی بوون, لەبەر ئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان تاقە زلهێزی خاوەن هەژمونی ئابووریو رۆشنبیریو سەربازیشە لەسستمی جیهانیدا. بەشێکی گەورەی ئەو ڕەمزانەی کەپتر تەعبیر لەبەجیهانی

www.pertwk.com

بوون دەكەن رەمزگەلێكی ئەمریكین-كۆكاكۆلا، ماكدۆنالدزو, سی.ئێن.ئێن.

هەروەها زۆربەی كۆمپانیا فرە نەتەوە زەبەلاحەكان بارەگایان لەویلایەتەیەكگرتووە كاندایەو, ئەوی واش نەكات, ئەوا تێكرای سەر بە دەوڵەتە دەوڵەمەندەكانن نەك ناوچە هەرە هەژارەكانی جیهان. بۆچوونی رەشبینانە بەو شێوەیە بەجیهانی بوون دەبینیٚ كەتا رادەیەكی بەر چاو تایبەتە بەدەوڵەتە پیشەسازییەكانی باكوور, چونكە كۆمەڵە گەشە سەندووە كانی باشور تەنها رۆڵێكی بچوكی تێدا دەگێڕن, یان هەر رۆڵیان نییە, هەروەها بەهۆكارێكی تێكشكاندنی رۆشنبیرییە ناوچەییەكانی دەزانیٚو, پێی وایە كە كار بۆ فراون كردنی نایەكسانی دەكاتو بێبەشان بیٚ بەشتر دەكات. بەجیهانی بوون وەكو كە سانێك وای بۆ دەچن, جیهانێك لەبراوەو دۆراوەكان دروست دەكات. چونكە ژمارەیەكی كەم رێگای دەوڵەمەند بوونی خێرا دەگرنەبەرو, چارە نوسی زۆرینەش ئەوەیە لەبێوەریو نەهامەتیدا بژین.

لەڕاستیدا ئامارەكان دەلالەتێكی ترسناكیان هەیە. دەسەندە (حصە)ی رێژەیی لەسەدا بیستی هەرە هەژاری دانیشتوانی جیهان, لەنیوان سالآنی 1998/1989 دا 2.3٪ی داهاتی جیهانییەوە دابەزی بۆ1.4٪ی ئەو داهاتەن كەچی دەسەنەی رێژەیی لەسەدا بیستی دەوڵەمەندترینانی جیهان, لەلایەكی ترەوە, بەرزبونەوەوە, لە ئەفریقیا باشوری بیابان, داهاتی تاك لەبیست دەوڵەتدا, بەبەراورد لەگەڵ هی كۆتایی حەفتەكان, دابەزی. لەزۆر ولآتی كەمتر پێشكەتوودا, هۆكارەكانی ئاسایشو سستەمەكانی ژینگەیان لاوازن, یان هەرنین.



كۆمپانیا فرە نەتەوەیەكانیش لەم ولآتانەدا كەلوپەلێكی زۆری ئەوتۆ دەفرۆشن كەیان قاچاخن, یان لەدەوڵەتە پیشەسازییەكاندا بەبیٚ سەر پەرشتی نافرۆشرێن, وكو جۆرە خراپەكانی دەرمانو دەرمانی مێش كوژو ئەو جۆرە جگەرانەی رێژەیەكی زۆری نیكۆتینو قەترانیان تێدایە. بۆیە لەبری قسە كردن لەسەر گوندێكی گەردونی، دەتوانین بڵێین پێدەچیٚ جیهان لەحاڵەتی تالآن كردنی گەردونیدابێت.

زیاتر بونی نا یەكسانی, لەپالٚ ئەو مەترسییە ژینگەییانەی پێوەی گرێدراون, بەترسناكترین كێشە دادەنرێت كەروبەڕوی كۆمەڵی نێو دەوڵەتی دەبێتەوە. لێرەدا, سەرەرای ئەوەش, ئەوە بەكەڵك نایە كەتەنها ئۆباڵە كە بخەینە ئەستۆی دەوڵەمەندانەوە.

یەكێك لەمەسەلە جەوهەرییە كان, بەبۆچوونی من, ئەو لافەیە كە بەجیهانی بوون تارادەیەك بە رۆژ ئاوایی بوون دادەنیٚ. هەڵبەتە دەوڵەتانی رۆژ ئاواو, بەشێوەیەكی گشتیش دەوڵەتە پیشەسازییەكان, تائێستا كاریگەری زیاتریان هەیە بەسەر كارو بارەكانی جیهان لەچاو ئەو دەوڵەتانەی هەژار ترن. بەلآم بەجیهانی بوون گۆرانكارییەكی زیاتر بەخۆوە دەبینیٚ بەرەو نامەركەزییەت, چونكە ناچێتە ژێر ركێڤی هیچ كۆمەڵە دەوڵەتێكو, بەپلە یەكی كەمتر دەچێتە ژێر ركێفی كۆمەڵێك لەكۆمپانیا گەورەكانەوە. رۆژئاواش هێندەی هەر شوێنێكی دیكە هەست بەشوێنەوارەكانی دەكات.

ئەمە سەبارەت بەو گۆڕانكارییانەش راستە كەبەسەر سستەمی دارایی جیهاندا هاتووەو, ئەوانەش كەكار دەكەنە سەر سروشتی حكومەتەكان, ئەوەی ئێستا دەتوانین ناوی " كۆلونیالی چەواشە ((Reverse Colonization))ی لیٚ بنێین, كەئێستا خەریكە زیاتر

www.pertwk.com

دەبێتە باو. **مەبەست لە کۆلۆنیالی چەواشە, کاریگـەری دەوڵـەتانی رۆژ ئاوایـە بەسەر گۆرانکاریەکان لەرۆژ ئاوادا.** نمونەیەکی زۆریش لەسەر ئەمە هەیـە, وەکـو بەئیسـپانی بـونی لـۆس ئـانجلس و, دروسـت بـونی کـەرتێکی پیشەسازیی پێشکەوتووی رووڵە کردوو، لەهیندستان و, فرۆشتنی ئەو بەرنامانەی کەلە بەرازیل بەرهەم دەهێنرێن لە پرتوگالدا.

ئـایـا دەتـوانین بـەجیهانی بـوون بـەو هێـزە دابنـێین کـەبۆ بـەجێ هێنانی بەرژەوەندیی گشتی کار دەکات بەراستی, بەهۆی ئاڵۆزی ئەم دیاردەیــەوە, نـاتوانرێ بەئاسـانی وەڵامـی ئـەم پرسـیارە بدرێتــەوە ئەوانەی ئەم پرسیارانە دەکەن و ئەوانەش کەئۆباڵی زۆر تر بوونی نا یەکسانی لەجیهاندا دەخەنە ئەستۆی بەجیهانی بوونەوە، بەگشتی بیر لەبەجیهانی بوونی ئابووری لەو چوار چێوەیەدا, لەبازرگانیی ئازاد, دەکەنــەوە کەچــی روونــە کــەبازرگانی ئــازاد تــەنها بریتــی نییــە لەبەرژەوەنــدی رووت, ئەمــەش بەتاییــەت بەنیســبەت بەرژەوەنــدی دەوڵەتانی کەمتر پێشکەوتووەوە راستە. کرانەوەی ولاتێك یا هەرێمێك بۆ بازرگانی ئازاد رەنگە ئابووری ناوخۆ تێکبدات و ئەو ناوچەیەش کەپشت بەفرۆشتنی ژمارەیەکی کەمی بەرهەمەکانی لەبازاڕی جیهاندا دەبەســتێ روو بــەرووی بــەرزو نزمیــی نــرخ و گــۆرانی تــەکنۆلۆژیی بکاتەوە.

بازرگـــانی هەمیشـــە پێوســـتی بەچـــوار چـــێوەی دامـــەزراوەیی ((أطرمؤسسـیة)) هەیـە، لەمەشـدا وەکـو هـەمو شـێوەکانی دیکـەی گەشەسەندنی ئابوورییە. بازارەکان ناتوانرێ تەنها لەرێگای ئامرازە ئابوورییەکانـــەوە دروســـت بکـــرێن.ئەومەودایـــەش کـــە دەکـــرێ ئابوورییەکی دیاریکراو توشی بازاڕی جیهانی بێت هەر دەبێ پشت

جیهانێکی لێکترازاو

بەچەندین پێوەر ببەستێ. بـەلام بەرهەڵستی کردنـی بـەجیهانی بـوونی ئـابووری و پـەنا بردنـە بـەر پارێزگـاری ئـابووریش, چ بـۆ دەوڵـەتی دەوڵەمەندو چ بۆ دەوڵـەتانی هـەژاریش بـەتاکتیکێکی هەڵـە دادەنرێ. لەگـەڵ ئەوەشـدا رەنگـە پـەنا بردنـە بـەر پارێزگاری لەهێنـدێ حاڵـەت و لەهێندێ ولاتدا ببێتە پێویستییەکی ستراتیژی. بە بۆچونی من, پـەنا بردنـی مالیزیـا بـۆ چـەندەنگاوێکی پـارێز کارانـە لەسـاڵی 1998دا, بەمەبەستی راگرتنی هەلاتنی سەرمایە بۆ دەرەوەی ولات, رەفتارێکی پاسـاو دراو بـوو. بـەلام شـێوازە زیـاتر بەردەوامـەکانی پـارێز گـاری، یارمـەتیی گەشەسـەندنی ولاتـانی هـەژار نـادات و بەنیسـبەت دەوڵەتـە دەوڵەمەندەکانیشەوە دەبێتەمایەی جەنگی بلۆکە بازرگانییەکان.

ئـەو دیالۆگانــەی دەربـارەی بـەجیهانی بـوون کـران, پـێش تـریش ئامـاژەم بـۆ کـردن, بەشـێوەیەکی بناغـەیی سـەبارەت بـە ئەنجامـەکانی بۆدەوڵـەتی نەتەوایەتی بوو. ئایا تائێستا دەوڵەتە نەتەوایەتی و رێبەرە سیاسییەکانیان بەهێزن، یان بایەخی خۆیان بەنیسبەت ئەو هێزانەوە لەدەسـت داوە کەبەشـدارن لەپێکهێنانی جیهانـدا؟ لەراسـتیدا دەوڵەتـە نەتەوایەتییـەکان تائێسـتا بـەهێزن. رێبـەرە سیاسـییەکانیش هێشـتا رۆڵێکـی گـرنگ هەیـە دەبـێ لـە جیهانـدا بیگێـرن؟ بـەلام دەوڵەتـە نەتەوایەتییـــەکان وائێســـتا لـــەپێش چـــاوماندا ســـەر لـــەنوێ دادەمەزرێنرێنـەوە. سیاسـەتە ئابوورییـە نەتەوایەتییـەکان چیدی ئـەو کاریگەرییـەیان نییـە کـە پێشـتر هـەیانبوو. خـاڵی گـرنگتریش ئەوەیـە کەدوڵـەتی نەتەوایـەتی دەبـێ لەمـەودوا سـەرلەنوێ بیر لەناسـنامەی خـۆی بکاتـەوە , چـونکە شـێوازە جیۆپۆلیتیکییـە کۆنـەکان چـیدی بەکـەڵك نایـەن. سـەرەڕای ئـەم خاڵـە مایـەی مشـتومڕە، مـن تـا ئـەو

www.pertwk.com

ڕادەیەش دەڕۆم کەبڵێم لەدوای کۆتایی شەڕی ساردەوە چیدی زۆربەی دەوڵەتە نەتەوایەتییەکان دوژمنیان نەما. کێن ئەوانەی دوژمنی بەریتانیا یان فەرەنسا یان بەرازیلن؟ جەنگ لەکۆسۆڤۆدا دەوڵەتی ڕووبەڕووی دەوڵەتی دیکەنەکردەوە. ئەمەیان ململانێیەك بوو لەنێوان شێوازی کۆنی ئاڕاستەی نەتەوایەتی سنووڕپارێزوئاڕاستەی دەست تێوەردانی ئەخلاقیی تازەدا.

دەوڵەتان ئەمڕۆ لەبری دوژمن ڕووبەڕووی مەترسی دەبنەوە, ئەمەش گۆڕانێکی گەورەیە لەناوەڕۆکی سروشتی ئەو شتەی ڕووبەڕووی دەوڵەتان دەبێتەوە. ئەم سەرنجانە تەنها بەسەر دەوڵەتاندا پیادە ناکرێن. چاو بەهەر لایەکدا وەربگێڕین ئەوا چەندین سستم دەبینین. لەدەرەوە بەو شێوەیە دەردەکەون کەڕاهاتووین لەسەر بینینیان‌و, هەمان ناویان هەیە, بەڵام لەناوەوە جیاوازن. ئێمە هێشتا لەدەوڵەتی نەتەوایەتی دەدوێین‌و, لەخێزان‌و کارو, نەریت‌و سروشت, وەکو ئەوەی کە هێشتا بەشێوەی جارانی خۆیان بێ گۆڕان مابێتنەوە, بەڵام واش نین. توێکڵی دەرەوەیان وەکو جارانە, بەڵام ناوەوە گۆڕاوە. ئەمەش تەنها لەویلایەتە یەکگرتووەکان‌و بەریتانیا یان فەرەنسا ڕوو نادات, بەڵکو تا ڕادەیەك لەهەموو شوێنێکدا. ئەم سیستەمانە ئەوانەن کەناوی " سستەمە سەدەفیەکان Shell Institutions " یان لێنراو، ئەو سستمانەی کەچیدی گونجاو نین بۆ جێبەجێ کردنی ئەو ئامانجانەی لەپێناویاندا دروست بوون.

لەبەرئەوەی ئەم گۆڕانکارییانەی لەم بەشەدا باسم کردن هێزێکیان هەیە, ئەوا شتێك دروست دەکەن کەپێشتر هەرگیز نەبووە, کۆمەڵێکی کۆزمۆپۆلیتیی جیهانی. ئێمەش یەکەمین نەوەین لەسایەی ئەم



کۆمەڵەدا دەژین کەناتوانین, بەتێکشکاوی نەبێ سیمای بینین. ئەم کۆمەڵە شێوازەکانی ژیانمان ڕادەتەکێنێ, لەهەر کوێیەك بین. ئەمەش- بەلای کەمەوە لەم چرکەیەدا -سستمێکە جیهانی نییە کەویستی بەکۆمەڵی مرۆڤایەتی پاڵی پێوە بنێ, بەڵکو بەشێوازێکی بێ سەرو بەری هەڕەمەکی ئەوتۆ دروست دەبێ کەچەندین هۆکار کاری تێدەکات.

هەروەها جێگرو مایەی ئاسایشیش نییە , بەڵکو مایەی دوو دڵییە. هەروەها جێ پەنجەی دابەش بوونێکی زۆر قوڵی پێوەیە. زۆربەمان هەست بەوە دەکات کەکەوتوتە بەردەستی بەهێزێکی ئەوتۆ کە لەتواناماندا نییە زاڵ بین بەسەریدا. ئایا دەتوانین دیسانەوە ویستی خۆمانی بەسەردا بسەپێنین؟ پێم وایە ئەمەیان لەتواناماندایە. ئەو لەدەستدانی هێزەی تێیدا دەژین نیشانەی دەستەپاچەیی تاکە کەسیمان نییە, بەڵکو ڕەنگدانەوەی دەستە پاچەیی سستمەکەمانە. ئێمە پێویستمان بەوە هەیە ئەو سستمانەی خۆمان سەر لەنوێ بنیات بنێینەوە یا سستمی تازە دروست بکەین, چونکە بەجیهانی بوون ئەمڕۆ شتێکی لاوە کی نییە لەژیانماندا, بەڵکو وەرچەرخانە لەجەوهەری هەلومەرجی ژیانمان. ئەو شێوازەیە کەپێی دەژین.

# سەرچڵی*

لەوانەیە مانگی تەمموزی ساڵی 1998 گەرمترین مانگەکان‌و, ڕەنگە ساڵی 1998 بەگشتی گەرمترین ساڵ بووبێ لەمێژووی جیهاندا، شەپۆلی گەرما لەزۆربەی شوێنەکانی نیوەی باکوری گۆی زەوی بووە مایەی شڵەژان. بۆ نمونە لە(ئیلات)ی ئیسرائیلدا, پلەی گەرما بەرزبووەوە بۆ نزیکەی 46 پلەی سەدی‌و، بەکارهێنانی ئاویش لەوڵاتدا بەڕێژەی نزیکەی لەسەدا چل زیادی کرد. ویلایەتی تێکساس لەویلایەتە یەکگرتووەکاندا گەرمییەکی بەخۆوە دی کەزۆر لەوە کەمتر نەبوو. پلەکانی گەرما لەهەشت مانگی یەکەمدا ژمارەی پێوانەیی تۆمار کراوی هەمان ئەو مانگانەی ساڵانی پێشووی بەزاند. دوای ئەوەش بەماوەیەکی کەم‌و, لەهێندێك لەو شوێنانەدا کە شەپۆلەکانی گەرما کاری تێکردن, بەفر لەچەند ناوچەیەکدا باری کەپێشتر قەت نەباریبوو.

ئایا ئەم گۆڕانکارییانەی پلەی گەرما لەئەنجامی دەست تێوەردانی مرۆڤ لەکەش‌و هەوای جیهانییەوە دروست بوو؟ لەتوانادا نییە بەتەواوی لەمە دڵنیا بین, بەڵام دەبی دان بەوەدا بنێین کە ئەگەری ئەوە لەئارادایە کە هۆیەکە ئەوەبێ. جگە لەوانەش, ژمارەی باوبۆران‌و باو بۆرانی ئیستیوائی‌و گەردەلوول, کە لەساڵانی دواییدا توانرا ببینرێن, زیادی کرد. کەواتە ئەو ئەگەرە لەئارادایە کەلەئەنجامی گەشەسەندنی

* وەرگێری عەرەبی وشەی " مخاطرة " ی بەکارهێناوەو, نووسەریش وشەی risk بەندە وشەی(سەرچڵ)م پێ باشتربوو لەهەر مورادیفێکی دیکە.

www.pertwk.com

پیشەسازی جیهانیدا کەش و هەوای جیهانمان گۆڕی بێت و شان بەشانی ئەوەش بەشێکی گەورەی ژینگەی سروشتیمان وێران کردبێ. ئێمە نازانین ئەو گۆڕانکارییانەی دیکە کە لەداهاتوودا ڕوودەدەن و ئەو مەترسییانەی لێیان دەکەونەوە, چین؟

لەوانەیە بتوانرێ بەوشێوەیە لەم مەسەلانە بگەین کەتێکرا جۆرە سەرچڵی ( Risk ) یێکیان تیدایە. هیواداریشم بتوانم سەرکەوم لەقەناعەت هێنان بەخوێنەران بەوەی ئەم بیرۆکە ئاسانە ڕەنگە سەربکەوێ لەدۆزینەوەی هێندێ لەخەسڵەتە سەرەکییەکانی ئەو جیهانەی ئەمرۆ تێیدا دەژین.

لەیەکەمین جاردا, ڕەنگە وا دەرکەوێ کەچەمکی سەرچڵی پەیوەندی تایبەتی بەم سەردەمەی ئێمەوە نەبێ, بەبەراورد لەگەڵ سەردەمەکانی پێشوودا. ئایا هەمیشە خەڵکی بەشی ڕەوای خۆیان لەمەترسی ڕووبەڕوویان نەبۆتەوە؟ ژیان بەنیسبەت ئەورووپاییەکانەوە لەچاخەکانی ناوەڕاستدا, وەکو چۆن ئێستا لەناوچەی هەرە هەژاری جیهاندا دەبینرێ, سەخت و چۆڵ و کورت بوو.

بەڵام ئێمە خۆمان لە ڕووبەڕووی مەسەلەیەکدا دەبینینەوە, کەبەڕاستی وروژێنەرە. جگە لەچەند هەڵوێستێکی لاوەکی , چەمکی سەرچڵی لەچاخەکانی ناوەڕاستدا نەبوو, هەروەها تا ئەوڕادەیەی تا ئێستا توانیومە بیزانم, لەزۆربەی ڕۆشنبیرییە ئاساییەکانی دیکەشدا ئەم چەمکە نەبووە. پێ دەچێ بیرۆکەی سەرچڵی لەسەدەی شازدەو حەڤدەوە بڵاو بووبێتەوە, یەکەمین جاریش لەلایەن ئەو دۆزەرەوە ڕۆژئاواییانەوە بەکار هێنرا کە گەشتی دەریاییان بەجیهاندا کرد. پێدەچێ وشەی "Risk " لەڕێگەی زمانی ئیسپانی یان پورتوگالی





هاتبێتە نێو زمانی ئینگلیزییەوە. چونکە وشەکە بۆ ئاماژە کردن بەگەشتی دەریایی بەنێو قووڵایی دەریا تەی نەکراوەکاندا بەکاردەهێنرا , پاش ئەوە بۆکات, بەهەمان شێوەی بەکارهێنانی لەبانکی وەبەرهێناندا بەواتای ڕەچاوکردنی ئەنجامی ئیحتیمالیی چاوەڕوانکراو لەوەرگرتنی بڕیاری وەبەرهێنان بەنیسبەت قەرزدەران و قەرزداران. پاسانیش وای لێهات کە بۆ ژمارەیەکی زۆری دیکەی ئەو هەڵوێستانەی دڵنیاییان تێدا بەدی ناکرێ بەکاردەهێنرا.

دەمەوێ ئاماژە بکەم بۆ ئەوەی ناتوانرێ بیرۆکەی ئەگەر (الاحتمال) و نەبوونی دڵنیایی دابڕدرێ. ناتوانرێ بگوترێ کە کەسێك ڕووبەڕووی سەرچڵییەك بۆتەوە و ئەنجامی چاوەڕوانکراویش لەسەدا سەد دیارە. نوکتەیەکی کۆن هەیە بەوردی ئاماژە بۆ ئەم خاڵە دەکات. ئەم نوکتەیە دەڵێ پیاوێك لەبەرزترین خاڵی باڵەخانەیەکی هەور بەزێن (ناطحة السحاب)ی سەد نهۆمییەوە خۆی هەڵدایە خوارەوە. خەڵکی لەباڵەخانەکەدا گوێیان لێبوو کە دەگەیشتە ئاستی هەر نهۆمێك دەیگوت "تا ئێستا مەسەلەکە بەباشی دەڕوات"، "تا ئێستا مەسەلەکە بەباشی دەڕوات "،"تا ئێستا مەسەلەکە بەباشی دەڕوات"..پیاوەکە وای ڕەفتار دەکرد گوایە حیسابێك بۆ سەرچڵی دەکات, کەچی ئەنجامی کۆتایی هەر لەسەرەتاوە بڕاوەتەوە.

ڕۆشنبیرییە ئاساییەکان چەمکی (سەرچڵی)یان نەبووە چونکە پێویستیان پێنەبوو. (سەرچڵی) هاو واتای سەرکێشی(مجازفە)(Hazard) یان (مەترسی Danger ) نییە. سەرچڵی ئاماژە بۆ ئەو جۆرە سەرکێشییانە دەکات کە لەرێگای پەیوەندی بەئەگەرەکانی پاشەڕۆژەوە بەکردەوە هەڵدەسەنگێنرێ و, ئامادە

www.pertwk.com

دەکرێ بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی فراوان لەو کۆمەڵانەدا بەکار بهێنرێ کەلەپاشەڕۆژدا, بەوردی بواری گەمارۆدان و داگیر کردن دەبینێ. سەرچڵی کۆمەڵگەیەك دەخوازێ کەبە کردەوە لەپەیوەندییەکانی بەرابردووەوە رزگاربێت و, ئەمەش بەراستی خاسیەتی جیاکەرەوەی شارستانی پیشەسازی تازەیە.

هەموو شارستانییە پێشووەکان، بەشارستانییە مەزنە سەرەتاییەکانی جیهانیشەوە, بەشێوەیەکی بنەڕەتی, هەر لەرابردوودا مانەوە. ئەم شارستانییە بیرۆکەی قەدەرو بەخت و ویست خوداوەندانیان بەکار هێنا , وا ئێمەش بەلای بیرۆکەی سەرچڵیدا دەیشکێنینەوە, لەو شارستانیەکۆنانەدا، ئەگەر رووداوێك لەکەسێك رووی دابایە، ئەگەر دەوڵەمەند بایە ئەوا دەبووە تیرێکی هاوێژراوی بێ تیرهاوێژ، یان ئەوەیە خواوەندو خێوەکان بڕیار یان داوە کەچی رۆشنبیریی دیکە بەتەواوی بیرۆکەی رێکەوتیان رەتکردەوە. تیرەی ئەزاندی ئەفریقییایی پێی وایە کەئەگەر بەدبەختی روو لەمرۆڤێك بکات, بۆ نموونە، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دوژمنەکەی جادووی رەشی لێکردووە.

بێگومان ئەم بۆ چوونانە لەگەڵ داهاتنی تازە گەریدا بەتەواوی لەناو ناچن. کۆزمۆلۆجیا (گەردوونناسی)ی پەیوەندی دار بەبیرو باوەڕی جادوویی و چەمکە قەدەرییەکان هەر بەو شێوەیە ماونەتەوە و بەردەوام دەبن بەو پێیەی بیرو بۆچونی خورافین. خەڵکی بەشەرمەوە تا رادەیك باوەڕیان پێی دەبێ و پەیڕەوی لێ دەکەن و, بەکاریشی دەهێنن بۆ پشتگیری کردنی بڕیار گەلێکی رەچاو کراو. قوماربازان, بەوانەشەوە کەقومار لەبۆرسەی دراوەکاندا دەکەن و, پتر پەیڕەوی

جیهانێکی لێکترازاو

لەچەند سرووتێك دەکەن کە لەڕووی سایکۆلۆژییەوە لەڕادەی ئەو نادڵنیاییە کەم دەکەنەوە کەدەبێ روو بە ڕووی ببنەوە. ئەمەش لەسەر زۆربەی ئەو مەترسییانەی کە ناتوانین خۆمانیان لێ لابدەین پیادە دەکرێ، چونکە ژیان بەحوکمی مانەوەی پێناسەی جۆرە سەرچڵییەکە. بۆیە بەهەر حاڵێك سەیر نییە کەخەڵکی هێشتاش, لەقۆناغە یەکلاکەرەوکانی ژیاندا راوێژ بەئەستێرەناسان دەکەن.

بەڵام قایل بوون بەسەر چڵیش بەمەرجێکی وروژاندن و سەرەرۆیی دادەنرێ. بابیر لەو چێژەبکەینەوە کەخەڵکانێك لەسەر کێی و خێرا لێخوڕینی ئۆتۆمبێل وسەرکێشی و عاتیفی (سۆزداری)، یان سواربونی شەمەندەفەری ئەژدیها ئاسای شاری یاریدا دەیبینین. لەمانەش زیاتر, قایل بوون بەسەرچڵی سەر چاوەیەکی بناغەیی ئەو وزەیەیە لە ئابووریی تازەدا سامان دروست دەکات.

ئەم دوولایەنە-پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ-یەی سەرچڵی لەمێژوودا, دەگەڕێنەوە بۆ یەکەمین رۆژانی کۆمەڵگەی پیشەسازیی تازە. سەرچڵی هێزی بزوێنەری ئەو کۆمەڵگەیە کەسوورە لەسەر گۆڕان و دەیەوێ پاشە رۆژی خۆی دیاری بکات ,نەك بۆ ئایین و نەریت و هێزەکانی سروشتی بەجێ بێڵێ. سەرمایەداریی تازە جیاوازە لەهەموو شێوەکانی دیکەی سستەمە ئابوورییەکان لەڕوی ڕوانینی بۆ پاشە رۆژ. شێوەکانی پیشوی بازاڕ یان نا رێك و پێك بوون, یان ناتەواو. چالاکیی بازرگان و فرۆشیاران, بۆ نموونە, کاریگەرییەکی کەمی هەبوو لەبنیاتنانی شارستانییە کۆنەکاندا, کەتێکڕایان مۆرکی کشتوکاڵی و لادێیان بەسەردا زاڵ بوو.

www.pertwk.com

بەڵام سەر مایەداری تازە وا بە تۆکمەیی، لەرێگای حیسابی قازانج و زیانی داهاتووی, خۆی دەخاتە پاشە رۆژەوەو ,پاشانیش سەر چڵییەوە, بەو پێیەی پرۆسەیەکی بەردەوامە ئەمە پێشتر نەدەکرا تا کاتی داهێنانی دەفتەری دوو لایەنەی داهات لەسەدەی پازدەیەم لەئەوروپادا, کەبووە مایەی ئەوەی بتوانرێ بەوردی بەدواداچونی چۆنێتی وەبەر هێنانی سەرمایە بۆ وەدەست هێنانیپارەی زیاتر ئەنجام بدرێ. بێگومان مەترسی هەن کەدەمانەوێت کەمیان بکەینەوە وەکو ئە مەترسییانەی کار لەتەندروستی دەکەن.

ئەمەش ئەوە راڤەدەکات کەبیرۆکەی سەر چلی لەکاتی دروست بوونییەوە ,بەبیرۆکەی دابین کردن (التأمین)ەوە بەستراوەتەوە. دەبێ لێرەدا تەنها لەدابین کردنی تایبەتی یان بازرگانی بیرنەکەینەوە. دەوڵەتی خۆشگوزەرانی, کەدامەزراندنی دەگەڕێتەوە بۆ یاسای هەژاری لەئینگلتەرە, لەسەردەمی ئەلیزابیسی یەکەمدا لەجەوهەردا سیستمیکی بەڕێوەبردنی سەرچڵییە. مەبەستیشی روو بە روو بونەوەی ئەو گرفتانە بووە کەسەردەمانێك وایان بۆ ڕوانرا کەویستی خوداوەندان(نەخۆشی ,پەککەوتەیی لەکار کەوتن و پیری)ن.

دابینکردن ئەو هێڵە رێسا ئاساییەیە کەخەڵکی لەسەر بناغەی بوونی, ئامادەن بۆسەرچڵی. بناغەی ئەو ئاسایشەیە کەبووە بەمایەی دور خستنەوەی قەدەر لەرێگای بەکردەوە چونە ناو پاشە رۆژەوە. هەروەکو بیرۆکەی سەرچڵی, بیرۆکەی دابینکردنیش لەگەڵ گەشتە دەریاییەکاندا دەستی ێکرد. یەکەمین بەڵگەنامەی دابینکردن لەسەدەی شازدەیەمدا نوسران کۆمپانیایەکی لەندەنی یەکەمین بەڵگەنامەی دابینکردنی دژی مەترسییەکانی ئەودیو دەریاکانی لە





1782 دا دەرکرد. دوابەدوای ئەوەش, کۆمپانیای لویدزی لەندەنی(رۆڵی پێشەنگی لەپیشەسازی دابینکردن)ی دەرکەوتو لەو سەردەمەدا بینی و, بەدرێژای دوو سەدەش پارێزگاری لەو شوێنەی خۆیکرد.

دابین کردن نابێتە مەسەلەیەکی چاوەڕوان نەکراو ئەگەر بڕوامان بەتوانای دەستنیشان کردنی پاشەرۆژی مرۆڤ نەبێو, یەکێکە لەئامرازەکانی نەخشەدانان بۆ ئەو مەبەستە. دابینکردن بەئەنجامدانی دڵنیاییەوە بەستراوەتەوە, بەڵام بەکردەوەش لەسەر لەوەڕگەی سەرچڵی و رووکردنی خەڵکی لەو لەوەڕگەیە بەخێو دەکرێ. ئەوەی کەسانی کارکردوو لەبواری دابینکردندا دەیکەن, لەجەوهەردا, چ دابینکردنی تایبەتی بێ یان سیستمی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی, بەسادەیی شێوەیەکی دابەش کردنی مەترسییەکانە. ئەگەر کەسێكماڵەکەی خۆی دژی سووتاندن دابین بکات, ئەوا سەرچڵییەکە ون نابێت.خاوەن ماڵەکە مەسەلەی سەرچڵێەکە لەگەڵ دابینکەردا بەپارەیەکی دیاریکراو (نرخی دابینکردن) دەگۆڕێتەوە. ئەم گۆڕینەوەو بارکردنی سەرچڵییە تەنها خەسڵەتێکی لاوەکیی ئابووریی سەرمایەداری نییە. ناتوانرێ بێ ئەو بیر لەسەرمایەداری بکریتەوە.

لەبەر ئەم هۆیانە, بیرۆکەی سەرچڵی هەمیشە لەناخی تازە گەریدا بووە. بەڵام لێرەدا دەمەوێ بڵێم سەرچڵی لەسەردەمی ئێستاماندا گرنگییەکی تازەو تایبەتی هەیە. دەبو سەرچڵی وەکو شێوازیکی رێکخستنی پاشە رۆژو راهینان و کۆنترۆڵ کردنی بوایە. بەڵام کاروبارەکان بەم شێوەیە نەڕۆیشتن. کۆششمان بۆ کۆنترۆڵکردنی پاشەرۆژ بەلای وەرگەڕان بەسەر خۆماندا دەشکێتەوە, بەشێوەیەك کە

www.pertwk.com

ناچارمان دەکات بۆ گەران بەدوای چەند ئاراستەیەکی جیاوازی خۆبەستنەوە بە نادڵنیایەوە.

باشترین شێوازی راڤە کردنی ئەوەی رودەدات ئەوەیە کەدوو جۆرە سەرچڵی لێك جیابکەینەوە.یەکەمیان ئەوەیە کەناوی سەرچڵی دەرەکی لیٚ دەنێم. سەرچڵی دەرەکی ئەو سەر چڵیەیە کەبەوە دەیناسین کەسەرچاوەیەکی دەرەکی لەنەریتە وشکەکانو سروشتدا هەیە. دەشمەویٚ ئەمە جیا بکەمەوە لەسەرچڵی دروست کراو manifactured مەبەستیشم لەو سەرچڵییەیە کە لەئەنجامی کاریگەری پێشکەوتنی زانیاریمان لەبارەی جیهانەوە خولقاوە. سەرچڵیی دروستکراو ئاماژە بۆ ئەو هەڵوێستانە دەکات کە لەرووبەرووبوونەوەیاندا رادەیەکی کەمی شارەزایی مێژوویی وە دەست دێنین. زۆربەی مەرسییەکانی ژینگەو ,وەکو ئەوەی بەگەرمتربوونی گەردوونەوە بەستراوەتەوە ,دەکەونە چوار چێوی ئەم توێژەوەو, راستەو خۆش ئەو بەجیهانی بوونە پەرەسەندووە کاری تیٚدەکات کە لەیەکەمین بەشدا لێم کۆڵییەوە.

باشترین شێوازی روونکردنەوەی جیاوازی نێوان ئەو دوو جۆرەی سەرچڵی ئەمەیە. لەهەموو رۆشنبیرییە کۆنەکانداو, رەنگە لەهەمو کۆمەڵە پیشە سازییەکانشدا, تائێستا دوو دڵی مرۆڤ پەیوەندی بەوەوە هەیە کەسروشتی دەرەکی دەیخاتە سەر رێمان, لەوشکە سالییەوە تا لافاوو نەخۆشیو گرانی. بەلاٚم لەچرکەیەکی زەمەنی دیاریکراودا – زۆرتازە لە رووی مێژووییەوە – وردە وردە دوودڵیمان کەمتر بووەوە سەبارەت بەوەی رەنگە سروشت بەئێمەی بکاتو, دوودڵیمان زیاتر هاتە سەر ئەوەی ئێمە دەتوانین چی بەسروشت





بکەین. ئەمەش خاڵی وەرچەرخان دیاریدەکات لەمەترسییەکانی دەرەوە بەرەو مەترسییە دروستکراوەکان.

ئەو "ئێمە" یەی ئێرە مەبەست لەکامەیە کەتووشی دوودڵی دەبێ؟ پیێم وایە کەئێمە هەمومان, بەچاو پۆشی لەوەی دانیشتوی ولاٚتانی هەرە دەوڵەمەند یان هەرە هەژاری دنیاین, ئەو "ئێمە"یە دەمانگرێتەوە. لەهەمان کاتیشدا روونو ئاشکرایە کەهێڵیك هەیە ناوچە خۆشگوزەرانەکان تارادەیەك لەوانی دیکەی جیا دەکاتەوە. زۆرمەترسی کۆنی دیکە هەیە کەتا ئێستا ماون لەو جۆرەی ئێستا باسمان کرد – وەکو حاڵەتی برسێتیو گرانی لەحاڵەتی خراپی بەرووبووم – لەولاٚتانی هەرە هەژاردا, کەمەترسی کۆنو تازە تیێدا تێکەڵ بەیەك بن. کۆمەڵەکەمان لەقۆناغی پاش کۆتایی سروشتدا دەژی, ئاشکراشە کەکۆتایی سروشت نەمانی جیهانی سروشتی, یان کردەوە سروشتیەکان ناگەیەنێت, بەڵکو ئاماژە بۆئەوە دەکات کەژمارەیەکی کەمی لایەنەکانی ژینگە مادیەکانی دەوروبەرمان ماونەتەوە بیٚ ئەوەی دەست تێوەردانی مرۆڤ کاریان تیٚ بکات. زۆرشت لەوانەی بەبەشێکی سروشت دادەنران بەو شێوەیە نەماونەتەوە, سەرەڕای ئەوەی ناتوانین هەمیشە دڵنیابین لەو سنورانەی یەکێکیان تێیدا کۆتای پیٚ دێت, یان ئەوانەی یەکێکی دیکە تێیدا دەست پیٚ دەکات. چین لەساڵی 1998دا لافاوی گەورەی ئەوتۆی بەخۆوە بینی کەژمارەیەك خەڵك گریانیان تێدا لەدەست دا. لافاوی رووبارە سەرەکییەکان بووە رووداوێکی چەندین بارە بووەوە لەمێژووی چیندا. ئایا ئەم لافاوانەی دووایی دووبارە بونەوەی ئەو دیاردە مێژووییەیە, یان گۆرانکاریەکانی کەشو هەوای جیهان کاریان

تێكردووە؟ كەس بەوردی نازانێ ,بەلاّم هێندێ خاسیەتی نا ئاسایی ئەم لافاوانە نیشانەی ئەوەن كەهۆكارەكانیان بەتەواوی سروشتی نین.

مەترسیە دروست كراوەكان تەنها پەیوەندیان بەرووداوەكانی سروشتەوە نیە, یان ئەوەی بەبەشێكی سروشت دادەنرا , بەڵكو دزە دەكاتە ناوچەند لایەنێكی دیكەی ژیان. بۆنموونە باژن هێنانو خێزان بگرین ,كەئێستا گۆڕانكاری قوڵیان بەسەر دادێت لەكۆمەڵە پیشە سازییەكانداو, بەڕادەیەكی كەمتر لەجیهاندا. نەوەیەك یا دوو نەوە پێش ئێستا كەخێزانیان پێك دەهێنا دەیانزانی چ دەكەن خێزان.

خێزان پێكهێنان لەژێرباری خوو وڕەوشتو نەریتدا بوو و پەیوەندییەكی بەهێزیشی بەحاڵەتی ئاساییەوە هەبوو–وەكو ئەوەی ئێستاش لەزۆرولاّتدا باوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەر كەشێوازە كۆنەكانی ئەنجامدانی كارێك لێك دەترازێن و، كاتێك خەڵكی خێزان پێكدەهێنن یان پەیوەندی دروست دەكەن ئەوا بەمەعنایەكی گرنگ نازانن چ دەكەن، لەبەر ئەوەی هەردوو سیستمی ژن هێنانو شووكردن (الزواج)و خێزان گۆڕانكاریی قوڵیان بەسەر داهاتووە. لەم حاڵەتەدا تاكەكان, وەكو پێشەنگان, لەسەرەتاوە دەست پێ دەكەن لەم جۆرە هەڵوێستانەشدا تاكەكان –بزانن یان نەزانن –ناتوانن خۆیان بپارێزن لەبیركردنەوەی زیاتر لەسەر چڵی. چونكە دەبێ روو بە رووی پاشەرۆژی خۆیان ببنەوە كەبۆ ژمارەیەكی گەورەی " ئەگەر –احتمال " كراوەتەوە لەچاو ئەوەی لەرابوردوودا هەبوو, بەهەمو ئەو هەلو گرفتانەش كەلێرەدا هەن.

لەگەڵ بەرفراوانبونی مەترسیە دروستكراوەكان ئەوا ئەم سەرچڵیە مەترسی تازەی پێیە دەركەوتنی ئەستێرەی بیرۆكەی سەرچڵی وەكو





پێشتر ئاماژەم بۆ كرد, بەتوندی بەحیسابی ئەگەرە كانەوە گرێدراوە. زۆربەی شێوەكانی دابینكردنیش راستەوخۆ لەسەر ئەم بناغەی ئەم پەیوەندییە دروست دەبن. لەهەر جارێكیشدا كەكەسێك سواری ئۆتۆمبیلێك ببێت, بۆ نموونە هەر كەسێك دەتوانێ حیسابی ئەگەری ئەوە بكات كەئەم كەسە ببێتە لایەنێكی ڕوداوێك. ماوەیەكی درێژیش لەدوای ئەم پیشبینییە واقیعییەوە هەیە. هەڵوێستەكانی مەترسییە دروست كراوەكان بەم شێوەیە نین. ئێمە بەئاسانی نازانین ئاستی سەرچڵی چییەو, لەزۆربەی حاڵەتەكاندا بەدڵنیاییەوە نازانین ,مەگەر كاتێكی زۆری بەسەر بچێ؟

ماوەیەك پێش ئێستا, كەدوریش نییە (1996) دەساڵ بەسەر یادی وێزگەی نەوەوی چرنۆبل لەئۆكرانیا, تێپەڕی. كەسیش نازانێ ئاسەوارە درێژ خایەنەكانی ئەم روداوە چین. ڕەنگە كارە ساتی تەندروستی پاش ماوەیەك لێ بكەوێتەوە, یان لێی نەكەوێتەوە هەمان شت بەنیسبەت چیرۆكی BSE لەمەملەكەتی یەكگرتوو–بەریتانیا – وە راستە. بلاّو بوونەوەی ئەوەی ناوی نەخۆشی شێتی مانگای لێنرا, بەڕەچاوكردنی كاریگەری بەسەر مرۆڤدا. تائەم چركەیەش ناتوانین دڵنیا بین لەوەی ئایا خەڵكانێكی‌تر بەو نەخۆشیە دەڕۆن یان نەء؟

ئەگەر لەهەڵوێستمان لەكێشەی گۆڕینی كەشو هەوای جیهان وردبینەوە دەبینین زۆربەی زانا خاوەن پسپۆڕیە وردەكان لەو بڕوایەدان كەگەرمی جیهان دیاردەیەكی واقیعیە و دەبێ‌هەنگاو هەڵبهێنرێ بۆ ڕوو بەڕوو بونەوەی. لەگەڵ ئەوەشدا بۆچوونی باو تانیوەی حەفتەكان ئەوەبوو كەجیهان دەچێتە قۆناغێكی ساردی جیهانەوە. لەراستیدا زۆربەی ئەو بەڵگانەی كۆكرابووەنەوە بۆ

www.pertwk.com

سلماندنی راستی تیۆری ساردی جیهانی هەر ئەوانەن کەئەمڕۆ بەبەڵگەی گەرمیی جیهانی دادەنرێن، شەپۆلەکانی گەرما پاشەکشێی سەرماو، چەند جۆرێکی نائاسایی کەش و هەوا. ئایا بەراستی گەرمی جیهانی لەئارادایەو , ئایا هۆی ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ کردەوەی مرۆڤ؟ رەنگە وابێ بەلاّم ئێمە دڵنیا بین و ناتوانین دڵنیا ببین ئەگەر ئەو زانیاریە راست و دروستە زۆردرەنگ لامان دروست نەبێ.

لەسایەی ئەم بارو دۆخەدا, کەش و هەوایەکی ئەخلاقیی تازە لەبواری سیاسەتدا لەبگرەو بەردە دایە لەنێوان تاوانبار کردن بەبلاّو کردنەوەی ترس لەنێو خەڵکدا لەلایەکەوەو, شاردنەوەی راستییەکان لەلایەکی دیکەوە. ئەگەر سیاسییەك، یان شارەزاییەکی زانست یان لێکۆڵەرەوەیەك بەراستی لەسەر چڵییەك بکۆڵێتەوە, دەبێ ئەوە بەخەڵکی رابگەیەنێت و دەبێت بەشێوەیەکی بەر فراوان بلاّوی بکاتەوە, چونکە دەبێت قەناعەت بەخەڵکی بهێنێت کەسەر چڵییەکە راستی یە —دەبێ دوو دڵی لەسەربوروو ژێنێ. لەگەڵ ئەوەشدا ,هەر کەدوودڵی لەسەر وروژێنرا پاشان دەرکەوت کەلەسەر چڵییەکەکەمبووە, ئەوا ئەو کەسانەی لەم کارانەدا بەشدارن بۆورووژاندنی ترس لەنێو خەڵکدا تاوانباردەکرێن.

لەگەڵ ئەوەشدا, باوا بزانین کەدەسەلاّتی حکومەت بڕیاری داوە کەسەرچڵی بەو رادەیە گرنگ نییە. وەکو ئەوەی حکومەتی بەریتانیا لەمەسەلەی ئەوگۆشتانەدا کردی کەتوشی شێتی مانگا بوون. لەم حاڵەتەدا, حکومەت لەسەرەتاوە گوتی کەزانایان پشتگیریی هەڵوێستی دەکەن و, مەتر سیەکی ئەوتۆ لەئارادا نییە, ئەوەی دەیەوێ گۆشت بخوات دەتوانێ بەبێ دوودڵی ئەو کارەبکات. ئەگەر لەم جۆرە





هەڵوێستانەدا دەرکەوت کەکارو بارە کان بەپێچەوانەی ئەوەوەیە, وەکو رووداوەکانی پاش ئەوە سەلماندنیان, ئەوا حکومەت بەشاردنەوەی راستییەکان تاوانبار دەکرێ.

لەراستیدا کێشەکە لەوە ئاڵۆز ترە کەئەم نموونانە دەینوێنن. لەوانەیە بەڕواڵەت دژیبێت کە وروژاندنی ترس رەنگە کاریکی پێویست بێ بۆ ئەو مەترسیانەی روو بە روو یان دەبنەوە. بەلاّم ئەگەر ئەوەش سەر کەوت, ئەوا وا دەردەکەوێت کە تەنها زیادەڕۆییە لەورووژاندنی ترس لەنێو خەڵکیدا. نەخۆشی ئایدز نموونەیەکی ئەوەیە. حکومەت و شارەزایان زیادە ڕۆییان لەو مەترسییانە کرد کەگرێدراون بەجوت بوونە سێکسییە زیان بەخشەکان. ئەمەش بەشێوەیەکی جوزئی لەولاّتانی پێشکەوتودا بووەمایەی ئەوەی نەخۆشی ئایدز بەو شێوەیە بلاّو نەبێتەوە کەلەبناغەدا چاوەڕواندەکرا. وەلاّمی ئەمەش ئەمەبوو: "بۆ هەموانتان بەم شێوازەترساند؟ بەلاّم بەردەوامی بلاّو بوونەوەی نەخۆشی ئایدز لەسەر ئاستی جیهان ئەوە روون دەکاتەوە کەئەوان بەتەواوی لە سەر حەق بوون.

ئەم بەڕواڵەت هاودژییە لەکۆمەڵە هاو چەرخەکاندا بۆتە رۆتین و, هیچ شێوازێکی ئاسان نییە بۆ مامەڵە کردن لەگەڵیدا وەکو پیشتر باسمان کرد لەزۆربەی هەڵوێستەکانی مەترسی دروستکراودا, زۆرجار ئەگەری نەبوونی تەواوی مەترسی دەبێتە مایەی جیاوازی. ناشتوانین لەسەرەتاوە بزانین کەی بەکردەوە ترس دەورووژێنین و, کەی لەکاتی قسە کردنمان لەبارەی مەترسی بەکردەوە نزیکەوەواقیعی دەبین.

www.pertwk.com

ئەمرۆ پەیوەندیمان بەزانست و تەکنەلۆژییەوە جیاوازە لەوەی سەردەمە پێشووە کان. لەکۆمەڵە رۆژ ئاواییەکاندا, بەدرێژای دووسەدە, زانست بەشێوەیەك کاری دەکرد کەجۆرێك بێت لەنەریتەکان. دەبوو زانیاری زانستی نەریتەکان بەجێ بێڵێ, کەچی لەراستیدا زانست خۆی بوە نەریتێك. زانست شتێك بوو زۆربەی خەڵکی رێزیان لێدەگرت. بەلام لەچالاکییەکانیان خەڵکی بەگشتی بۆچوونەکانیان لەشارەزایان وەردەگرت.

بەهەر رادەیەکیش دەست وەردانی زانست لەژیانمان زیاتر بایەو, ئەوەش لەسەر ئاستی جیهان بایە, ئەوا راستی ئەو بۆچوونە کەمتر دەبووەوە. زۆربەمان –بەدەسەلاتداری حکومەت وسیاسییەکانیشەوە –پەیوەندی واقعیانەتریان بەزانست و تەکنەلۆژییەوە هەیە لەوەی پێشتر هەبوو, دەبێ هەر واش بێ.

ئێمە بەئاسانی ناتوانین ئەو ئامانجە بسەلمێنین کە زاناکان دەیانگەنێ.ئەمەش لەبەر ئەوەی بەگشتی زاناکان لەنێو خۆیاندا ناکۆکن، بەتایبەت لەهەڵوێستیان بەرانبەر مەترسییە دروستکراوەکان. ئێستا هەموو کەسێك لەمۆرکی گۆڕاوی زانست گەیشتووە.هەریەکێك بڕیاربدات چی دەخوات لەژەمی بەیانیداو, ئایا دەبێ لەکافاین دامالراو بخواتەوە یان قاوەی ئاسایی, ئەوا ئەم کەسە بڕیارێك لەچوارچێوەی زانیارییە زانستییە گۆڕاو وناکۆکەکان دەدات.

بۆ نموونە شەرابی سوور وەرگرە. وەکو ئەوەی بۆخواردنەوە کحولییەکانی دیکە هەیە, لەسەر دەمێکدا وادەزانرا شەرابی سوور زیانی بۆ تەندروستی هەیە.لیکۆلینەوەکان پاش ئەوە ئاماژەیان بەوە کرد کەخواردنەوەی شەرابی سوور بەرادەیەکی گونجاو مرۆڤ لەتوش





بوون بەنەخۆشییەکانی دڵ دەپارێزێ. دوای ئەوەش دۆزرایەوە کەهەر خواردنەوەیەکی کحولی هەمان کاریگەری هەیە, بەلام تەنها ئەوانە دەپارێزێ کەلە چل ساڵ بەرەوسەرەوەن. کێ دەزانێ لەسالانی داهاتوودا ئەنجامەکان چی دەر دەخەن؟

کەسانێك پێیان وایە کەکاریگەرترین شێوازی گونجان لەگەڵ مەترسییە دروستکراوەکاندا بریتی‌یە لەسنوور دانان بۆ لێپرسراوی لەرێگای پەیرەوی کردن لەوەی پێی دەگوترێ پرەنسیپی خۆپارێزی. بیرۆکەی پرەنسیپی خۆپارێزی یەکەمین جار لەهەشتاکاندا لەئەڵمانیا سەری هەڵدا, لەچوار چێوەی ئەو دایەلۆگەی سەبارەت بەژینگە لەوێ بەرێوەچوو. دیالۆگ لەسادەترین شێوەیدا داخوازی کاری پێویستی مامەڵەکردنە سەبارەت بەچەند هەنگاوێك لەبواری مەسەلەکانی ژینگەدا.(لەسەر ئەو بناغەیەش سەبارەت بەشێوازەکانی دیکەی سەرچڵی). دەبێ وایان مامەڵە لەگەڵدا بکرێت کەبەڵگەی زانستی لەبارەیانەوە مسۆگەر نییە. بەم شێوەیە لەزۆر دەوڵەتی ئەوروپایی, لەهەشتاکاندا بەرنامە دانرا بۆ روو بەروو بوونەوەی بارانی ئەسیدی(أمطارحمضية), کەچی کەمی بەڵگەی یەکلاکەرەوە لەبەریتانیا وەکو پاساوێك بەکار هێنرا بۆئەوەی هیچ هەنگاوێك بۆ روو بەروو بوونەوەی بارانی ئەسیدو کێشەکانی بنکەی پیسبوونی ژینگە هەڵنەهێنرێ.

لەگەڵ ئەوەشدا, پرنسیپی خۆپارێزی بەبەردەوامی یارمەتیمان نادات, یان ناتوانێ وەکو شێوازێکی گونجان لەگەڵ کێشەکانی سەرچڵی و بەرپرسیاریدا بەکار بهێنرێ. ئەو بۆچوونەی داوای نزیکی لەسروشت و سنوردانان بۆ تازەکارییەکان, نەك هاندانیان, دەکات

www.pertwk.com

ناتوانرێ بەبەردەوامی جێ بەجێ بکرێ ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەردوو تای تەرازووی قازانج و زیانەکانی پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژیا و شێوازەکانی دیکەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی هاوسەنگ نین. بۆ نموونە ئەوخۆراکانە وەرگرە کەبەئەندازەی چینەکان مامەڵەیان لەگەڵداکراوە, ئەم بەرهەمانە ئێستا لەرووبەری سی و پینج ملیۆن هیکتار زەوی کشتوکاڵی لەهەمو جیهاندا دەچێنرێ.. ئەم رووبەرەش بەرانبەر جارو نیوێکی رووبەری بەریتانیایە زۆربەی ئەم رووبەرەش لەئەمریکای باکوورو چین دایە.ئەم بەرهەمانەش بریتین لەلۆبیا(فول الصویا) گەنمەشامی و لۆکەو پەتاتە.

هیچ هەڵوێستێك نییە سروشت بەرادەی ئەم هەڵوێستە تێیدا روون و رووت بوبێتەوە. مەترسییەکان کۆمەڵێك شتی نەزانراویان لەناخدایە, یان ئەگەر بتوانم بڵێم ,نەزانراوی زانراو. چونکە جیهان ئاراستەیەکی روونی هەیە بۆ ئەوەی توشی سەرسامیمان بکات ,رەنگە رەنگدانەوەی دیکەش هەبێت کەهێشتا کەس پێشبینی نەکردبێت. یەکێك لەشێوەکانی ئەو مەترسیانە ئەوەیە کەرەنگە ئەم بەرهەمانە مەترسی و زیانی تەندروستی لەسەر ئاستی زەمینی مام ناوەندیان دوور هەبێ لەکۆتایشدا,بەشێکی زۆری تەکنەلۆژی چینەکان لەجەوهەردا تازەن و لەشێوازە کۆنەکانی متوربەکردندا جیاوازن. ئەگەرێکی دیکەش هەیە بریتییە لەوەی رەنگە ئەو توخمە جینی(وراثی) یانەی لەم بەرهەمانەدا لێکدراون ببنە مایەی ئەوەی بەرگریان بەرامبەر نەخۆشییەکان بەهێز بکاتەوەو, نەخۆشییەکان بۆ رووەکەکانی دیکە بگوازرێنەوە, بەمەش چەند رووەکێکی یەکجار





جیاواز دروست بکات و, رەنگە ئەمەش بەش بەحاڵیخۆی هەڕەشەیەك بێت بۆ هەمەرەنگی بایەلۆژی ژینگە.

لەبەر ئەوەی فشاری چاندن و بەکار هێنانی بەرهەمەکانی ئەندازیاری جینی تارادەیەك تەنها بەبەرژەوەندی بازرگانییەوە بەستراوەتەوە, ئایا بەجێ نییە کەلەسەر ئاستی جیهان قەدەغەبکرێت؟ ئێمە ئەگەر پێشمان وابێ کەدەتوانرێ قەدەغەبکرێن, ئەوا کاروبارەکان– وەکو هەمیشە وایە– بەو ئاسانیە ناڕۆن.ئەوکشتوکاڵە چڕەی ئەمرۆ بە بەربلاۆی دەکرێن ناتوانرێ بەبێ سنور بەردەوامبێت, چونکە بڕێکی زۆری پەیینی کیمیایی و ئەو نەخۆشی بڕانەی تێدا بەکار دەهێنرێن کەژینگە وێران دەکەن. ناشتوانین بگەڕێینەوە بۆ شێوازی کۆنی کشتوکاڵ و دانیشتوانی جیهانیش تێر بکەین. ئەندازیاری بایۆلۆژیی بەرهەمەکان رەنگە سنورێك بۆ بەکارهێنانی پیسکەرەکیمیایەکان دابنێت و,پاشانیش یارمەتیمان بدات بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانە.

هەر چۆنیش بڕوانیتە مەسەلەکە, ئەوا ئێمە دیلی بەرێوە بردنی مەترسیەکانین و, لەگەڵ بلاۆ بوونەوەی مەترسییە دروست کراوەکان, چیدی حکومەتەکان ناتوانن واخۆ بنوێنن کە بایەخ بەمەسەلەی بەڕێوە بردنی مەترسییەکان نادەن. حکومەتەکان پێویستیان بەهاوکاری یەکدی هەیە, چونکە ژمارەیەکی دیاری کراوی ئەم مەترسییە تازانە پەیوەندیان بەسنووری نەتەوەییەوە هەیە. بەلاّم ئێمەی تاکە کەسانی ئاسایی ناتوانین ئەم مەترسییە تازانە پشت گوێ بخەین, یان چاوەڕوانی دۆزینەوەی زانستیانەی یەکلاکەرەوە دەر بارەیان بکەین وەکو بەکارهێنەر ( مستهلك). دەبێ هەر یەکێکمان بڕیاری ئەوە بدات

www.pertwk.com

ئایا هەولْ دەدات بۆ خۆپاراستن لەبەکارهێنانی بەرهەمی پەرە پێدراو بەبەکارهێنانی ئەندازیاری جینی یان نەء. ئەم مەترسییانەو ئەو قەیرانانەی پێیانەوە بەستراونەتەوە ناو جەرگەی ژیانی رۆژانەیان داگیر کردوین.

واهێندیْ ئەنجام دەخەمە روو، لەهەمان کاتدا بەشێوەیەك هەڵوێستی خۆم دەردەبڕم کەبواری گومانی تێدا نەمێنیْ. سەردەمی ئێمە لەو سەر دەمانەزیاتر توشی مەترسی نابێتەوە کەنەوەکانی پێش ئێمە دیویانن, بەڵام گۆرانێکی لەبواری هاوتایی سەرچڵی و مەترسییەکاندا بەخۆوە بینی. ئێمە لەجیْهانێکدا دەژین کەمەترسییەکان, خۆمان, بەشێوەیەك دروستیان دەکەین کەهەڕەشەیان زیاتربێت لەو مەترسییانەی لەدەرەوە دێن. هێندێك لەو مەترسیانە بەراستی کارەساتبارن, وەکو مەترسییە ئێکۆلۆژی( ژینگەیی) یەجیهانیەکانو, بلاْو بوونەوەی چەکی نەوەویو ئامێتەبونی ئابووریی جیهان کەچی مەترسیی دیکە بەشێوەیەکی راستەوخۆو بەسیفەتی تاکە کەسی کارمان تێدەکەن, وەکو ئەو مەترسیانەی پەیوەندیان بەخۆراکمانو پزیشکیو تەنانەت خێزان پێکەوەنانیشەوە هەیە.

سەردەمێکی وەکو ئەوەی ئێمە بەدڵنیاییەوە بەرەو رێژەیی ئایینیو فەلسەفەی سەر دەمێکی تازەی دژ بەبۆچونی زانستیمان دەبات. هێندێك لەبیریارە ئێکۆلۆژییەکان بەهۆی مەتر سییە ئیکۆلۆژییەکانەوە بونەتە دوژمنی زانستو، بگرە هەموو بیرێکی پێگەییو بەشێوەیەکی گشتی, ئەمەش ئاراستەیەکی نابەجێیە. لەڕاستیدا ئێمە ببیْ شیکردنەوەی زانستی تەنانەت نەشماندەتوانی





بەو مەترسییانە ئاشنا بین. لەگەلْ ئەوشدا پەیوەندیمان بەزانستەوە هەرگیز وەکو رابردووی لیْ نایەتەوە.

ئێمە ئێستا ئەو سیستمانەمان نییە کەچ لەسەر ئاستی نەتەوەیی و چ لەسەر ئاستی جیهانی, بواری چاودێریکردنی گۆڕانی تەکنەلۆژیمان پیْ بدات. رەنگە ئەگەری خۆ دوور خستەنەوە لەکارەساتێکی وەك شێتی مانگا لەبەریتانیاو شوێنانی دیکە برەخسایە ئەگەر دیالۆگێك سەبارەت بەگۆڕانی تەکنەلۆژیو ئەو کێشانەوە کرابا کەلێی دەکەونەوە. ئەگەر چی تێوەگلانی زیاتری خەڵکە ئاساییەکان لەلێکۆلێنەوەی کێشەکانی زانستو تەکنەلۆژی ڕزگارمان ناکات لە تەنگانەی ترس ورووژاندن بەرانبەر بەشاردنەوەی کارەساتەکە, بەلاْم ڕەنگە هێندێك لەئەنجامە ڕووخێنەرەکانی کەم بکرێنەوە.

لەکۆتاییشدا, وەرگرتنی هەڵوێستێکی سەلبی بەرانبەر بەسەرچڵی مەسەلەیەکە جێی گومان نییە. سەرچڵی هەمیشە پێویستی بەوە هەیە ڕابهێنریْ, بەلاْم سەرچڵی کاریگەر هەمیشە توخمێکی بناغەیی ئابووری دینامێکیو کۆمەڵی نوێخوازە ژیان لەسایەی بەجیهانی بووندا مانای گونجان لەگەلْ هەڵویستی تازەو جۆر بەجۆری سەرچڵی دەبەخشیْ. ڕەنگە بەبەردەوامی پێویستی بەدەستپێشخەری هەبیْ لەبری وریایی لەپشتگیری کردنی تازە کردنەوەی زانستیو شێوەکانی دیکەی گۆڕان. لەکۆتایی مەسەلەکەشدا, وشەی"سەرچڵی" لەیەکێك لەبنەماکانیەوە لەکرداری " وێرای " وەرگیراوە , کە واتای" دەوێریْ " دەبەخشیْ.

# نەریتەکان

کەئوسکوتلەندییەکان بۆ ئاهەنگ گێڕان بەناسنامەی نەتەوەییان کۆدەبنەوە, ئەوکارە بەچەند شێوازێکی ڕەگ داکوتاو لەقولآیی نەریتەکانیاندا ئەنجام دەدەن. پیاوان تەنورەی ئوسکوتلەندایی لەبەر دەکەن و, هەر عەشیرەتێك بەڕەنگی چوار گۆشە تایبەتەکانی دەرازێتەوە لەگەڵ ئاوازی مۆسیقای ئامێرە هەواییەکاندا ئەوان لەڕێگای ئەم هێمایانەوە دڵسۆزییان بۆ سرووتە کۆنەکان دووپات دەکەنەوە.. ئەو سرووتانەی ڕەگیان بۆ ڕابوردووی دوور درێژ بۆتەوە.

لەڕاستیدا ئەو سرووت و ڕەمزە ئوسکوتلەندایییانەی دیکە ڕەگی مێژوویی قولیان نییە. پێدەچێ تەنورە ئوسکوتلەندایییە کورتەکان لەلایەن یەکێك لەپیاوانی پیشەسازی ئینگلیز لەلانکشایەر, بەناوی تۆماس ڕۆلینسن (Rowlinson )ەوە لەسەرەتاکانی سەدەی هەژدەیەمدا داڕێژرابێت, بەو مەبەستەی جلوبەرگی دانیشتوانی ناوچە شاخاوییە ئوسکوتلەندایییەکان بەشێوەیەك بگۆڕێت کەبۆ پیاوی کرێکار بگونجێت.

تەنورە ئوسکوتلەندایییەکان بەرهەمی شۆڕشی پیشەسازی بوو. مەبەستیش ئەوە نەبوو کەنەریتە ڕیز لێنراوەکان بەدرێژایی کات (زمان ) بپارێزرێ, بەڵکو بەپێچەوانەوە مەبەست ئەوەبوو چیانشینان لەکارکردن لەبەخێو کردنی مەڕوماڵاتەوە بۆ کار کردن لەکارگەکاندا ڕابکێشن. تەنورە لەسەرەتاوە وەکو جلوبەرگی نەتەوەیی





ئوسکۆتلەندییەکان نەهاتە ئاراوە. دەشتنشینان کەزۆرینەی ئوسکۆتلەندییەکانن, جلوبەرگی چیا نشینانیان بەوەحشییانە لەقەڵەم دەداو زۆربەیان بەچاوی سوکایەتییەوە بۆیان دەڕوانی. لەبەرانبەریشدا تەنورەی دیزاین چوارگۆشەیی, کە ئەمڕۆ لەبەر دەکرێت, لەسەردەمی ڤیکتۆری لەلایەن چینکار (حائك) گەلێکی خاوەن عەقڵی سەرمایەگوزاری ئەوتۆوە بەرهەمهێنراون , کەبەڕاستی پێیان وابوو بازاڕی دەبێ.

لەڕاستیدا زۆر لەوشتانەی دەیاندەینە پاڵ ئەو نەریتانەی بۆ سەردەمانێکی زۆر کۆن دەگەڕێنەوە, لەدوورترین خەمڵاندندا بەرهەمی دوو سەدەی ڕابوردوون و , زۆرجار بۆ مێژووی تازەتر دەگەڕێنەوە. ئەم مێژووە, لەحاڵەتی تەنورەی ئوسکۆتلەندایی پشت بەکتێبی هەردوو مێژوونووس ئەریك هۆبزباوم (Hobsbawm)و تۆماس ڕێنیجەر (T.Ranger) دەبەستێ کەناونیشانی "داهێنانی نەریت The lnention of tradition"ە کەتێیدا بەڵگە دەهێننەوە سەبارەت بەداهێنانی نەریتی وەرگیراو لەوڵاتی جیاجیا, بەهیندستانی سایەی تاجی بەریتانیاشەوە.

بەریتانییەکان ڕووپێوییەکی ئارکیۆلۆژی ( شوێنەوار ناسی) یان کرد لەشەستەکانی دەیەی حەڤدەدا بۆ دەست نیشانکردنی شوێنەوارە هیندییە مەزنەکان بەمەبەستی پاراستنی کەلەپووری مەزنی هیندستان.

لەو سەردەمەدا ئینگلیز پێیانوابوو کەهونەرو پیشە ناوخۆییەکان لەناو دەچن, بۆیە بەرهەمە هونەرییەکانیان لەمۆزەخانەکاندا کۆکردەوە. لەپێش ساڵی 1860 یشدا سەربازە هیندیی و ئینگلیزەکان

www.pertwk.com

وەکو یەك جلی سەربازی خاوەن مۆرکی رۆژئاواییان لەبەر دەکرد. بەڵام دەشبوو هیندییەکان– لەبەر چاوی ئینگلیزدا –هەروەکو هیندی دەربکەون, بۆیە جلی سەربازی هیندی دەستکاری کرا بەوەی عەمامەو پشتێن‌و چاکەتیشی لەگەڵدابێ, کەجلی ڕەسەنی ئەوانە. تا ئێستاش بەشێك لەو نەریتانەی ئینگلیز دایانهێنان , یان جۆرە گۆڕانێکیان بەسەردا هێنابوون لەو وڵاتانەدا ماون, ئەگەرچی بێگومان نەریتی دیکە پاشتر دوورخرایەوە.

داب‌و نەریتەکان بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی, بابەتی ژیانی زۆربەی خەڵکی بوون. لەگەڵ ئەوەشدا مایەی سەرسامیە کە توێژەرەوان‌و بیریاران بایەخێکی کەمیان بەلێکۆڵینەوەیان داوە. سەرەڕای ئەوەش کەمشتومڕێکی کەم لەبارەی نەریتەکانەوە هەیە. کەدەگەڕام بەدوای کەرەستەی زانستی بۆ ئەم فەسڵە, زۆر کتێبی ئەکادیمی نووسراو بەئینگلیزیم دۆزییەوە کە لەناونیشانەکانیاندا وشەی "تازەگەری" هەبوو. لەڕاستیدا, خۆیشم چەند کتێبێکم سەبارەت بەم بابەتە نووسیوە, بەڵام جگە لەدوو کتێب هیچی دیکەم نەدۆزییەوە کە بەتایبەتی لەنەریتەکان بدوێن.

فکری سەردەمی ڕووناکبینی لەسەدەی هەژدەیەمدا ناتۆرەیەکی خراپی دایە پاڵ وشەی "نەریت". یەکێك لەڕەمزە سەرەکییەکانی بیری سەردەمی ڕووناکبینی, بارۆن دی هۆڵباخ D.Holbach, لەبارەی نەریتەوە نووسی:

**"مامۆستایان هەوڵیاندا خەڵکی چاویان لەبەهەشت گیربکەن, بالەئێستاوە هەوڵ بدەن چاویان بەرەو زەوی بگێڕنەوە. بێزاریمان تووش بوو لەزانستی لاهووتی نەشیاوی باوەڕپێکردن‌و خورافەی هیچ‌و پووچ و رازی کەهەنووتیی دزە بۆ نەکراو و سرووتی منداڵانە. کەواتە بالێگەڕیین عەقڵی مرۆڤ بایەخ بەسروشت‌و ئەو شتانە بدات کەدەتوانین تێیان بگەین‌و ڕاستییە ماقوول‌و زانیارییە سوود بەخشەکان. بالەوەهمە بی قازانجەکان بۆ مرۆڤایەتی ڕزگار ببین, لەوکاتەدا ڕاو بۆچوونی سوود بەخش بۆ خەڵکی بەشێوازێکی سروشتی لەو عەقڵانەدا زاڵ دەبێ کەوا دەزانرا تاهەتایە لەپێناوی بەرژەوەندیی تێگەیشتنی هەڵەدا قۆرخ کراوە."**

ئاشکرایە کەهوڵباخ نیازی نەبوو بچێتە مشتومڕێکی ڕاستەقینەوە لەبارەی نەریت‌و ڕۆڵی لەکۆمەڵدا. نەریت لێرەدا تەنها سایەیەکی لاوەکیی تازەگەرییە, یان بینایەکی نابەجێیە دەتوانرێ بەئاسانی وەلاوە بنرێ. ئەگەر بمانەوێ بەڕاستی لەنەریت بگەین نابێ وای لەگەڵدا مامەڵە بکەین کە گەوجییەکی رووتە. بناغەی وشەی "نەریتەکان" لەزمانی ئینگلیزیدا بۆ وشەیtradere کە مانای گواستنەوە, یان دانی شتێك بەیەکێك بەمەبەستی پاراستنی دەبەخشێ. ئەم وشەیە لەبناغەدا لەیاسای ڕومانیدا بەکارهێنرا, کە ئاماژەی بۆ یاساکانی میرات دەکرد. چونکە دەبوو ئەو موڵکدارییەی لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەمایەوە پشت بەمتمانە ببەستێ. واتە میراتگر ناچارە بیپارێزێت‌و چاودێری بکات.

رەنگە واش دەرکەوێ کەبیرۆکەی نەریت, بەپێچەوانەی تەنوورە ئوسکۆتلەندییەکان‌و ئامێری هەوادارە[1] مۆسیقییەکانەوە, لەچەندین

[1] لێرەدا پێشتریش وەرگێڕی عەرەبی وشەی (القرب)ی بەکارهێناوە، کەدەکرێ بەشێوەی (قورب) واتە نزیکی‌و (قیرەب) واتە گۆزەکان بخوێنرێتەوە، یان مانای (قوربان)یش

www.pertwk.com

سەدەوە دۆزراوەتەوە. بەڵام زاراوەی " نەریتەکان "وەکو ئەمڕۆ بەکاردەهێنرێ, زادەی دووسەد ساڵی دوایی مێژووی ئەوروپایە. لەچاخە ناوەڕاستەکاندا هیچ بیرۆکەیەك لەسەر نەریتەکان لەئارادا نەبوو, ئەمیش هەر بەوشێوەیەی لەچەمکی سەرچڵیدا بەدی کرا کەلەبەشی پێشوودا باسم لێوە کرد. هیچ پێویستییەك بۆ ئەو ناوە نەبوو, چونکە داب‌و نەریتەکان , بەوردی لەهەموو شوێنەکاندا هەبوون.

کەواتە بیرۆکەی نەریتەکان لەداهێنانی تازەگەرییە. ئەمەش ئەوە ناگەیەنی کەنابێ مرۆڤ بۆ کۆمەڵە ( پێش تازە )و ( ناڕۆژئاواییەکان ) بەکاری بێنێ, بەڵام ئەو قسەیەی تێدایە کەدەبی بەجۆرە وریاییەکەوە لەلێکۆڵینەوەی وشەی نەریتەکان نزیك ببینەوە. بیریارانی سەردەمی ڕووناکبینی دەیانویست لەڕیگای بەیەك کردنی نەریت‌و دوگماو نەزانی, پاساو بۆ نوقم بوونیان لەنێو هەموو تازەیەك بدۆزنەوە.

لەبەر ڕۆشنایی خۆ دوورخسنەوەمان لەلایەنگیرییەکانی فەیەلەسووفەکانی سەردەمی ڕووناکبینی , ئەوا پرسیا ری پێویست ئەمەیە: دەبی چۆن لەنەریتەکان بگەین؟ ڕەنگە گەڕانەوە بۆ نەریتە داهێنراوەکان خاڵیکی سەرەتایی باش بێت بۆ ئێمە. (هۆزباوم و ڕێنجەر) لەم ڕووەوە پێیان وایە کەنەریتە داهێنراوەکان ڕەسەن نین, بەڵکو وەرگیراون. لەبری ئەوەی رووەێکی خۆڕسك ( تلقائی ) بن‌و, وەکو سەرچاوەی هێز بەکاردەهێنرێن، جگە لەوەش کەبۆ مێژوویەکی دوور ناگەڕێنەوەو, ئەو قسەیەش کەگوایە پەیوەندییەکی بەردەوام

---

ببەخشێ کەبریتییە لەسەربڕین ئاژەڵ بۆ نزیك بوونەوە لەخودا. نازانم مەبەست بەوردی کامیانە؟ (و.ك)



لەنێوان ئەو نەریتانەو رابوردووی دوور هەیە, چەواشەکارییەکی گەورەی تێدایە.

ئەوەی هۆزبوم‌و ڕێنجەر گوتیان, ئاوەژووی دەکەمەوە بۆ ئەوەی لەسەر سەری بوەستێ. من لافی ئەوە لێ دەدەم کەهەموو نەریتەکان داهێنراون. بەهیچ شێوەیەك لەکۆمەڵێکی بەتەواوی نەریت پارێز لەئارادا نییە. هەروەها داب‌و نەریتەکان لەبەر چەند هۆیەك داهێنراون. ناشبی ئەو گریمانەیەمان هەبێ کەدامەزراندنی هۆشئامێز (واعی) ی نەریتەکان تەنها زادەی چاخی تازەیە، جگە لەمەش نەریتەکان هەمیشە هێزێکیان لەئامێزدایە, چ ئەم نەریتانە بەمەبەست دروست کرابووبن, یان نە. پاشاو ئیمپراتۆرو کاهینەکان لەکۆنەوە نەریتیان داهێناوە بۆ ئەوەی لەگەڵ مەبەستەکانیاندا بگونجێ‌و شەرعییەتێك بەفەرمانڕەواییان ببەخشێت.

لەڕاستیدا بیرکردنەوە لەنەریت گوایە توانای گۆڕانی نییە نیمچە خورافەیەکە. نەریتەکان بەدرێژایی کات دەگۆڕێن, بەڵام بۆیان هەیە لەپڕ بگۆڕدرین‌و وەرچەرخێن. ئەگەر بۆم بلوێ, ئەوا دەڵیم داهێنراون‌و سەرلەنوێ دادەهێنرێنەوە.

هەڵبەتە بەشێکی نەریتەکان وەکو ئەوەی بەئایینە گەورەکانەوە گرێ دراون, سەدان ساڵە ماوەتەوە. بۆ نمونە, ڕێنماییە بنەڕەتییەکانی ئیسلام, کەهەموو موسڵمانان پابەندن پێیەوەو ماوەیەکی زۆر درێژە ماونەتەوە. لەگەڵ ئەمەشدا, رادەی بەردەوامی لەم بیروباوەڕانەدا هەرچەند بێت, ئەوا لەگەڵ گۆڕانکاریەکاندا هەر دەگونجێن. بەتایبەت گۆڕانکاریە شۆڕشگێڕانەکان, لەڕووی چۆنێتی ڕاڤەکردن‌و هەڵسوکەوت لەئاستیدا. هیچ شتێك لەئارادا نییە پێی بوترێ نەریتی بەتەواوی ( خاوێن ). ئیسلام, وەکو ئایینەکانی دیکە

www.pertwk.com

پشتی بەسەرچاوەی ڕۆشنبیریی جۆراو جۆر بەست– واتە بەنەریتی دیكە. ئەمەش بەشێوەیەكی گشتی بەنیسبەت ئیمپراتۆریی عوسمانییەوە ڕاستە، كە بەدرێژایی سالان كاریگەرییە ڕۆشنبیرییەكانی عەرەب و فارس و یۆنانی و ڕۆمان و بەربەرو تورك و هێندییەكانی، لەنێوان نەتەوەی دیكە، بەخۆوە گرت.

بەڵام هەڵەیە ئەگەر پێمان وابێ هەر كۆمەڵە ڕەمزو ڕەفتارێك دەبێ ماوەیەكی زۆر بمێننەوە تابەنەریت دابنرێن. گوتاری پاشایەتی كەهەموو ساڵێك لەیادی لەدایك بوونی مەسیحدا بڵاودەكرێتەوە لەبەیتانیا، بۆتەنەریتێك، سەرەڕای ئەوەی دەگەڕێتەوە تەنها بۆ ساڵی 1932، مانەوە بەدرێژایی ماوەیەكی دوور یەكێك لەخەسڵەتەكانی نەریت و ئەو ڕەفتارو شێوە نزیك و بەربڵاوەی دیكە نییە كەپێی دەگوترێ دابەكان Customs. خەسڵەتی جیاكەرەوەی نەریتەكان سرووت و دووبارەبوونەوەیە. هەروەها نەریتەكان بەخاسیەتی كۆمەڵ و گروپ و كۆمەڵە ناوخۆییەكان دادەنرێ، ڕەنگە تاكەكان پەیڕەوی لەداب و نەریتەكان بكەن. بەڵام نەریتەكان وەكو خووڕەوشت Habits تایبەتمەندیی هەڵسوكەوتی تاكەكان نین.

ئەوەی نەریتەكان جیادەكاتەوە ئەوەیە كەجۆرێكی ڕاستییەكان دەستنیشان دەكەن، كەدەبێتە مایەی ئەوەی هەر كەسێك پەیڕەوی لەسرووتێكی نەریت دەكات نابێ پرسیار لەبارەی بەدیلی دیكە بكات. بەهەر ڕادەیەكیش گۆڕان بەسەر نەریتدا بێت، ئەوا لەكۆتاییدا چوارچێوەیەكی سەرچاوە ئاسای ئەوتۆ دەخاتە روو سەبارەت بەو كردارەی دەتوانرێ بەبەردەوامی بكرێ تا ڕادەیەكی زۆر بێ ئەوەی ببێتە مایەی پرسیار. پاسەوانانی نەریتەكان هەمیشە پیاوانی





عاقڵ وكاهن و ژیرو فەرمانڕەوان، ئەمانەش وەكو شارەزایان نین.. ئەمانە بەو سیفەتە دەگەنە ئەو پلەیەی خۆیان و هێزیان وەدەست دەهێنن كەتاقە كەسانی شیاو بۆ ڕاڤەكردنی راستیی سرووتە نەریت ئاساكان. تاقە كەسانن كەدەتوانن رازی مەعنا راستەقینەكانی دەقە پیرۆزەكان و ئەو رەمزانەی دیكە بكەنەوە كەلە سرووتە بەكۆمەڵەكاندا جێیان كراوەتەوە.

مەبەستی سەردەمی رووناكیبنی روخاندنی دەسەڵاتی نەریتەكان بوو، لەوەشدا بەشێوەیەكی جوزئی سەركەوت. نەریتەكان بۆ ماوەیەكی درێژ لەزۆربەی كۆمەڵە ئەوروپاییە تازەكاندا بەهێزی خۆی مایەوەو لەكۆمەڵەكانی دیكەی جیهاندا جێگیرتر بوو. زۆر نەریتیش دۆزرانەوەو، نەریتی تازەی دیكەش دروست بووە. كۆششی دڵسۆزانەش هەبوو لەلایەن هێندێ كەرتی كۆمەڵەوە بۆ پاراستن و راهێنانی نەریتە كۆنەكان. ئەمەش بەپلەی یەكەم و پێش هەموو شتێك جەوهەری بابەتی فەلسەفە پارێزگارەكانە. ڕەنگە چەمكی نەریت چەمكی هەرە گرنگی ئاڕاستەی پارێزگارانە بێت، چونكە پارێزگاران پێیان وایە ژیریی كۆكراوەی تێدایە.

هۆیەكی دیكە هەیە بۆ بەردەوامی نەریتەكان لەدەوڵەتانی پیشەسازیدا ئەوەیە كە ئەوگۆڕانكارییە سیستمییانەی دەرەنجامی تازەگەرین، تاڕادەیەكی زۆر تەنها سیستمە گشتییەكانیان گرتۆتەوە– بەتایبەت حكوومەت و ئابووری، كەچی شێوازە ئاساییەكانی شت كردن بەردەوام بوون، یان لەچەندین لایەنی دیكەی ژیاندا، بەژیانی رۆژانەشەوە، دروست كراونەتەوە. ڕەنگە مرۆڤ بتوانێ بڵێ جۆرە پێكەوە ژیانێك لەنێوان تازەگەری و نەریتەكاندا هەیە. لەزۆربەی

ولاتاندا خێزان و رەفتاری سێکسی و جیاکردنەوەی هەردوو جۆرەکە بەڕادەیەکی گەورە بەداب و نەریتەکان شەلاڵن.

ئەمڕۆ دوو گۆرانکاری بناغەیی روو دەدەن لەسایەی کاریگەریەکانی بەجیهانی بووندا. لەکۆمەڵە رۆژئاواییەکاندا نەك تەنها سیستەمە گشتیەکان بەڵکو ژیانی رۆژانەش خەریکە لەچنگی نەریتەکان رزگار دەبێت. بەلام ئەو کۆمەلانەی دیکەی جیهان کە نەریت پارێز بوون او پاشەکشێیەکی نەریتەکان ( Detradition alization) بەخۆوە دەبینن. پێم وایە ئەمەش جەوهەری کۆمەڵی کۆزمۆپۆلیتیی جیهانی سەرهەڵداوە, کەپشتر ئاماژەم بۆ کرد.

ئەمە ئەو کۆمەڵەیە کەپاش قۆناغی سروشتی دەژی, چەند لایەنێکی دیاری کراوی جیهانی فیزیکی, تا ئێستاش دەتوانرێ بە سروشتی دابنرێ, یان بەشێوەیەکی دیکە کاریگەری دەستتێوەردانی مرۆڤی بەسەرەوە نییە. کۆمەڵێکیشە لەقۆناغی پاش کۆتایی نەریتەکاندا دەژی. کۆتایی نەریتەکان ئەوە ناگەیەنێت کەچیدی نەریت نامێنێ, وەکو بیریارانی سەردەمی رووناکبینی دەیانویست. بەپێچەوانەوە, لەهەموو شوینێکدا وبەشێوازی جۆر بەجۆر لەسەر پەرەسەندن بەردەوام دەبن. بەلام نەریتەکان ئەگەر بۆم هەبێ مەسەلەکە بەم شێوەیە دابڕێژم, بەشێوازێکی کەمتر نەریتپارێز, بەبەردەوامی دەردەکەون. شێوازی کەمتر نەریت پارێز- بریتیە





لەداکۆکی لەنەریتەکان لەڕووی دووپاتکردنەوەی لافی ناوەوەیە کە گوایە ڕاستیی بەلاوەیە[1].

جیهانێك کەتازەکردنەوەی تێدا تەنها لەسەر ناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراو قۆرخ نەکرابێ , بەڵکو بووبێتە مەسەلەیەکی یەکلاکەرەوەی سەرتاسەری جیهان, رەنگدانەوەی بەسەر نەریتەکاندا هەستپێکراوە. نەریتەکان و زانست جار جارێ بەشێوازگەلێکی ورووژێنەرو سەیر تێکەڵ دەبن. بۆ نموونە ئەومشتومڕە فراوانە بگرە سەبارەت بەرووداوی خواردنەوەی ماستاو لەلایەن هەندێك لەکاهینە هیندۆسییەکانی هیندستان لەساڵی 1995 دا. لەهەمان رۆژدا ملیۆنان کەس نەك تەنها لەهیندستاندا, بەڵکو لەهەموو جیهاندا, هەوڵیان دا ماستاو بۆ بۆچوونێکی پیرۆز بخەنەڕوو. دێنیس ڤیداڵ D.Vidal کە ئەنترۆپۆلۆژییەکە سەبارەت بەم دیاردەی نووسی, سەرنجیداوە کە:

> ڕەنگە کاهینە هیندۆسیەکان سەرکەوتبێتن لەخستنەڕووی یەکەمین موعجیزەی گونجاو لەگەل سەردەمێکدا کەدروشمی بەجیهانی بوون داپۆشیوە, ئەویش بەدەرخستنی خۆیانە لە هەموو ئەو وڵاتانەی جیهان کەهیندۆسیان تێدا ژیاوە لەهەمانکاتدا. ئەوەی مایەی ورووژاندنە ئەوەیە وەك چۆن کردەوەکە بەرفراوانی لەلایەن باوەڕداران و ناباوەڕداران بەهیندۆسییەوە هەستی پێکرا, هەست بەپێویستیش کرا بۆ تاقیکردنەوە زانستیەکان بۆ ئەوەی مۆرکی



[1] لێرەدا دەقی بۆچوونەکەی وەرگێردراوی عەرەبیم وەکو خۆی بۆ زمانی کوردی وەرگێڕاوە، بەلام پێم وایە دەبێ مەبەستی نووسەر ئەوە بێ کە نەریتەکان دەمێننەوە بەلام جەخت لەسەر ئەوە ناکرێ کەراستییەکان موڵکی ئەم نەریتانەن. (و.ك)

متمانەیی بەموعجیزەکە ببەخشرێ. زانست بانگ کرا بۆ خزمەتی ئایین.

لەم نمونەیەدا نەریتەکان نەك هەر زیندوون بەڵکو دەشبووژێنرێنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بەشێوەیەکی ئاسایی نەریتەکان لەبەردەم تازەگەری مل کەچ دەبنو، ئەمەش لەهەندێ هەڵوێست دا لەهەموو شوێنەکانی جیهاندا دەکات. ئەو نەریتانەی ناوەڕۆکیان پووچەڵ دەکرێنەوە و مۆرکی شمەك بەخۆوە دەگرن، یان دەبنە کەلەپوور Heritage یان سووكو بێ بایەخ دەکرێن، وەکو ئەو ئەنتیکانەی لەدووکانەکانی فرۆکەخانەکاندا دەفرۆشرێن. پیشەسازی کەلەپوور نەریتەکانی کردۆتە کەلەپوورێکی نێو قوتوو و ئامادە بۆ خستنەڕوو (العرض). رەنگە بینا تازەکراوەکانی شوێنە گەشتیارییەکان زۆر جوان بن، رەنگە پرۆسەکانی تازەکردنەوەش سووربن لەسەر پاراستنی ڕەسەنایەتی لەوردترین وردەکاریدا. بەڵام ئەو کەلەپوورەی لەئەنجامی پرۆسەی تازەکردنەوەوە پارێزراوە، بەشادەماری ژیانی نەریتەکانو بەگرێدراوی لەگەڵ شارەزایی ژیانی رۆژانە پاڵپشتی دەکرێت.

بەبۆچوونی من، دان نان بەپێویستی کۆمەڵ بەنەریتەکان کارێکی بەتەواوی عاقڵانەیە، ناشبێ بەبۆچوونی سەردەمی رووناکبینی قایل بین کەدەڵێ دەبێ جیهان خۆی لەتێکڕای نەریتەکان رزگار بکات. ئێمە پێویستمان بەنەریتەکان هەیە، کە دەشمێننەوە چونکە بەردەوامیو شێوەیەك بەژیان دەبەخشن. ژیانی ئەکادیمی بەنموونە وەربگرە هەر یەکێکی جیهانی ئەکادیمیا لەناو چوارچێوەی نەریتەکاندا دەژی. تەنانەت بەشەکانی پسپۆڕی ئەکادیمیش وەکو ئابووری و



www.pertwk.com



کۆمەڵناسیو فەلسەفە، هەریەکە بەتەنها نەریتەکانی خۆی هەیە. هۆی ئەمەش ئەوەیە کەکەس ناتوانێ بەشێوازێکی بژارکارانە ( انتقائی) ی تەواو کار بکاتو، بەبێ نەریتە فکریەکان، بیرو بۆچوونەکان چەقی بایەخو ئاراستەی خۆیان نابێ.

لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکی دانەبڕاوی نەریتە ئەکادیمیەکان بریتییە لەدۆزینەوەی بەردەوامی سنوورەکانی ئەم جۆرە نەریتانەو کارکردن بۆ هاندانی ئاڵوگۆڕی کار لەنێویاندا. نەریتەکان دەکرێ بەشێوەیەکی وردو بەشێوازێکی نائاسایی بناسرێنو، دەبێ ئەمەش پاشەرۆژیان بێت. سرووتو ئاهەنگەکانو دووبارەبوونەوە رۆڵێکی کۆمەڵایەتیی گرنگ دەگێڕنو، ئەمەش شتێکە زۆربەی ڕێکخراوەکان ، بەحکومەتەکانیشەوە لێیتێدەگەنو چاودێری دەکەن. پاراستنی نەریتەکانیش تا ئەوکاتە بەردەوام دەبێ کەبتوانرێ بەشێوەیەکی کاریگەر– نەك لەبەر رۆشنایی سرووتەکانی ناوەوەی، بەڵکو بەبەراورد لەگەڵ شێوازەکان یان نەریتەکانی دیکەی کردنی شتەکاندا– هۆی بوونی بسەلمێنرێ.

ئەمە، تەنانەت بەنیسبەت نەریتە ئایینیەکانیشەوە راستە. ئایین بەشێوەیەکی گشتی بەبیرۆکەی بۆچوونەوە بەستراوەتەوە کە جۆرێکە لەبازدانی سۆز ئامێز بەرەو باوەڕ. بەڵام لەجیهانی کۆزمۆپۆلیتیدا، ژمارەیەکی گەورەتری خەڵکی، گەورەتر لەهەموو سەردەمێکی پێشووتر، بەشێوەیەکی رێكوپێك لەپەیوەندیدا دەبن لەگەل چەند خەڵکانێك کە بەشێوەیەکی جیاواز لەوان بیردەکەنەوە. ئەمەش پێویستی بەوەیە لانی کەم لەپەناوە، پاساو بۆ بۆچوونەکانیان بێننەوە بۆ خۆیانو خەڵکانی دیکەش. ناشکرێ مەعقولیەتێکی زۆر

www.pertwk.com

لەبەردەوامی سرووت و رەفتارە ئایینیەکان لەکۆمەڵێکدا هەبێ کەنەریتەکان تێیدا پاشەکشێ دەکەن. ئەمەش ئەو شێوازەیە کەدەبێ کاروبارەکانی لەسەر بێ.

سەرەڕای ئەوەی نەریتەکان رۆڵیان دەگۆڕدرێ, بەڵام میکانیزمی تازە دێنە ناو ژیانمانەوە. دەشتوانرێ بەوشێوەیە بڕوانرێتە ئەم میکانزمە کەپەیوەندی توند کردن و ڕاکێشانی نێوان سەربەخۆیی رێژەیی کردەوەو ناچارکارییە لەلایەکەوەو هەردوو ئاڕاستەی کۆزمۆپۆلیتی و ئوسووڵی لەلایەکی دیکەوە. هەر کەنەریتەکان پاشەکشێ بکەن ناچار دەبین بەشێوازێکی پێچەوانەو کراوەتر بژین. لێرەدا دەکرێ سەرەبەخۆیی خودیو ئازادی جێی هێزی شاراوەی بگرنەوە لەرێگای مشتومڕو دیالۆگی کراوەتر. بەڵام ئەم ئازادییانە کێشەی دیکە بەداوی خۆیاندا دێنن, بەڵام ئەو کۆمەڵەی لەسایەی لایەنەکەی دیکەی نەریتەکان و سروشتدا دەژی– وەکو ئەوەی نزیکەی هەموو کۆمەڵە ئەوروپیەکانی ئەمڕۆی تێدایە–ئەوا کۆمەڵێکە بانگەشە بۆ بڕیاردان لەژیانی ئەمڕۆو بوارەکانی دیکە دەکات. لایەنی تاریکی بڕیاردانیش بریتییە لەدەرکەوتنی راهاتن و ناچار کردن. لێرەدا شتێکی ورووژێنەر, کەمایەی دوودڵیشە, روودەدات, ئەمەش زیاتر لەنێو وڵاتە پێشکەوتووەکاندایە. بەڵام لەنێو گروپە هەرە دەوڵەمەندەکانی وڵاتانی دیکەشدا سەرنجی دەدەین. ئەوەی لێرەدا لێی دەدوێم بڵاوبوونەوەی بیرۆکەی راهاتن (الادمان) و بوونیەتی بە واقیع. بیرۆکەی راهاتن لەبناغەدا تەنها لەسەر خواردنەوەی مەشروبە کحوولیەکان و بەکارهێنانی مادە بێهۆشکەرەکان بەکاردەهێنرا. بەڵام هەر بوارێکی چالاکی, دەکرێ ئەمڕۆ دووچاری داگیرکردنی بیرۆکەی راهاتن بێت , دەکرێ مرۆڤ بەکارکردن، وەرزشکردن یان خواردن یان سێکس یان خۆشەویستی رابێت. هۆی ئەمەش ئەوەیە کە ئەم





چالاکییانەو دوورایییەکانی دیکەی ژیان ئێستا وایان لێهاتووە کەکەمتر دووچاری سنوور بۆ دانانی بونیادی دەبن لەلایەن نەریت و خووەوە, لەوەی جاران دووچاری دەبوون.

راهاتن وەکو نەریتەکان پەیوەندیی بەکاریگەری رابردوو بەسەر ئێستاوە هەیەو , وەکو ئەوەی لەنەریتەکاندا هەیە , دووبارەبوونەوە رۆڵێکی بناغەیی دەبینێ. بەڵام رابوردووی مایەی پرسیاری ئێرە رابردوویەکی تاکە کەسییە نەك هی کۆمەڵ. جگە لەوەش کە دووبارەبوونەوە لەئەنجامی دەمارگیرییەوە دروست دەبێت. من واش دەڕوانمە راهاتن کەوا سەربەخۆییەکی تەزیوە. هەر چوارچێوەیەکی پاشەکشێی نەریتەکان رادەیەکی گەورەتری ئازادی کار, بەراورد لەگەڵ ئەوەی پێشووتری, دەرەخسێنێ. لێرەدا ئێمە لەڕزگارکردنی مرۆڤایەتیی لەکۆتەکانی رابردوو دەدوێین, لەو کاتەشدا راهاتن دەردەکەوێ کە هەڵبژاردنی هەڵقولاو لەسەربەخۆیی خودیی لەڕێگای دمارگیرییەوە تێکبشکێنرێ. لەرێگای نەریتەکانیشەوە رابردوو لەرێگای بیروباوەڕو هەستە کۆمەڵایەتییە هاوبەشەکانەوە ئێستا دەستنیشان دەکات. بەڵام راهاتوو رابردووی خۆیشی دووردەخاتەوە, بەڵام بەهۆی ئەوەوە کەناتوانی لەوخووەی ژیانی خۆی رزگار بکات کە لەبناغەدا بەئازادی هەڵیبژاردووە.

چونکە کاریگەری داب و نەریتەکان لەسەر ئاستی جیهان کەم دەبێتەوە, ئەوا بناغەی ناسنامە خودییەکان و هەستمان بەخۆشمان دەگۆڕێ, لەهەڵوێستە هەرە نەریت پارێزەکاندا, هەست بەخود تا ڕادەیەکی زۆر لەڕێگای هەلومەرجی کۆمەڵایەتی تاك لەکۆمەڵی ناوخۆییدا دەچەسپێ. لەهەر شوێنێکیشدا نەریتەکان پاشەکشێ بکەن و شێوازە هەڵبژێردراوەکانی گوزەران زاڵ ببن, ئەوا خود باج

www.pertwk.com

دەدات. ناسنامەی خۆیەتی لێرەدا دەبێ دروست بکرێت‌و سەرلەنوێ لەسەر بناغەی کاراتر لەوەی پێشوو دروست بکرێتەوە. ئەمەش ئەوە ڕاڤە دەکات کە بۆچی چارەسەریی دەروونی‌و هەمە جۆرە راوێژکارییەك تاڕادەیەکی زۆر لەولاتانی رۆژئاوا باوە. کەفرۆید شیکردنەوەی دەروونیی تازەی داڕشت, وایزانی بناغەی چارەسەریی زانستیانەی دەمارگیری دادەنێ. کەچی ئەوەی فرۆید بەکردەوە دەیکرد ئەوەبوو کە میتۆدێکی تازەکردنەوەی ناسنامەی خۆیەتی لەقۆناغی سەرەتایی نەریت خوازی ڕۆشنبیریدا دادەمەزراند. دەرەنجامی کۆتایی ئەوەی لەبواری شیکردنەوەی دەروونیدا روویدا ئەوەیە کەتاك سەردانی رابردووی خۆی دەکات بۆ ئەوەی سەربەخۆیی خۆیەتی زیاتر لەداهاتوودا بخولقێنێ. ئەمە تارادەیەکی زۆر بەنیسبەت گروپەکانی یارمەتی خۆیەتییەوە راستە کە لەکۆمەڵە ئەورووپییەکاندا دادەمەزران. لەدیدارەکانی راهاتووە گومناو کراوەکانی کحول, بۆ نموونە تاکەکان مێژووی ژیانی خۆیان وەبیر دێننەوەو, لەکاتی ئارەزوو دەربڕینیان بۆ گۆڕین لەلایەن ئەوانی دیکەوە پشتگیری دەکرێن‌و, لەبناغەشدا لەڕێگای نووسینەوەی ژیاننامەیانەوە چاك دەبنەوە.

ململانێی نێوان راهاتن‌و سەربەخۆیی لەیەکێك لەدوولایەنی بەجیهانیبووندا جێگیرەو، لەلایەکی دیکەشدا پێکدادانی هەردوو ئاڕاستەی کۆزمۆپۆلیتی و ئوسولی جێگیرە. رەنگە خەڵکانێك پێیان وابێت کە ئوسوڵیەت هەر هەبووە, بەلام مەسەلەکە وانییە. بەڵکو وەکو وەڵامدانەوەیەکی کاریگەرییەکانی بەجیهانی بوون, کەلەدەوروبەرماندا دەیبینین, هاتە ئاراوە. خودی زاراوەکەش بۆ





سەرەتای سەدە (واتە سەدەی بیستەم) دەگەڕێتەوە, کەلەو کاتەدا بۆ ئاماژە کردن بۆ بیروباوەڕی هەندێك لەتیپە پرۆتستانتییەکانی ویلایەتەیەکگرتووەکان بەکارهێنرا. بەتایبەت ئەوانەی تیۆرییەکەی (داروین) یان رەتکردەوە, بەلام تا نزیکەی کۆتایی پەنجاکان وشەی ئوسوڵیەت لەچوارچێوەی وشە زمانەوانییەکانی نێو فەرهەنگی ئۆکسفۆردی زمانی ئینگلیزیدا نەبوو, بەڵکو بەکارهێنانی تەنها لەشەستەکانەوە بلاوبۆتەوە.

ئوسوڵیەت (ریشەخوازی Fendimentalism) هاو مەعنای توندڕەوی‌و دەسەلاتخوازی نییە. ئوسوڵیەت بانگەشەی گەڕانەوەیە بۆ دەسنووس‌و دەقە بناغەییەکان, کەدەبێ بەدەقاودەق لێی تێبگەن. پێیوایە کە ئەو ڕینماییانەی لەو جۆرە تێگەیشتەنەوە هەڵدەهێنجرێن دەبێ بەسەر ژیانی کۆمەلایەتی یان سیاسی یان ئابووریدا پیادە بکرێ‌و, بایەخی تازە دەداتە پاسەوانی نەریتەکان. تەنها ئەوان دەتوانن پەی بە(مانای راستەقینەی دەقەکان) ببەن. پاش ئەوەش پیاوانی ئایین‌و راڤەکارە باشەکان, جگە لەهێزە ئایینیەکە هێزێکی دنیاییش وەدەست دێنن. رەنگە راستەوخۆ دەست بەسەر فەرمانڕەواییدا بگرن- وەکو لەئێراندا روویدا -یان بەهاوپەیمانی لەگەڵ حزبەکانی دیکە کار دەکەن.

وشەی ئوسوڵیەت بەوشەیەکی مایەی بۆچوونی جیاواز دادەنرێ, چونکە زۆربەی ئەوانەی وەسفی ئوسووڵییەکان بەسەردا پیادە دەبێت قایل نین بەپیادەکردنی زاراوەکە بەسەریاندا. لێرەشەوە پرسیاری پێویست ئەمەیە, ئایا دەتوانین مەعنایەکی بابەتی بەزاراوەکە

www.pertwk.com

ببەخشین؟ پێموایە ئەوە دەکرێ و بەم شێوەیەش دەستنیشانی دەکەم:–

**ئوسولیەت کۆمەڵە نەریتێکی شوورە بەدەوردا کێشراوە, بە پێی تەعبیری ئینگلیزی. کۆمەڵە نەریتێکە بەشێوازی نەریتپارێز داکۆکی لێدەکرێ- واتە بەئاماژە بەمتمانەی سرووتەکان- لەسایەی جیهانێکی بەجیهان بوودا کەلەبارەی هۆیەکانەوە پرسیار دەکات. بۆیە ئوسولیەت پەیوەندی بەچوارچێوەی بیرو باوەڕەکانەوە نییە, چ بیروباوەڕی ئایینی بن, یان هی دیکە, ئەوەی گرنگە چۆنیەتی توانینی داکۆکیکردنە لەراستگۆیی بیروباوەڕەکان, یان جەخت لەسەر کردنیەتی.**

ئوسولیەت پەیوەندی بەبیروباوەڕی خەڵکەوە نییە. بەڵام وەکو نەریتەکان بەشێوەیەکی گشتی تر, پەیوەندی بەهۆیەکانی باوەڕپێهێنانیان و چۆنیەتی پاساو بۆ هێنانەوەیان هەیەو, تەنها لەبواری ئایینیدا نییە. بەدڵنیایەوە سوپای سووری چین, بەتەرخانکردنی کتێبە سوورە بچووکەکەی ماو, ئوسوڵی بوو. هەروەها ئوسولیەت لەپلەی یەکەمدا نەبەستراوەتەوە بە بەرگریکردنی ڕۆشنبیرییە تا تەوقی سەر نوقمی نەریتخوازییەکانی بەڕۆژئاواییبوون –رەتکردنەوەی شیبوونەوەی ڕۆژئاوایی– چونکە ئوسولیەت دەتوانی لەسایەی هەموو شێوە نەریتخوازەکاندا سەر هەڵبدات و, بەئاڵۆزی و لێکدانەوەی هەمەلایەنەو، ناسنامەی هەمەلایەنەوە خەریك نابێت. ئوسولیەت رەتکردنەوەی دایەلۆگە لەجیهانێکدا کەسەلامەتی و بەردەوامی پشت بەدیالۆگ دەبەستێ.

ئوسولیەت زادەی بەجیهانیبوونەو, لەگەڵیدا ڕادێت و بەکاریشی دەهێنێ لەهەمان کاتدا. کۆمەڵە ئوسولیەکان, تاڕادەیەك لەهەموو



جیهانێکی لێکترازاو

شوێنەکانداو بەچڕی تەکنەلۆژییە تازەکانی پەیوەنییان بەکارهێنا. پێش ئەوەی لەئێراندا ئایەتوڵڵا خومەینی فەرمانڕەوایی بەدەستەوە بگرێ, کاسێتی ڤیدیۆو تەسجیلی و سەبارەت بەرێنماییەکانی بڵاو کردەوە: هەروەها جەنگاوەرەکانی هێندۆتاوا بەچڕی تۆڕی ئینتەرنێت و پۆستی ئەلیکترۆنی (ئیمەیل) یان بەکارهێنا بۆ ئەوەی هەستێك بەناسنامەی هیندۆسی بخوڵقێنن.

هەر شێوەیەکیش بەخۆوە بگرێ –ئایینی یان رەگەزایەتی یان نەتەوایەتی یان سیاسی راستەوخۆ–من پێم وایە ڕاستییەکە ئەوەیە کەئوسولیەت بەکێشەیەکی مایەی سەرئێشە دابنرێ, چونکە بەلای ئەوەدا دەشکێتەوە توندوتیژی بەکار بهێنێت و دژی بەها کۆزمۆپۆلیتییەکانە.

بەڵام ئوسولیەت تەنها دژی تازەگەریی بەجیهانیبوون نییە, بەڵکو چەندین پرسیاری لێدەکات کەگرنگترینیان ئەمەیە, ئایا دەتوانین لەجیهانێکدا بژین کەشتی پیرۆزی تێدا نەبێت؟ خۆم بەناچار دەبینم بڵێم پێم وایە ناتوانین. پێویستە خاوەن بۆچوونە کۆزمۆپۆلیتییەکان– کەخۆم بەیەکێکیان دەزانم –ئەوە روون بکەنەوە کەلێکبووردن و دیالۆگ دەکرێ لەخودی خۆیاندا لەلایەن چەند بەهایەکی خاوەن مۆرکی گشتییەوە ئاراستە بکرێن.

ئێمە پێویستمان بەپابەندیی ئەخلاقیی ئەوتۆ هەیە کەگەورەتر بێ لەگرنگیدان بەشتە بچووکەکانی ژیانی رۆژانە, دەبێ ئامادە بین بۆ داکۆکی کردن لەم بەهایانە لەهەر شوێنێکدا کەم پەرەیان سەندبێ یان هەڕەشەیان لێبکرێت، ئەخلاقییەتە کۆزمۆپۆلیتییەکان لەخودی خۆیاندا پێویستیان بەوە هەیە کەبە شێلگیرییەکی زۆرەوە روون بکرێنەوە چونکە هیچ کەسێکمان هیچی بۆنامێنێتەوە لەپێناویدا بژی ئەگەر شتێکی ئەوتۆی نەبێت کەشایەنی ئەوەبێت لەپێناویدا بژی.

# خێزان

لەنێوان هەموو ئەو گۆڕانانەی لەجیهاندا روودەدەن لەوانەیان گرنگتریان تێدا نییە کەژیانی تایبەتیمان بەخۆوە دەبینێ, لەبواری رەفتاری سێکسیو پەیوەندی تایبەتیو خێزانو خێزان پێکەوەناندا. شۆرشێکی گەردوونی لەئارادایە لەبواری چۆنیەتی بیرکردنەوە لەخۆمانو پەیوەندییەکانمان لەگەڵ ئەوانی دیکەداو. ئەمە شۆڕشێکە بەشێوەیەکی ناهاوتاو لەزۆر لەرۆشنبیرییو هەرێمەکاندا روودەداتو، رووبەرووی چەندین شێوەی بەرگری دەبێتەوە.

وەکو ئەوەی لەلایەنەکانی دیکەی ئەم جیهانە ترزاوەدا دەبینرێ. ئێمە بەوردی نازانین ئەگەری لێکەوتنەوەی چ جۆرە کێشەیەك یان لایەنی باش رەنگە لەئارادا بێت. بەواتایەکیش, ئەم گۆڕانکاریانە لەهەموو ئەوانەی دیکە قورسترو مایەی دوودڵی زیاترە. زۆربەمان دەتوانین لەزۆربەی حاڵەتدا کێشە گشتییەکان پشتگوێ بخات – ئەمەش یەکێکە لەهۆیەکانی ئاستەم بوونیهاوکاری لەنێوان خۆماندا بۆ چارەسەر کردنی. بەڵام ناشتوانین خۆمان دابڕین لەگێژاوی ئەو گۆڕانەی راستەوخۆ دەگاتە ناوجەرگەی ژیانو ویژدانمانەوە.

ژمارەیەکی کەمی ولاتان مشتومڕی جدی لەبارەی یەکسانی سێکسی، ڕیکخستنی هەڵسوکەوتی سێکسی و پاشەڕۆژی خێزانی تێدا نییە. لەهەر شوێنێکدا دیالۆگی کراوە لەبارەی ئەم مەسەلانەوە نەبێ, ئەوا پتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەبەشێوەیەکی بنەبڕکەرانە

www.pertwk.com

لەلایەن حکوومەتە خوود سەرەکانو گروپە ئوسوڵییەکانەوە خەفە دەکرێ. لەزۆر حاڵەتیشدا ئەم جیاوازییانە یان نەتەوایەتی یان ناوخۆیین. وەکو ئەوەی لەکاردانەوە کۆمەڵایەتیو سیاسییەکاندا دبینرێ, سیاسیەکانو گروپەکانی فشار پێیان وایە ئەگەر تەنها ئەو سیاسەتانە چاك بکرێنەوە کەپەیوەندی بەخێزانەوە هەیە یان تەنها تەڵاقو تەگەرە خستنە بەردەمی لەوڵاتێکدا ئاسان بکرێتەوە , ئەوا ئەمە دەبێتە مایەی گەیشتن بەچارەسەری کێشەکانمان.

بەڵام ئەو گۆڕانانەی کار دەکەنە سەر بوارە تایبەتیو ویژدانیەکان ڕۆدەچنە نێو ئەوخاڵەی قووڵترە لەسنووری وڵاتێکی دیاری کراودا. تەنانەت لەوڵاتێکی هێندەی ویلایەتە یەککگرتووەکان گەورەشدا , ئێمە ئاڕاستەی هاوشێوەی ئەوە لەهەموو شوێنێکدا بەدی دەکەین, کەجیاوازییان لەڕادەی ئاڕاستەکەو ئەو چوارچێوە ڕۆشنبیرییەیە کە تێدا روودەدەن.

بۆنمونە لەچیندا, دەوڵەت هەوڵ دەدات مەسەلەی وەرگرتنی تەڵاق قورستر بکات. دوابەدوای شۆڕشی ڕۆشنبیری چەند یاسایەکی ئێجگار لیبڕاڵ لەبارەی خێزان پێکەوە نانەوە دەرکران. بەپێی ئەم یاسایانە خێزان پێکەوە نان بەجۆرە گرێبەستێکی کار دانرا کەدەکرێ, ئەگەر دووهاوسەرەکە ئارەزوویان لێبوو پووچەڵ بکرێتەوە. تەنانەت ئەگەر لایەکیشیان بەرگری کردبا ئەوا دەکرا تەڵاقەکە وەدەست بهێنرێت لەکاتی نەمانی((هاوسۆزی)) یان دەربارەی خێزان پێکەوە نان. ئەم مەسەلەیە پێویستی بەماوەی دوو هەفتە چاوەڕوانی هەبوو. پاش ئەوە دوو هاوسەرەکە هاوتای چوار





دۆلاریان دەداو پاشان لێك جیا دەبوونەوە. سەرەڕای ئەوەی ڕێژەی تەڵاق لەچیندا, هێشتا بەبەراورد لەگەڵ هاوشێوە ڕۆژئاواییەکانی کەمترە, بەڵام بەخێرایی لەبەرز بوونەوە دایە ئەمەش بەنیسبەت کۆمەڵە ئاساییە پەرەسەندووەکانی دیکەشەوە راستە. لەشارەکانی چیندا, نەك تەڵاق باوترە, بەڵکو ژیانی هاوبەشی بێزەواجیش لەجاران بڵاوترە. بەپێچەوانەی ئەوەشەوە, کاروبارەکان لەلادێی بەربلاوی چیندا بەتەواوی جیاوازە. زەواجو خێزان زۆر نەریت پارێزترن, سەرەڕای ئەوسیاستە ڕەسمییەی لەڕێگای پاداشتو سزا دانەوە سنوور بۆ منداڵ بوون دادەنێ. زەواج لەنێوان دوو خێزاندا تەنها لەلایەن سەرۆکی خێزانەکانەوە ساز دەدرێ. لەبری ئەوەی لەلایەن کەسانی پەیوەندیدارەوە بێت. لێکۆڵینەوەیەکی تازە لەهەرێمی گەنسۆدا, کەئاستێکی نزمی گەشەسەندنی ئابووری بەخۆیەوە دەبینێ, دەریدەخات کە 60 ٪ حاڵەتەکانی زەواج لەلایەن سەرۆکی خێزانەکانەوە ڕێك خراون. پەندێکی چینی هەیە دەڵێ ( یەکجار رووبەڕووبوونەوە, پاشان سەردابنەوێنەو ژن بێنە). هێشتا بەشێکی بزر لەوچیرۆکە لەچینی تازەدا ماوە. زۆر لەوانەی ئێستا لەسەنتەری شارەکاندا لێك جیابوونەتەوە, لەبناغەدا بەپێی شێوازە نەریت پارێزەکەی لادێ خێزانیان پێکەوە نابوو.

لەچیندا زۆر قسە لەسەر پاراستنی خێزان ئەکرێ. لەزۆر لەوڵاتانی ڕۆژئاوا ئەم دیالۆگە شێوەیەکی توندتر بەخۆوە دەبینێ. خێزان گۆڕەپانی ململانێی نێوان تازەگەریو نەریتپارێزییە, بەڵام

تەعبیریشیان لێ دەکات. رەنگە رادەیەکی گەورەتری سۆز بۆ رابوردوو لەدەوروبەری بەهەشتی ونی خێزاندا لەوەی تایبەت بێت بەهەر سستمێکی دیکەی رەگ هاوێشتوو بۆ رابوردوو. سیاسیو رێکخەرە سیاسیەکان ئاماژە بۆ لێکترازانی ژیانی خێزانی دەکەنو داوای گەڕانەوە بۆ خێزانی نەریت پارێز دەکەن.

خێزانی (نەریتپارێز) تاڕادەیەکی گەورە فریزێکی گشتییە، چەندین شێوەی خێزانو جۆرەکانی خزمایەتی لەکۆمەڵو رۆشنبیرییە جۆربەجۆرەکاندا هەبووە. بۆ نموونە خێزانی چینی، بەبەردەوامی جیاواز بووە لەهاوشێوەکانی لەرۆژئاوادا. زەواجی رێکخراو هەرگیز خەسڵەتێکی باو نەبووە لەزۆربەی کۆمەڵە رۆژئاواییەکاندا بەو شێوەیەی لەچیندا هەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا خێزان لەرۆشنبیرییە ناتازەکاندا هەمیشە تا ئێستاش هەندێك خاسیەتی هەیە کەلەهەموو شوێنێکدا هەیە.

خێزانی نەریتپارێز پێش هەموو شتێك یەکەیەکی ئابووری بوو، بەرهەمی کشتوکاڵی بەشێوەیەکی ئاسایی هەموو ئەندامانی کۆمەڵی خێزانی گرتەوە، کەچی گواستنەوەی موڵکداری ئەو بناغە سەرەکییە بوو کەزەواج لەچینی باڵاو ناوەندە ئۆروستوکراتییەکە لەسەری دروست بوو. لەئەوروپای چاخە ناوەڕاستەکاندا خێزان پێکەوەنان لەسەر بناغەی خۆشەویستی سێکسی دانەمەزراوە. واش تەماشا نەدەکرا کە ئەوسیستمە بێت کە چاوەڕوان دەکرا ئەو جۆرەی خۆشەویستی لەسایەیدا پەرەبسەنێ. جۆرج دوبی Doby مێژوونووسی فەرەنسی دەڵێ. "خێزان پێکەوەنان لەچاخە ناوەڕاستەکاندا ئارەزوو و خۆشەویستیو خەیاڵی تێدا نەبوو".



جیهانێکی لێکترازاو

نایەکسانی لەنێوان پیاوانو ژناندا پێکهێنەری بناغەیی خێزانی نەریتپارێزە. پێشم وانییە کەمرۆڤ بتوانێ لەم مەسەلەیەدا زیادەڕۆیی بکات. لەئەوروپا ژنان موڵکی باوکان یان مێردەکانیان بوون. گواستراوی خاوەنداربوون، بەپێی تەعبیری یاسایی. هەڵبەتە ئەم نایەکسانییەی نێوان پیاوانو ژنان بەرەو ژیانی سێکسیش درێژکرایەوە. پێوەرە سێکسیە دوولایەنییەکان بەشێوەیەکی راستەوخۆ بەپێویستیەکانی دابین کردنی بەردەوام بوونی زاوزێو میراتەوە گرێ درابوون. یەکێك لەشتە هەرە روونەکان بەدرێژایی مێژوو ئەوەیە کە پیاوان ژنانیان کردە دۆستو کەنیزەكو قەحبە بۆ خۆیان. پیاوانی دەوڵەمەندتر سەرکێشی سۆزداریان لەگەڵ ژنە خزمەتکارەکاندا هەبوو. بەڵام پیاوان پێویستیان بەدابینکردنی ئەوەهەبوو کەژنەکانیان دایکی منداڵەکانیانن، بۆیە پاراستنی کچێنی کچانو وەفاو دڵسۆزی ژنان لەکارە پەسەندکراوەکان بوون.

تەنها ژنان لەخێزانی نەریتپارێزدا بێ ماف نەبوون، منداڵانیش هەروابوون. لەڕاستیدا بیرۆکەی دانانی مافیمنداڵ لەیاسادا بیرۆکەیەکی تاڕادەیەك تازەیە لەمێژوودا. لەچاخەکۆنەکاندا، بەو شێوەیەی لەڕۆشنبیرییە نەریتپارێزەکاندا ئەمڕۆ هەیە، منداڵان بۆ خۆیان، یان بۆ تێرکردنی خواستی دایك و باوك نەدەویستران. بەڵکو رەنگە بتوانین بڵێین واش نەدەڕوانرایە منداڵان کەتاکی کۆمەڵ بن. ئەوەش بۆ ئەوە نەدەگەڕایەوە کەدایكو باوك منداڵانیان خۆشنەدەویست، بەڵکو بایەخیان دەدانێ بەهۆی بەشداریان لەجێبەجێکردنی ئامانجە ئابوورییەکان پتر لەبایەخدان پێیان بەهۆی خۆیانەوە. لەمەش بەولاتر، رێژەی مردنی منداڵان ترسناك بوو،

www.pertwk.com

لەئەوروپاو ئەمریکای سەدەی‌حەڤدەیەمدا, لەنێوان هەرچوار منداڵێك یەك منداڵ لەیەکەمین ساڵی تەمەنیدا دەمردو, نزیکەی لەسەدا پەنجاشیان پێش دە ساڵی دەمردن.

بەدەرهاویشتنی پیاوانی دەربارو کۆمەڵە هەڵبژێردراوەکان, پرۆسەی بەرهەمهێنانەوە بەسەر رەفتاری سێکسی خێزانی نەریتپارێزدا زاڵ بوو. ئەمەش لەیەك کاتدا زادەی نەریتەکان‌و سروشتیش بوو. نەبوونی شێوازی کارای رێکخستنی خێزان ئەوەی دەگەیاند کە پەیوەندییە سێکسیەکان راستەوخۆو بەشێوەیەکی حەتمی, پەیوەندی بەدووگیانی‌و منداڵ بوونەوە هەیە, لەبەشێکی زۆری رۆشنبیرییە نەریت پارێزەکاندا, بەرۆشنبیرییە ئەوروپاییە رۆژئاواییەکانیشەوە, تاسەرتای سەدەی بیستەم ئاسایی بوو کەژن دەجار یان زیاتر لەژیانیدا منداڵی ببێت.

لەبەر چەند هۆیەکیش کەپێشتر باسکران, بیرۆکەی داوێنپاکی ژنان بەسەر رەفتاری سێکسدا زاڵ بوو. سەرەڕای ئەوەش کە پێوەرە سێکسیە دولایەنەکان پتر بەو شێوەیە بۆیان دەڕوانرێ کە زادەی چاخی ڤیکتۆری بن. بەڵام لەڕاستیدا بەشێوەیەك یان بەشێوەیەکی دیکە لەهەموو کۆمەڵە ناتازەکاندا باو بووە. ئەم پێوەرانە دیدێکی دوولایەنەیان سەبارەت بەرەفتاری سێکسی ژن بەخۆوە گرت– جیاوازیەکی روون لەنێوان ژنی داوێنپاك لەلایەك‌و ژنی بەرەڵا لەلایەکی دیکەوە هەیە. سەر کێشییە سێکسییەکان لەزۆربەی کەلتورەکاندا بەیەکێك لەخەسڵەتە ئیجابییەکانی دیاریکردنی پیاوەتی دانران. دڵگیری کەسایەتی جێمس بۆند بەهەمان رادە کە بۆ دڵگیربوون بەشێوەی دەگەڕایەوە, بۆ رەفتاری سێکسیشی دەگەڕایەوە.





بەپێچەوانەی ئەوەشەوە شوێنی ژنانی خاوەن سەرکێشی هەمیشە بەکزی‌و کرچی مایەوە, بەچاوپۆشین لەوەی دۆستەکانی پیاوە خاوەن پلەو پایەکان هەر هێزێکیان بەدەست هێنابێ.

تێکەڵەیەکی نەریت و سروشتیش بووە مایەی رووکردن لەهاوشێوەیی سێکسی. رووپێوییە ئەنترۆپۆلۆژییەکان دەریانبڕی کە سێکسی نێرینە (نێر بازی) یان پەسەند کرد. بۆ نموونە ,هێندێ لەکۆمەڵەکان غولامەکانیان هانداوە بۆ ئەوەی پەیوەندی هاوشێوەیی سێکسی لەگەڵ پیاوە گەورەکاندا دروست بکەن گوایە ئەمە شێوەیەکی ئەدەب راگرتنە. چاوەڕوانی ئەوەش دەکرا– لەم کۆمەڵانەدا– کەئەم جۆرە چالاکیە لەکاتی دەزگیرانداریەتی یان ژنهێنانی لاوەکاندا تەواوبێت. بەڵام ئەو کۆمەڵانەی هەڵویستیان رەتکردنەوەی هاوشێوەیی سێکسی بوو, ئەوا زیاتر مەحکومیان کرد بەو پێیەی رەفتارێکی نائاساییە. ئاڕاستە رۆژئاواییەکان شێوەیەکی توندڕەوانەتریان, لەچاو زۆربەی کۆمەڵەکاندا, گرتەبەر. چونکە تا کەمتر لەنیوسەدەی رابوردوو هاوشێوەیی سێکسی بەشێوەیەکی بەرفراوان بەلادانی سێکسی دادەنراو, کتێبەکانی پزیشکی دەروونی وەها مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرد.

لەڕاستیدا دژایەتی کردنی هاوشێوەیی سێکسی تا ئێستاش بەربڵاوە. بڕێکی زۆری پیاوان‌و ژنانیش, وەکویەك, دیدێکی دوولایەنەیان بۆ ژن هەیە. بەڵام توخمە بناغەییەکانی ژیانی سێکسی لەکۆمەڵە رۆژئاواییەکاندا بەشێوەیەکی بنەڕەتی لەچەند دەیەی رابوردوودا گۆڕان. بەشێوەیەکی تەواو رەفتاری سێکسی و پڕۆسەی بەرهەم هێنانی بایەلۆژی لێك جیاکرانەوەو, رەفتاری سێکسی بۆ

www.pertwk.com

یەکەمین جار بووە بابەتی دۆزینەوەو شێوە وەرگرتن و راستکردنەوە (تعدیل). ئەو رەفتارە سێکسییەی دەبوو بەشێوەیەکی باو لەبەر رۆشنایی سنوورە زەقەکانی زەواج و رەفتارە سێکسییە رەواکاندا لێی تێبگەن. ئێستا وای لێهات کەپەیوەندیەکی لاوازی بەهەموو ئەو شتانەوە هەیە. دەشبێ وابڕوانینە پەسەندکردنی روو لەزیادبوونی هاوشێوەیی سێکسی نەك بەو پێیەی بەڵگەیەکی لێبوردنی لیبڕالییە، بەڵکو بەوەی بەرهەمێکی مەنتیقی لێکجیاکردنەوەی رەفتاری سێکسیو بەرهەمهێنانەوە (اعادە الانتاج)ەیە. رەفتاری سێکسیی بێ ناوەرۆك ، بەحوکمی پێناسەی، چیدی ناچێتە ژێر رکێفی نامەحرەمیی سێکسییەوە.

خێزانی نەریتپارێز، وەکو زۆربەی داکۆکی کارانی لەرۆژئاوادا ئەو تەعبیرەی بۆ بەکاردێنن، جگە لەقۆناغێکی پێشکەوتووی گۆڕانی خێزان لەپەنجاکاندا هیچی دیکە نییە. ئەوە سەردەمێك بوو هێشتا رێژەی ژنانی کرێکار تێیدا نزم بووو، وەدەستهێنانی تەلاقیش بێ ئەوەی ببێتە مایەی لەکە، کارێکی سەخت بوو، بەتایبەت بۆ ژنان. لەگەڵ ئەوەشدا پیاوان و ژنان لەم سەردەمەدا ، لەواقیع و لەبەردەم یاساشدا، رادەیەکی گەورەتری یەکسانییان لەهەر کاتێکی پێش ئەو سەردەمە ، بینی. خێزان چیدی یەکەیەکی ئابووری نەبوو ، بیرۆکەی خۆشەویستی رۆمانسی وەکو بناغەیەکی خێزان پێکەوەنان، جێی خێزان پێکەوەنان بەو پێیەی "گرێبەستێکی ئابوورییە"ی گرتەوە. لەو کاتەشەوە خێزان بەرادەیەکی گەورەتر گۆڕا.

سەرەڕای جیاوازیی وردەکارییەکان لەکۆمەڵێکەوە بۆ یەکێکی دیکە، بەڵام دەتوانرێ هەمان ئاڕاستە تا رادەیەك لەهەموو دەوڵەتە



پێشەسازییەکاندا ببینرێ. کەمینەیەکی خەڵکیش هێشتا لەو بارەدا دەژین کەدەتوانین ناوی ( وێنەی پێوەر ئاسای خێزان )ی لەپەنجاکاندا لێ بنێین. ژن و مێردێك لەگەڵ ئەو منداڵانەدا پێکەوە دەژین کەلەئەنجامی زەواجی ئەواندا لەدایك بوون ، کەتێیدا ژن بەدرێژایی کات وەکو ژنی ماڵ کار دەکاتو پیاویش دابینکەری گوزەرانی خێزانە. لەهێندێ وڵاتدا حاڵەتەکانی لەدایك بوون لەدەرەوەی زەواجدا پتر لەسێیەکی حاڵەتەکانەو، پێدەچێ زیاتر بەرزبێتەوە. کەچی رێژەی ئەوانەی بەرەبەنی دەژین، زۆر زیادی کردوە. زۆربەی ئەو کۆمەڵانەش کەهێشتا زەواج تێیاندا باوە، وەکو ویلایەتە یەکگرتووەکانو ئینگلتەرا، جێی خۆی بوو کەناوی کۆمەڵەکانی رێژەی بەرزی زەواجو تەڵاقیان لێنرا. لەدەوڵەتە ئیسکەندەناڤییەکاندا، لەلایەکی دیکەوە، رێژەیەکی زۆری ئەوانەی پێکەوە دەژین، بەوانەشەوە کەمنداڵیان هەیە، زەواجیان نەکردووە. چواریەکی ئەو ژنانەش کەلەتەمەنی نێوان 18 تا 35 ساڵانن لەویلایەتە یەکگرتووەکانو ئەورووپادا، دەڵێن کەمنداڵیان نەبووەو لەوەشدا راست دەکەن.

تائێستاش چەندین شێوەی خێزان لەهەموو وڵاتەکاندا ماوە لەویلایەتە یەکگرتووەکاندا هێشتا خەڵکێکی زۆر لەسایەی بەها نەریتپارێزەکاندا دەژێن بەتایبەت لەنێوان تازە کۆچکردووەکاندا.. لەگەڵ ئەوەشدا، زۆربەی لایەنەکانی ژیانی خێزانی لەئەنجامی دروست بوونی پێکەوەبوون Coupledom و زەواجدا گۆڕاون. **زەواجو خێزان بوونەتە چەند سیستمێکی سەدەفی: تا ئێستاش هەمان ناویان هەیە، بەڵام شێوەی ناوەوەیان لەرەگەوە گۆڕاوە.** لەخێزانی نەریتپارێزدا، هەردوو

هاوسەر تەنها یەك بەش بوون‌و. زۆربەی جاریش بەشی سەرەکی نەبوون لەنەریتی خێزاندا پەیوەندییەکان لەگەڵ منداڵەکان‌و خزماندا, هەمان رادەی گرنگی هەبوو، بەڵکو گرنگتریش بوو لەبواری بەڕێوە بردنی کاروبارەکانی ژیانی رۆژانەدا. بەڵام ئەمڕۆ دووپێکەوە ژیاو – هاوسەر بن یان نەء– دڵی ئەو شتە پێك دەهێنن کەپێی دەگوترێ خێزان. ئەمەش لەئەنجامی پاشەکشێ کردنی رۆڵی ئابووریی خێزان‌و زیاتر بوونی گرنگی خۆشەویستی‌یان خۆشەویستی لەپاڵ سەرنج راکێشیی سێکسی وەکو بناغەیەکی بەرپاکردنی پەیوەندیی هاوسەری, روویدا.

هەرکە پەیوەندیی پێکەوەبوون دروست دەبێت خێزان مێژوو و ژیاننامەی تایبەتی بۆ دروست دەبێ‌و, ئەمەش یەکەیەکە لەسەر بناغەی جووت بوونی سۆزداری‌و خۆشەویستی‌و سۆزی ناخ Intimacyدروست دەبێ. بیرۆکەی سۆزی ناخ وەکو زۆربەی ئەو بیرۆکانەی لەم کتێبەدا لێم کۆڵیوەتەوە, وادەردەکەوێ کە بیرۆکەیەکی کۆنە. بەڵام لەراستیدا زۆر تازەیە. زەواج لەرابردوودا هەرگیز لەسەر بناغەی یەکدی خۆشویستن –جووت بوونی سۆزداری بنیات نەنرابوو. گومانیش نییە کە ئەمە بۆ زەواجی کامەران پێویست بوو. بەڵام ئەو بناغەیە نەبوو کە زەواجێکی لەسەر بنیات دەنرا. جووت بوون لەپلەی یەکەمدا ئامرازی بەرپاکردنی پەیوەندییەو, پاساوی سەرەکی بەردەوام بوونیەتی.

دەبێ روونی بکەینەوە ئەمە تاچەند گۆڕانێکی بناغەییە. (پێکەوەبوون) و (پووچەڵکردنەوەی پێکەوەبوون) بەوەسفی وردتری واقیعی ژیانی تایبەتی ئەمڕۆ دادەنرێن, بەبەراورد لەگەڵ (زەواج ) و





(خێزان). پرسیاری هەرە گرنگی ئەمڕۆی ئێمە "ئایا زەواجت کردووە؟ "نییە, بەڵکو" ئایا پەیوەنداریت (مرتبط) ؟ " بیرۆکەی (پەیوەندداری) ش بیرۆکەیەکی زۆر تازەیە. لەشەستەکاندا کەس نەبوو باسی (پەیوەندداربوون) بکات, چونکە پێویست نەبووز هەروەها پێویستیان بەقسەکردن لەبارەی یەکدی خۆشویستن "و" پاپەند بوون" یش نەبوو. زەواج لەوکاتەدا پابەندبوون بوو, وەك چۆن راگەیاندنی زەماوەند بەتەقەکردن ئەنجام دەدرا.

زەواج لەسایەی خێزانی نەریتپارێزدا نزیکتر بوو بۆ حاڵەتی سروشتی. بەقۆناغێکی ژیان دادەنرا کە چاوەڕوان دەکرێ پیاوان و ژنانی پێدا بڕوات. ئەو کەسانەش کە نەیاندەویست بچنە ناو ئەم سیستمەوە, ئەوا بەچاوی سووکایەتی تەماشایان دەکرا، بەتایبەت قەیرەکان بەڵکو سەڵتەکانیش, ئەگەر بۆ ماوەیەکی درێژ ئاوەها بمانایەتەوە.

ئەگەر چی ئێستاش زەواج لەرووی ئامارەوە حاڵەتە سروشتێکەیە, بەڵام مەعنای زەواج بەنیسبەت زۆربەی خەڵکەوە زۆر گۆڕاوە. زەواج ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە هاوسەرێك چووە پەیوەندییەکی جێگیرەوەو, رەنگە پشتگیریی ئەم جێگیرییە بکات, چونکە هەردووکیان پابەندی خۆیان بەئاشکرا رادەگەیەنن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چیدی زەواج بناغەی بڕیاردان‌و پێکەوە بوون نییە.

بارودۆخی منداڵان لەسەرجەمی ئەمەدا بە مەسەلەیەکی ورووژێنەرو تاڕادەیەك بەڕواڵەت ناکۆك دادەنرێت. ئاڕاستەمان بەرەو منداڵان‌و پاراستنیان لەبنەڕەتەوە بەدرێژایی چەندین نەوەی ڕابردوو گۆڕاوە. ئێمە تاڕادەیەکی زۆر پایەی منداڵان بەرز دەکەینەوە, رەنگە

www.pertwk.com

بەشـێوەیەکی جـوزئی لەبەرئـەوەبێ کـە بوونەتـە دراوێکـی دەگمـەن و، بەشـێوەیەکی جـوزئیش لەبەرئـەوەی بڕیـاری منـداڵ بـوون بەتـەواوی گـــۆڕاوە لـــەوەی لەنـــەوەکانی پێشـــوودا بەدیـــدەکرا. لـــەخێزانی نـەریتیاریێزدا منـداڵان ڕۆڵـی سـوودێکی ئابووریـیـان دەگێـڕا. بـەڵام لەکۆمەڵە ڕۆژئاواییەکانی ئەمڕۆدا پێچەوانەکەی ڕاستە. چونکە منداڵ بارێکی دارایی قورسە بەسەر شانی دایكو باوکەوە. بڕیاری منداڵ بوون بڕیارێکی جیاوازو تایبەت ترە لەوەی هەبووو، بڕیارێکە لەلایەن چـەند پێویسـتیەکی سـایکۆلۆژیو سـۆزداریەوە ڕێنـوێنی دەکرێـت. لەراسـتیدا دیمەنـەکانی بێزاربـوون لەکاریگەرییـەکانی تـەڵاق بەسـەر منداڵانـداو بـوونی چـەندین خێزانـی بـێ بـاوك، دەبـێ لەبـەر ڕۆشـنایی چاوەڕوانی ئێجگار بـەرزمان سـەبارەت بەچـۆنێتی چاودێری کـردن و پارێزگاری منداڵان لێی تێبگەین



سـێ لایـەن هـەن کـەجووت بـوونی سـۆزداری و پاشـان لەناخـەوە یەکـدی خۆشویسـتن تێیانـدا جێـی ئـەو پەیوەندیـە کۆنانـە دەگرنـەوە کـەجاران ژیـانی تایبـەتی خـەڵکیان پێکـەوە گـرێ دەدا، ئەوانـەش لەلایـەنی پەیوەندییـەکانی سێکس و خۆشەویستی، پەیوەندی دایك و باوك بەمنداڵانەوە، لەپاڵ پەیوەندییەکانی هاوڕێیەتیشدا.

لـەبواری شـیکردنەوەی ئـەم پەیوەندییانـەدا دەمـەوێت بیرۆکـەی پەیوەنـدیی بێگـەرد Pure relationship بـەکاربێنم، **مەبەستیشـم لـەوە پەیوەندییەکی بنیاتنراوە لەسەر بناغـەی جـووت بـوونی سـۆزداری، کەپاداشـتی وەرگیراو لەم پەیوەندییە دەبێتە پاسـاوی سـەرەکیی بـەردەوامی پەیوەندییەکـە.** لێرەشـــدا مەبەســـتم پەیوەنـــدیی سێکســـی ڕووت نییـــە، هـــەروەها



مەبەستیشم ئاماژە کردن بۆ هیچ شتێك نییە لەواقیعدا هەبێ. لێرەدا تـەنها بیرۆکەیـەکی داماڵراو (مجرد) دەخـەمـەروو کەیارمـەتیمان دەدات بۆ تێگەیشتنی ئەو گۆڕانانەی لەجیهاندا ڕوو دەدەن. هەریەك لەو سێ لایـەنـەش کەنەختێکـە ئامـاژەم بـۆ کـردن –پەیوەندییـەکانی سـێکس و خۆشەویستی پەیوەندییەکانی باوك و دایك بەمنداڵـەوەو هاوڕێیەتی، بـەو لایـەدا دەشـکێنەوە کـە ببنـە دارشـتنێکیتەقریبی ئـەم نموونەیـە. جـووت بـوونی سـۆزداری و یەکـدی خۆشویسـتن کلیلـی تێگەیشـتنی دەلالەت و بابەتی ئەم پەیوەندییانەن.

ئەم پەیوەندییە بێ گەردانە میکانیزمێکی تـەواو جیاوازیان هەیە لەشێوە ئاساییەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، کەپشت دەبەستن بەپرسەکانی متمانەی ئیجابی –کرانەوەی خود بەسەر ئەوانی دیکەدا. داخـــران خەســـڵەتێکی بناغـــەی یەکـــدی خۆشویســـتنە. **پەیوەندییـــە بێگەردەکانیش**، **لەپەناوە پەیوەندیی دیموکراسییانەن.** کاتێك لێکۆڵینەوەیەکم



سـەبارەت بـە پەیوەندییـە قووڵـەکان (حمیمیـە) دەنووسـی، بەشـێکی زۆری ئـەدەبیاتی چارەسـەرکار و یارمەتیـدەری خـودم خوێنـدەوە کـە پەیوەندیان بەم بابەتەوە هەیە. شتێك سەرنجی ڕاکێشام کـەپێم وانییە بەشێوەیەکی بەر فراوان سەرنج درابێ یان ئاماژەی پـێ کرابێ ئەگەر یەکێك لەئێمە ورد بێتەوە لەچۆنێتی ڕوانینی چارە سەرکار (المعالج) بۆ پەیوەندیی باش لەهەر یەکێك لەو سێ لایەنەی لێرەدا بایەخیان دەدەینـێ ،ئەوامەسـەلەی سـەرنج ڕاکـێش هاوشـانیی ڕاسـتەوخۆی نێوانیان و نێوان دیموکراسییە.

بـێ ئـەوەی پێویسـتمان بەدرێژەپێـدان هـەبێ، پەیوەنـدی بـاش بەنموونەیەك دادەنرێ کەزۆربەی پەیوەندییە ئاساییەکان ناتوانن لێی

www.pertwk.com

نزیك ببنەوەو لێرەشدا پێشنیازی ئەوە ناکەم کە پەیوەندیمان بەهاوسەرانمان, خۆشەویستانمان، منداڵانمان و هاورێیانمان، بێ کێشەو ململانێ و تێرنەکراو نین. بەڵام پرەنسیپەکانی دیموکراسیش هەروەکو چەند ئایدیایەك ئاوەهان, کەواقیع شان لەشانیان نادات.

پەیوەندی باش پەیوندی هاوشانەکانە, کەهەمو لایەك ماف وئەرکی یەکسانیان هەیە. لەم جۆرە پەیوەندیانەدا, هەر لایەك رێز لەوی دیکە دەگرێو باشتری بۆی دەوێ. پەیوەندی بێگەرد لەسەر بناغەی ئەوە دادەمەزرێ کەتێگەیشتنی بیرو بۆچونی ئەوی دیکە مەسەلەیەکی پێویستە.پەیوەندیەکان بەباشترین شێوە دەبن کەخەڵکی زۆرشت لەیەکدی نەشارنەوە. دەبێ متمانەی دووولایەنە هەبێ. دەشبێ کار بۆ دروستکردنی ئەم متمانەیە بکرێو, نابێ وا دابنرێ کەهەیە: لەکۆتاییشدا پەیوەندی باش پەیوەندییەکی داماڵراو لەهێزی هەرەمەکیو خۆسەپاندن و توندوتیژییە.

هەر یەك لەم خەسڵەتانە دەچێتە ژێر رکێڤی بەهاکانی دیموکراسی سیاسییەوە. لەدیموکراسیدا هەموان لە رووی مەبدەئەوە یەکسانن و , لەگەڵ یەکسانی لەماف و ئەرکەکاندا وەکو پرەنسیپێك، بە هەرحاڵ متمانەی دوو لایەنە دێتە ئاراوە. دیالۆگی کراوەش خەسڵەتینەناوەندی دیموکراسییە. سیستمە دیموکراتیەکان دەکۆشن بۆئەوەی دیالۆگی کراوە لەبارەی کێشەکانەوە –بواری گشتی دایەلۆگ –لەجێی هێزی داسەپێنەرانەو هێزی جێگیرینەریتەکان دابنێت. هیچ دیموکراسییەکیش بەبێ متمانەبوون کاریگەر نابێت. هەروەها ئەگەر بوار بەئاراستە داسەپێنەرەکان و توندوتیژی بدرێ, دیموکراسی جێ لەق دەبێ.





ئەم پرنسیپانە–وەکو چەند ئایدیایەك–بەسەر پەیوەندیەکاندا پیادە بکەین, ئەوا لەبارەی شتێکی ئێجگار گرنگەوە دەدوێین – دروست بونی ئیحتمالی –ی ئەوەی ناوی ( دیموکراسی هەستەکان ) ی لەژیانی رۆژانەدا لێ دەنێم. واشم بەخەیاڵدا دێ کەدیموکراسی هەستەکان هێندەی دیموکراسی سیاسی لەچاکتر کردنی جۆری ژیانماندا گرنگی هەیە.

ئەمەش بەهەمان رادە بەسەر منداڵان و دایكو باوکیاندا پیادە دەبێت, وەکو ئەوەی لەبوارەکانی دیکەدا دەبینرێ. ئەم پەیوەندیانە ناتوانرێ لەروی مادییەوە یەکسان بن. دەبێ دایكو باوك دەسەڵاتیان بەسەر منداڵاندا هەبێ چونکە لەبەرژەوەندی هەمواندایە.لەگەڵ ئەوەشدا, لەڕووی مەبدەئەوە, دەبێ. یەکسانی رەچاو بکەن. لەخێزانی دیموکراسیدا دەبێ دەسەڵاتی دایكو باوك لەسەر گرێبەستێکی ناراگەیاندراو بنیات بنرێ. دایكو باوك لەراستیدا بەمنداڵەکانیان دەڵێن "ئەگەر ئێوە کەسانێکی تێگەیشتوبوبان و ئەوەتان زانیبا کەئێمە دەیزانین, ئەوارێك دەکەوتن لەسەر ئەوی, ئەو شتەی ئێمە داوا لەئێوە دەکەین بیکەن بۆ خۆتان باشترە". بەڵام منداڵان لەخێزانی نەریتپارێزدا, جاران و ئێستاش هەر وا بڕیار بووە کە بیانبینین و گوێیان لێ نەگرین و, رەنگە چەندین سەرۆك خێزان هەبن لەوانەی پڕ بەدڵ, لەئاست یاخی بوونی مناڵەکانیاندا, حەز بکەن ئەم رێسایە ببووژێتەوە. بەڵام گەڕانەوە بۆ دواوە نییەو، ناشبێ گەڕانەوە بۆ دواوە هەبێ. لەسایەی دیموکراسیی هەستەکاندا منداڵان دەبێ بتوانن وەڵام بدەنەوە.

www.pertwk.com

ديموكراسيى هەستەكان لاوازى ديسپلين ونەبوونى ڕێز ناگەيەنێ, بەڵام هەوڵدەدات لەچوار چێوەيەكى ديكەدا دايان بنێت. شتێكى هاوشێوەى ئەوەش لەبوارى گشتيدا ڕوويدا كەديموكراسيى جێى حكومكردنى هەرەمەكى بە هێزى گرتەوە.

ديموكراسيى هەستەكان, لەرووى مەبدەئەوە پەيوەنديەكانى فرە لايەنى سێكسى لەپەيوەنديەكانى هاوشێوەيى سێكسى جيا ناكاتەوە. هاو شێوەخوازە سێكسييەكان, لەبرى خاوەن پەيوەندييە فرە لايەنەسێكسييەكان ويستيان جيهانى تازەى پەييوەنديەكان بدۆزنەوەو، تواناكانيان بۆ ڕوون بێتەوە. دەشبوو ئەوە بكەن چونكە لەكاتێكدا هاوشێوەى سێكسى لەنهێنىبوونەوە بەرەو ئاشكرا كردن ڕۆيشت، هاوشێوە خوازە سێكسييەكان نەيان دەتوانى پشت بەپشتگيريى سروشتيى زەواجى نەريتپارێز ببەستن.

پشتگيرى كردنى ديموكراسى هەستەكان لاوازيى ئاراستەى ئەركى خێزانى و سياسەتە گشتييە پەيوەنديدارەكان بەخێزانەوە، ناگەيەنێ, ديموكراسى ئەوە دەگەيەنێ كەجگە لە پەسەندكردنى ئەو ئەركانەى ياسا سەلماندوونى، پابەندييەكانيش پەسەند بكرێن. پارێزگارى مندالآن دەبێ ببێتە لايەنێكى بناغەيى ياساداناني و سياسەتە گشتييەكان. هەروەها باپ و باوكانيش دەبێ بەياسا پابەند بكرێن بەچاودێرى كردنى مندالانيان تا دەگەنە تەمەنى پێگەيشتن, ئيدى سروشتى ئەو هەنگاوانەى ژيان كە ئەم مەسەلەيە بەخۆوە دەگرن, هەر ناوێكى لێ بنرێ گرنگ نييە. زەواج چيدى دامەزراوێكى ئابوورى نييە. لەگەڵ ئەوەشدا, بەو پێيەى پابەندبوونێكى سرووت ئاسايە, دەتوانێ پارمەتيمان بدات رادەيەكى گەورەترى جێگيرى بەم





پەيوەندييە لاوازانە ببەخشێ. ئەگەر ئەمە لەسەر پەيوەنديييەكانى فرە لايەنيى سێكسيدا پيادە بكرێ , ئەوا دەبێ بەسەر پەيوەندييەكانى هاوشێوەيى سێكسيشدا پيادە بكرێ.

دەتوانرێ چەندين پرسيار لەبارەى سەرجەمى ئەم مەسەلانەوە بكرێن و , هێندەش زۆرن كە لەم فەسڵە كورتەدا هەموويان وەڵام نادرێنەوە. بەڵام مەسەلەى هەرە ڕوون ئەوەيە كەمن, بەشێوەيەكى سەرەكى تەركيزم لەسەر ئەو ئاراستانەى لە كۆمەڵە ڕۆژئاواييەكاندا كردوە كە كار دەكەنە سەر خێزان. ئەى چى لەبارەى ئەو ناوچەيانەوە كە خێزانى نەيت پارێز تێياندا هێشتا تا رادەيەكى زۆر يەككگرتووە. وەكو ئەوەى لەچيندا كە لەسەرەتاى ئەم بەشەدا بە نموونە هێنامەوە؟ ئايا ئەو گۆڕانانەى لەڕۆژئاوادا بەديمان كردن مۆركێكى جيهانيى زۆرتر بەخۆوە دەگرن!؟.

پێم وايە ئەمە ڕوودەدات و لەراستيشدا بەكردەوە ڕوودەدات. پرسيارى پێويست ئەوە نييە كە شێوە نەريتپارێزەكانى خێزان دەگۆڕێ يان نەء, بەڵكو كەى و چۆن دەگۆڕێ؟ لێرەدا زياتر پركێشى دەكەم: ئەوەى ناوى ديموكراسى هەستەكانمان لێ ناوا، دروست دەبێ بريتييە لەبەرەى ڕووبەڕووبوونەوەى ململانێى نێوان كۆزموٚپۆلێتى و ئوسوڵيەت, كە پێشتر ئاماژەم بۆ كردن. يەكسانى نێوان هەردوو ڕەگەزو ئازاديى سێكسيى ژنان مايەى نەفرەتن لەلايەن كۆمەڵە ئوسوڵييەكانەوە. لەڕاستيدا بەرهەڵستى كردنيان يەكێكە لەخەسڵەتە جياكەرەوە كانى ئوسوڵييەتى ئايينى لەهەموو جيهاندا.

زۆر لايەنى مايەى دوودڵى سەبارەت بەهەلومەرجى خێزان لەولاٚتانى ڕۆژئاواو ولاٚتانى ديكەدا هەيە. بەڵام بەهەمان رادە هەڵەيە

www.pertwk.com

ئەگەر بڵێین هەموو شێوەکانی خێزان لەگەڵ یەکدا یەکسانن. وەکو چۆن هەڵەیە بگوترێ کە شێرازە تێکچونی خێزانی نەریتپارێز کارەساتە. وا ئێستا لاف و گەزافی راسترەویی سیاسی و ئوسوڵییەت ئاوەژوو دەکەمەوە. بەردەوامیی خێزانی نەریتپارێز, یان هێندێ لایەنی, لەزۆر شوێنی جیهاندا پتر مایەی دوودڵییە لەتێکچونی شیرازەی, چونکە پرسیاری پێویست ئەمەیە: گرنگترین هێزەکانی پشتگیریکردنیی دیموکراسی و گەشەی ئابووری لەولاتە هەرە هەژارەکاندا چین!؟ ئەو هێزانە یەکسانی و فێرکردنی ژنانن. ئەدی چی بگۆڕین تا ئەو ئامانجە جێبەجێ بکرێت؟ خێزانی نەریتپارێز گرنگترین شتە کەدەبێ بگۆڕدرێ.

تەنها یەکسانیی سێکسی پرنسیپێکی جەوهەریی دیموکراسی نییە, بەڵکو بۆ کامەرانی و تێرکردنی خودیش گرنگە. زۆربەی ئەو گۆڕانانەی لەخێزاندا روودەدەن سروشتێکی کێشە ئامێزوسەختیان هەیە. بەڵام رووپێوییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئەوروپا دەری دەخەن کە ژمارەیەکی دیاریکراو دەیانەوێ بگەڕێنەوە بۆ شێوەی کۆنی دابەش کردنی رۆڵی نێرینەو مێیینەیان بۆ نایەکسانی لەشێوەی یاساییدا. ئەگەر لەهەر چرکەیەکدا ئەگەری ئەوە لەئارادابێت کە قەناعەت بێنم بەوەی خێزانی نەریتپارێز باشترین شێوەی خێزانە ئەوا ئەو قسەیە وەبیردێنمەوە کە جارێکیان گەورەترین پوورم پێی وتم. هەڵبەتە ئەو یەکێك بوو لەخاوەن درێژترین پەیوەندیی هاوسەری, کە بەدرێژایی شەست ساڵ هاوسەربوو. ئەو جارێکیان دانی بەوەدانا کە لەژیانی خێزانیی بەدرێژایی ئەو ماوەیەدا ئێجگار بەدبەخت بووەو لەو رۆژانەشدا هیچ چارێك بۆ ئەو مەسەلەیە نەبوو.



جیهانێکی لێکترازاو



# دیموکراسی

www.pertwk.com

لـە9ی تشـرینی دووەمـی 1989 دا لەبـەرلین بـووم, لـەو وڵاتـەی ئەوکاتە ئەڵمانیای ڕۆژئاوایان پێدەگوت. هێندێك لە ئامادەبووانی ئەو کۆنگرەیەی ئامادەی بەشداربوون بووم تێیدا هی بەرلینی ڕۆژهەڵات بوون. یەکێیکیان لەماوەی پاش نیوەڕۆدا لەوێ نەبوو و بەورووژاوی گەڕایەوە. ئەو لەبەشی ڕۆژهەڵاتی شارەکەدا بوو ئاگاداری کردینەوە کە خەریکە دیواری بەرلین لادەبرێت.

لەئەنجامی ئەوەدا گروپێکی بچووکی ئێمە خێرا خۆی گەیاندە دیوارەکە. ئەو کاتە پەیژە بەدیوارەکانەوە دەنراو، دەستمان کرد بە سەرکەوتن, بەڵام لەلایەن گروپەکانی کاستی تەلەفزیۆنەوە, کە تازە گەیشتبوونە گۆڕەپانی ڕووداوەکە, بەرەو دواوە پاڵمان پێوەنرا. گوتیان دەبێ ئەوان پێش ئێمە سەربکەون تا بتوانن لەکاتی سەرکەوتنمان بەسەر دیوارەکەدا وێنەمان بگرن و, بەڵکو قەناعەتیان هێنا بەبەشێکی ئەوانەی سەرکەوتبوون تا بگەڕێنەوەو سەر لەنوێ سەربکەونەوە تا دڵنیا بن لەوەی کامێرا تەلەفزیۆنییەکان بەجوانی وێنەیان بگرێتەوە.

بەم شێوەیەو لەنزیکی کۆتایی سەدەی بیستەمدا مێژوو دروست دەکرێت. تەلەفزیۆن تەنها پێش هەموو شتێك ناگاتە ئەوێ, بەڵکو شانۆکەش ساز دەکات و, گروپەکانی کاستی تەلەفزیۆن, تا ڕادەیەك , هەقی خۆیان بوو خۆیان ببەنە ریزی هەرە پێشەوە. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە, کە وەکو بۆی دەچم, تەلەفزیۆن ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لەوەی ڕووخانی دیواری بەرلین ببێتە کارێکی شیاو, هەروەها بەشێوەیەکی گشتیش لەو گۆڕانکارییانەدا ڕۆڵی هەبوو کە لەساڵی





1989 دا سەرتاسەری ئەوروپای ڕۆژهەڵاتی گرتەوە. دیموکراسی, یان خودموختاری[1] هێزی بزوێنەری شۆڕشەکانی 1989 بوو.

ڕەنگە دیموکراسی بەهێزترین بیرۆکە بزوێنەرەکانی سەدەی بیستەم بێت. ژمارەیەکی کەمی دەوڵەتان لەجیهانی ئەمڕۆدا هەیە خۆیان بە (دیموکرات) ناو نابەن. یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو دووکەوتووانی لەئەوروپای ڕۆژهەڵاتدا ناوی (دیموکراتی میللی) ی بۆ خۆی بەکاردەهێنا, وەکو ئەوەی (چین) ی کۆمۆنیست لەم ڕۆژەماندا دەیکات. لەراستیشدا ژمارەیەکی دیاریکراوی دەوڵەتان بەتەواوی بەنادیموکراسی دادەنرێن, وەکو شانشینییە نیمچە دەرەبەگایەتییەکانی وەك مەملەکەتی عەرەبستانی سعودی و, تەنانەت ئەم وڵاتانەش لەکاریگەری تەوژمە دیموکراسییەکانەوە دوورنین.

بەڵام دیموکراسی چییە؟ ئەم پرسیارە پێویستە, چەندین وەڵامی جۆر بەجۆری درایەوە. **دیموکراسی بەشێوازێك دادەنرێ کە کێبڕکێی کاریگەری نێوان حزبە سیاسییەکان لەسەر پلەو پایەی دەسەڵاتداری بەخۆوە دەگرێ.** لەسایەی دیموکراسیدا هەڵبژاردنی ئازادو ڕێکوپێك ئەنجام دەدرێت و دانیشتوان بەشداری تێدا دەکەن. شان بەشانی مافی بەشداری کردنی دیموکراسییانە چەند مافێکی مەدەنی هەیە –ئازادی دەربڕین و موناقەشە, ئازادیی پێکهێنانی کۆمەڵەو ڕێکخراوی سیاسی و چوونە ریزی ئەو ریکخراوانەوە.

دیموکراسی پشت بەبیرۆکەی (تێکڕا) یان (هیچ) نابەستێ. ڕەنگە شێوەو ئاستی جیاوازی پیادەکردنی دیموکراسی لە ئارادا بێت.



[1] وەرگێڕی عەرەبی فرێزی (الحکم الذاتي) بەکارهێناوە، من (خود موختاری)م لێرەدا (ئۆتۆنۆمی) پێ باشتر بوو، چونکە پێم وایە مەبەستی نووسەر (حوکمی گەل)ە، نەك مانای چەمکەکە. (و.ك)

www.pertwk.com

دیموکراسی لە بەریتانیا و ویلایەتە یەکگرتووەکان, بۆ نموونە, خەسڵەتی هاودژیان هەیە. ئینگلیزێك لەسەردانێکی ئەمریکادا لە یاوەرە ئەمریکییەکەی پرسی: چۆن دەتوانی بەوە قایل بیت کە لەلایەن کەسانێکەوە فەرمانڕەوایی بکرێی کەناتوانی خەون بەوەوە ببینی بۆ ژەمی ئێوارە داوەتیان بکەی؟ وەڵامی ئەمریکییەکەش ئەوەبوو:"ئەی تۆ چۆن دەتوانی قایل ببی بەوەی لەلایەن کەسانێکەوە فەرمانڕەوایی بکرێی کە ناتوانی تەسەووری ئەوە بکەی بۆ ژەمی ئێوارە داوەتت بکەن؟".

لەراستیدا ئەمڕۆ هەمووان دیموکراتن , بەڵام هەمیشە بەم شێوەیە نەبووە. بیرۆکە دیموکراسییەکان لەسەدەی نۆزدەیەمدا لەلایەن هەڵبژاردە دەسەڵاتدارو گرووپە فەرمانڕەواکانەوە کەللەڕەقانە بەرپەرچ دراونەتەوەو بەگاڵتە پێکردنەوە مامەڵەی لەگەڵدا کراوە. دیموکراسی ئەو پرنسیپەیە کە بووبە سروشتی هەردوو شۆڕشی ئەمریکاو فەرەنسا. بەڵام بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ کاریگەری کەم بوو. مافی دەنگدان بۆ کەمینەیەکی دانیشتوان قۆرخکرابوو. بەشێك لە شێلگیرترین لایەنگرانی حوکمی دیموکراسی وەکو جۆن ستیوارت میل mill, بە پێویستی زانی سنوور بۆ دیموکراسی دابنرێ. میل لەم بارەیەوە بانگەشەی بۆ ئەوە کرد کە پێویستە هێندێك لە دەنگدەران مافی ژمارەیەکی زیاتری دەنگیان لەکەسانی دیکە هەبێ , بەم شێوەیە نووسی: "ژیرو لێهاتووان رادیەکی گەورەتری کاریگەرییان لە نەزان و بێ تواناکان هەیە".

جیهانێکی لێکترازاو

گۆڕانی دیموکراسی لەسەدەی بیستەم لەرۆژهەڵاتدا پێگەیشت. پێش یەکەمین جەنگی جیهانی ژنان تەنها لەچوار وڵاتدا مافی دەنگدانیان هەبوو کەبریتیبوون لە فنلەنداو نەرویج و ئوستورالیاو نیوزیلەندا. لەسویسرا, بۆ نموونە, تا ساڵی 1974 مافی دەنگدانیان نەبوو. جگە لەمەش, هێندێك لەو وڵاتانەی بەتەواوی بەرەو دیموکراسی گۆڕان, ماوەیەك پاش ئەوە پاشگەزبوونەوە. ئەڵمانیاو ئیتاڵیاو نەمساو ئیسپانیاو پورتوگال, لەنێوان ساڵانی سییەکان تا شەستەکاندا چەند ماوەیەکی فەرمانڕەوایی خودسەرانەو دیکتاتۆریەتی سەربازییان بەخۆوە بینی. لەدەرەوەی ئەوروپاو ئەمریکای باکوور و ئوستورالیادا , ژمارەیەکی کەمی دەوڵەتانی دیموکراسیی جێگیر هەیە, وەکو ئەوەی لەکۆستاریکا لەئەمریکای لاتینیدا بەدی دەکرێ.

لەگەڵ ئەوەشدا گۆڕانکاری زۆر لەچەند دەیەی رابوردوودا روویانداا. ژمارەی حکومەتە دیموکراسییەکان لەجیهاندا, لەناوەڕاستی حەفتاکانەوە پتر لەدووهێندەی جارانی لێهاتووە و دیموکراسی لەپتر لەسی وڵاتدا بڵاوبۆتەوە. ئەم گۆڕانکارییانە لەو دەوڵەتانەی ئەوروپاوە دەستیان پێکرد کە دەکەونە سەر دەریای ناوەڕاست. بەکوودەتاکردن بەسەر رژێمە سەربازییەکان لەیۆنان و ئیسپانیا و پورتوگال. بەڵام دووەمین گروپی وڵاتان کە دیموکراسییان تێدا لەهەشتاکاندا بڵاو بوەوە, ئەوا بەشێوەیەکی سەرەکی سەر بەئەمریکای باشوورو ناوەڕاستن, کە دیموکراسی لەدوازدە وڵاتیاندا دامەزرا, یان دامەزرایەوەو, لەوانەش بەرازیل و ئەرجەنتینن.

www.pertwk.com



هێشتاش ئەم نمایشە لەهەموو وڵاتاندا بەردەوامە. دوابەدوای گۆڕان بەرەو دیموکراسی لەئەوروپای ڕۆژهەڵات و هێندێك لەبەشەکانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو لەساڵی 1989 دا, گۆڕانی هاوشێوە لەچەند وڵاتێکی ئەفریقیادا ڕوویدا. لەئاسیاشدا, کەچەند کێشەو پاشەکشێیەك لەئارادا بوو, چوار چێوەی پیادە کردنی دیموکراسی بەشێوەی بەردەوام لەسەرەتای حەفتاکانەوە لەچەند ولاتێکی وەکو تایوان و کۆریای باشوورو فلیپین و بەنگلادیش و تایلاندو مەنگولیا فراوان بووەوە, هیندستانیش لەسەردەمی سەربەخۆیی لەساڵی 1947 ەوە دەوڵەتێکی دیموکرات بووە.

گومان لەوەدا نییە کەئەم گۆڕانە بەرەو دیموکراسی لەهێندێ دەوڵەتدا بەشێوەیەکی تەواو نابێت, یان لەڕێگادا تەگەرەی دەکەوێتە پێش. کەچی لەدەوڵەتانی دیکەی وەکو ئەرجەنتین و هێندێك لەدەوڵەتانی ئەمریکای لاتینی و کۆماری چیك و پۆڵەندا لەئەوروپای ڕۆژهەڵات و, کەپێشتر حوکمی دیموکراسییان بەخۆوە دیبوو, ئەوەی پێشتر هەیانبوو سەرەلەنوێ دروستی دەکەنەوە. لەبەر ئەوەی حکومەتە دیموکراسییەکان کودەتا دژیان کرابوو, ئەوا ئێمە ناتوانین دڵنیا بین لەوەی تا چ رادیەك ئەم جۆرە گۆڕانانە بەردەوام دەبن. بەڵام دیموکراسی لەشەشەمین دەیەی سەدەی بیستەمەوە , پێشکەوتنێکی وای بەخۆوە بینییەوە کە بەرامبەر بەوەی لە ماوەی زیاتر لەیەك سەدەی پێش ئەو مێژووە دا بینیویەتی. لێرەدا دەپرسیت ئەمە بۆ ڕوویدا؟

بانگەشەکەران بۆ سەرکەوتنی بۆچوونی ڕۆژئاوایی بنیات نراو لەسەر تێکەڵکردنی دیموکراسی و بازاڕی ئازاد یەکێك لە وەڵامە





شیاوەکانی ئەم پرسیارە دەخەنەڕوو. ئەم وەڵامە ئەوەیە کە پێشتر سیستمی دیکە تاقیکرایەوەو شکستی خوارد. دیموکراسی لەلوتکەدایەو جێی خۆی کردۆتەوە چونکە باشترینە. ئەو دەوڵەتانەی لەدەرەوەی چوارچێوەی ئەوروپادان پێویستیان بە هێندێك کات هەبوو بۆ ئەوەی لەوە تێبگەن.

من بەشێوەیەکی جوزئی ناکەومە ململانێ لەسەر ئەو بۆچوونەی دەڵێ دیموکراسی باشترینە. بەڵام ئەوە بەئاستەم دەتوانێ ببێتە ڕاڤەکردنێکی گونجاوی گۆڕانی ئێستا بەرەو دیموکراسی, چونکە ئەوە ڕاڤە ناکات کەئەو گۆڕانانە بۆچی لەم سەردەمەی مێژوودا ڕوویاندا.

بۆ ئەوەی بتوانین بگەینە ڕاڤەکردنێکی باشتر, دەبێ ئەوە شیبکەینەوە کە ناوی بەڕواڵەت هاودژی دیموکراسیی لێ دەنێم. **پوختەی ئەم بەڕواڵەت هاودژییە ئەوەیە کە لەکاتێکدا دیموکراسی بەچواردەورەی جیهاندا بڵاودەبێتەوەو وەکو هەلومەرجەکەم هەرئێستا ڕوون کردەوە, دەوڵەتە دیموکراسییە کۆنەکان , کەدەبێ دیموکراسییە سەرهەڵداوەکان چاولێکەریی بکەن, بێ هیواییەکی گەورە بەدیموکراسی تێیاندا زاڵ دەبێت.** ئاستی متمانە بەسیاسییەکان لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاوا لە ساڵانی ڕابوردوودا دابەزی. ئێستا, لە چاو ساڵانی پێشوو, ژمارەیەکی کەمی خەڵکی ڕوو لەسندوقەکانی دەنگدان دەکەن, " بەتایبەت لەویلایەتە یەکگرتووەکاندا. خەڵکێکی ڕوو لەزیادبوونیش واخۆیان دەنوێنن کە بایەخ بەسیاسەتە پەڕلەمانییەکان نادەن", بەتایبەت لەنێوان نەوە لاوەکاندا. بۆ خەڵکی لەوڵاتە دیموکراسییەکاندا تووشی ئەم بێ هیواییەبوون لەو حکومەتانە, لەکاتێکدا کە دیموکراسی بەهەموو جیهاندا بڵاودەبێتەوە.

www.pertwk.com

ئەو گۆڕانانەی لەم کتێبەدا بایەخم بەشیکردنەوەیان دا, ڕاڤەیەك بۆ ئەمە دەخەنەروو. چیدی ژیان بەنیسبەت خەڵکانێکی روو لەزیاد بوون لەجیهاندا قەدرێکی دیاریکراوو تاڕادەیەك نەگۆڕ نییە. حکومەتە دەسەڵات سەپێنەکانیش لەگەڵ شارەزاییەکانی دیکەی ژیان ناگونجێ, بەو نەرمیو دینامیکییەتەوە کە پێویستن بۆ موناقەشە کردنی چوارچێوەی ئابووری ئەلیکترۆنی گەردوونی. چیدی هێزی پشت بەستوو بەسەپاندنی دەسەڵات ناتوانێ بەکۆکراوەی نەریتەکانو ڕێزیان پشت ئەستوور بێت.

لەجیهانێکدا کە لەسەر بناغەی پەیوەندی کارا بنیاتنراوە, هێزی داسەپاو Hard power, واتە ئەوەی لەسەرەوە بەسەر خوارەوەدا دەسەپێنرێ, دەسەڵاتی خۆی لەدەست دەدات. هەلومەرجە ئابوورییەکان, کەچیدی ئابووری ناوەندی سۆڤیەتو ڕژێمە دەسەڵات سەپێنەکانی دیکە کە لەسەرەوە بۆ خوارەوە بەڕێوە دەبرانو پێویستیان بە نامەرکەزیو نەرمی نەما –ئەم هەلومەرجانە لەسیاسەتیشدا رەنگیان دایەوە. ئەو زانیاری قۆرخ کردنەی ڕژێمی سیاسی لەسەر بنیات نرا, لەسایەی چوارچێوەی بەشێوەیەکی سروشتی کراوە بەسەر پەیوەندییە نێو دەوڵەتییەکاندا , هیچ پاشەڕۆژێکی نییە.

لەو رووداوانەی لە ساڵی 1989 لەئەوروپای رۆژهەڵاتدا روویاندا, ژمارەیەکی زۆری خەڵکی لەجادەکاندا خۆپیشاندانیان ساز کرد , بەڵام وەکو سەرنج دەدرێو بەپێچەوانەی هەر شۆڕشێکی دیکەی مێژوو, رادەیەکی بچووکی توندوتیژی بەدی کرا. ئەوەی وادەهاتە پێش چاو کە ڕژێمێکی خاوەن هێزێکی زەبەلاحە– کۆمۆنیزمی





تۆتالیتار– بەشێوەیەك ونبوو کە دەڵێی هەر نەبووە. خەڵکانێکی کەمیش پێیان وابوو کە ڕژێمی جیاکاری رەگەزی –ئەپارتاید– لەباشووری ئەفریقیادا بەبێ بەکارهێنانی هێز دژی نافەوتێ, بەڵام ئەوەش هەر روویدا.

تاقە رووداوەکانی توندوتیژی لە ساڵی 1989 دا ئەوانە بوون کە پەیوەندییان بەدەست گرتن بەسەر تەلەفزیۆنەکانەوە هەبوو. ئەو کەسانەی دەستیان بەسەر ئەم وێستگەیانەدا گرت ئەرکە گرنگەکانی خۆیان بەشێوەیەکی راستو دروست ڕێکخستبوو. شۆڕشی پەیوەندییەکان هاووڵاتیگەلێکی چالاکترو کاردەرەوەتری لەوانەی پێشتر هێنایە کایەوە. ئەم گۆڕانانە خۆیان حاڵەتی بێزارییان لەوڵاتە دیموکراسییە کۆنەکاندا دروستکرد. لەجیهانێکدا کە نەریتەکان تێیدا پاشەکشێ دەکەن detraditonalizing, سیاسییەکان ناتوانن پشت بەشێوە کۆنەکانی بەسام بوونو بارودۆخ ببەستن بۆ پاساو هێنانەوە بۆ ئەو کارانەی ئەنجامیان دەدەن.

سیاسەتە پەرلەمانییە ئاساییەکان بەم شێوەیە دابڕاو دەبن لەڕەوتی ئەو گۆڕانکارییانەی ژیانی خەڵکی گرتوەتەوە. ئەم دیموکراسییە خۆی لەکوێ دادەنێ؟ ئایادەبێ ئێمە قایلبین بەو راستییەی کەدامەزراوە دیموکراسیەکان ,هەر لەوچرکەیەدا کەپێ دەچێ دیموکراسی جیهانی راماڵی کەوتنە پەراوێزەوە؟.

ئەو راپرسییانەی لەچەند وڵاتێکی رۆژئاوایی جیاجیا داکران,چەند بەڵگەیەکی وروژێنەریان دەربارەی متمانە بەحکوومەت خستە روو. لەراستیدا خەڵکی رادەیەکی گەورەی ئەو متمانەیەی بەسیاسەتو هەنگاوە دیموکراسییە کۆنەکانیان بەخشیبوو,

www.pertwk.com

لەدەستیاندا. بەڵام باوەڕیان بەپرۆسە دیموکراسییەکە لەدەست نەدا. لەرووپێوییەکی تازەدا کە لەویلایەتە یەکگرتووەکانو دەوڵەتە گەورەکانی رۆژئاوادا کرا, ئەنجامەکان ئەوەیان خستە روو کە90٪ ی دانیشتوان بیرۆکەی حوکمی دیموکراسی پەسەند دەکەن.جگە لەمەو , بەپێچەوانەی بۆ چونی کەسانێك, زۆربەی خەڵکی بایەخیان بەخوودی سیاسەت لەدەست نەداوە.لەراستیدا ئەنجامەکان ئاماژە بۆ پێچەوانەی ئەوە دەکەن. ئێستا خەڵکی, بەراستی بایەخیان بەسیاسەت لەسەر دەمی پێشووی زیاترە. هەروەها نەوە لاوەکانی ئێستا بەو شێوەیەنین کە دەربارەیان باوە، گوایە گوێ نەدەرو نامۆن.

ئەم نەوانە, یا ژمارەیەکی زۆریان, پتر لەنەوەکانی پێشوو گاڵتە دەکەن بەوەی سیاسییەکان دەیکەنە پاساوی هەڵسووکەوتیانو ئەوان –ئەم نەوە تازانە–بایەخ بەو کێشە سیاسیانە دەدەن کەپێیان وایە سیاسییەکان شتێکی کەمیان لەباردایە کەدەربارەیان بدوێن. زۆربەیان وادەڕاننە سیاسەت کەبابەتی گەندەڵییە. چونکە سیاسییەکان, لەبڕی بەرژەوەندی هاولاّتیان, بۆ بەرژەوندییە تایبەتیەکانیان دەکۆشن. نەوە تازەکان پێیان وایە کەکێشەکانی ژینگەو مافی مرۆڤو سیاسەتی پەیوەست بە خێزانو ئازادی سێکسی کێشە هەرە گرنگەکانن. لەسەر ئاستی ئابووریش پێیان وایە کەسیاسییەکان ناتوانن لەگەڵ هێزە بزوێنەرەکانی جیهاندا مامەڵە بکەن. وەکو بۆ هەموانیش ئاشکرایە, بەشێکی زۆری ئەم هێزانە سنووری دەوڵەتی نەتەوایەتی دەبەزێنن. مایەی سەرسامیش نییە کەرێکخەرە سیاسیەکان کۆششی خۆیان لەسەر گروپەکانی بەرژەوەندیی تایبەت چڕبکەنەوە. چونکە ئەوان





لافی ئەوە لێ دەدەن کەدەتوانن ئەو شتانە جێبەجێ بکەن کەسیاسییەکان ناتوان بیکەن.

چۆن دەتوانرێ لەهەمان کاتدا دیموکراسییو حکومەتی کارا بپارێزرێن لەکاتێکدا کەدەسەلاّتی خۆیان بەسەر رووداوکان لەدەست داوە؟ پێم وایە وەلاّمێك بۆ ئەم پرسیارە هەیە. ئەوەی لەولاّتانی دیموکراتدا پێویستمان پێیەتی قوڵکردنەوەی پیادەکردنی خودی دیموکراسییەو, ئەمەش ناودەنێم دیموکراتیزە کردنی دیموکراسی democracy[1] democratsing, بەلاّم دیموکراسییەتی ئەمرۆ دەبێ گوازراوە (انتقالی) بێت. ئێمە پێویستمان بەدیموکراتیزە کردنی سەروو و خوارووی ئاستی دەوڵەتی نەتەوایەتی هەیە. سەر دەمی بەجیهانی بوون پێویستی بە وەلاّمی بەجیهانی بوو هەیەو, ئەمەش بەهەمان رادە کە بەسەر بوارەکانی دیکەدا پیادە دەکرێت, بەسەر سیاسەتیشدا پیادە دەکرێت.

قوڵکردنەوەی دیموکراسی کارێکی ویستراوە. چونکە میکانیزمە کۆنەکانی فەرمانرەوایی لەکۆمەڵیکدا کار ناکات کە هاوولاّتیانی لەهەمان ئەوژینگە زانیارەییەدا دەژین کە ئەوانەی ئەو هێزەیان بەدەستەوەیە کەکار لەهاوولاّتیان دەکات هەر لەهەمان ژینگەدا دەژین ئاشکرایە کە حکومەتە رۆژ ئاواییە دیموکراتەکان هەرگیزلەشاردنەوەی راستیەکاندا زیادە رۆییان نەکردووە,

[1] وەرگێڕی عەرەبی فرێزی (دمقرطة الديموقراطية)ی بۆ ئەو فرێزە بەکارهێناوەو پێی وایە کە وەرگێڕانێکی رەزامەند بەخشی فرێزە ئینگلیزەکە لەئارادا نییەو باشتر وایە (فراوانکردنی پیادەکردنی دیموکراسیانەی دیموکراسی) بەکاربهێنرێ کە وردترە بەلاّم زۆر درێژە پێم وایە (دیموکراتیزەکردنی دیموکراسی) بەکوردی باشە. (و.ك)

www.pertwk.com

وەکودەوڵەتە کۆمۆنیستەکان و شێوە دەسەڵاتە خۆسەپێنەکانی دیکە. بەڵام لەهێندێ لایەندا زیادە ڕۆییان لەنهێنیی ڕاگرتندا کردووە. بۆنموونە بابیر لەئاستی ئەو نهێنیی دەسەڵاتە کە حکومەتەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و بەریتانیا بەسەر تاقیکردنەوەی نەوەوی و پێشخستنی چەك لەسەر دەمی شەڕی سارددا سەپاندبوویان. ڕژێمە دیموکراتە ڕۆژ ئاواییەکان لەو سەردەمەدا پشتیان بەتۆڕی برادەرانی منداڵی و لایەنگری سیاسی و ڕێکەوتنە نهێنییەکان دەبەست.ئەمانەش بەشێوەیەکی ئاسایی پەنا بۆ ڕەمزە کۆنەکان و شێوە ئاسایی و خاون سروشتە کەمتر دیموکراتەکانی هێز دەبەن. ئەنجومەنی لۆردەکان لەمەملەکەتی یەکگرتوودا نموونەیەکی زەقی ئەو وەسفەیە. هەر کە نەریتەکانیش هێزی خۆیان لەدەت بدەن, ئەوەی ڕۆژگارێك مایەی بەرزو بەرێز ڕاگرتن بوو ولەنێوان شەوو ڕۆژێکدا نامۆ دەبێت و دەبێتە مایەی گاڵتە جاڕیش.

بەڕێکەوتیش نییە کەچەندین ڕووداوی گەندەڵی سیاسی لەجیهاندا , لەماوەی چەند ساڵی کەمی ڕابوردوودا ئاشکرابوون. ڕووداوەکانی گەندەڵی لەژاپۆنەوە بۆ ئەڵمانیاو فەرەنساو ویلایەتە یەکگرتووکان و مەملەکەتی یەکگرتوو هەواڵەکانیان پڕکردەوە. من گومان لەوە دەکەم کەڕووداوەکانی گەندەڵی لەوڵاتە یەکگرتووکاندا ئێستا لەجاران بەر بڵاوتربێت. ئەوی ڕووی داوە ئەوەیە کە ڕوونترن لەکۆمەڵی کراوەی زانیارییەکاندا. هەروەها گۆرانێکیش لەپێناسەی ئەوەی دەچێتە چوار چێوەی گەندەڵییەوە. بۆ نموونە لە بەریتانیا , گروپی برادرانی مناڵی شێوازی باو بوو بۆ ئەنجامدانیکار. تەنانەت لەنێو ئەو حزبانەشدا کەلەچەپی ناوەراستدان. ئەم جۆرە ئیفلیجییە

جیهانێکی لێکترازاو

ئێستا بەتەواوی لانەچووە, بەڵام زۆر لەو شتانەی تێیاندا روی داوەو, ئەو سەردەمەش پەسەند دەکرا, ئێستا بە نارەوا دەزانرێ.

دیموکراتیزەکردنی دیموکراسی لەوڵاتە جۆر بەجۆرە کاندا, بەپشت بەستن بە زەمینەی هەر یەکێکیان, شێوەی جۆر بە جۆر بەخۆوە دەگرێ, بەڵام هیچ وڵاتێکی پێشکەوتوو لەژێر چنگی دەرناچێ. دیموکراتیزەکردنی دیموکراسی مەعنای دابەشکردتی کاریگەری هێز دەبەخشێ, کە هێشتا وەکو لەبەریتانیا دەبینرێ –هێز بەتوندی لەسەر ئاستی نەتەوایەتی چڕبۆتەوە. هەروەها ئەوەش **دەگەیەنێت کەهەنگاوی کاریگەری دژ بەگەندەڵی لەهەموو ئاستێکدا هەیە.**

ئەمەش بەشێوەیەکی ئاسایی چاکسازی دەستووری بەخۆوە دەگرێ, لەگەڵ هاندانی رادەیەکی زیاتری شەفافییەت لەمەسەلە سیاسییەکاندا. هەروەها دەبێ ئامادەبین بۆ تاقیکردنەوەی چەند هەنگاوێکی دیموکراسییانەی بەدیل, بەتایبەت کەئەم هەنگاوانە پەیوندییان بە ئاسانکردنی نزیك بوونەوەی پرۆسەی دروست کردنی بڕیاری سیاسی و گرنگییەکانی ژیانی ڕۆژانەی هاووڵاتیانەوە هەبێ. داوەریی میللی و ڕاپرسییەکان جێی نوێنەرایەتی دیموکراسییانە ناگرنەوە, بەڵام ڕەنگە شێوازی بەکەڵك و تەواو کەری بن.

هەروەها حزبە سیاسییەکان دەتوانن لەجاران بەتوانا تربن لە هاوکاری لەگەڵ ئەو گروپانەی یەك کێشە جێی بایەخیانە, وەکو گروپەکانی فشاری بواری ژینگە.هێندێك پێیان وایە کەکۆمەڵە هاوچەرخەکان کۆمەڵگەلێکی پچڕپچڕو ناڕێکوپێکن. بەڵام لەڕاستیدا پێچەوانەی ئەوەن. خەڵکی ئێستا پتر لەجاران دەچنە نێو کۆمەڵە ورێکخراوەکانەوە. لەبەریتانیا ژمارەی ئەندامانی گرووپە

www.pertwk.com

خۆبەخشەکان و گرووپەکانی هاوکاریی خۆیەتی گەیشتە بیست هێندەی ژمارەی ئەندامانی حزبە سیاسییەکان. ئەمەش بەهەمان رادە بۆ ولاّتانی دیکە راستە.

ئەو کۆمەلاّنەی بایەخ بەیەك کێشەدەدەن لەریزی پێشەوە دێن لەرووی توانایان بۆ وروژاندنی ئەو کێشەو گرفتانەی بازنە حزبییە ئاساییەکان تا درەنگانێك پشتگوێیان دەخەن. بەم شێوەیەو، پێش روودانی قەیرانی شێتی مانگا لەبەریتانیا بەماوەیەکی درێژ، ئەم گروپ و بزوتنەوانە لەمەترسی پیس بوونی زنجیرەی خۆراك خەلّکیان ئاگادارو وریا دەکردەوە.

جگە لەمەش دیموکراتیزەکردنی دیموکراسی پشت بەچاودێریی رۆشنبیرییەکی مەدەنی بەهێز دەبەستێ. بازارەکانیش ناتوانن ئەم رۆشنبیرییە بەرهەمبهێنن. هەروەها ئەمە لەتوانای ئاراستەی فرەلایەنی گروپەکانی بەرژەوەندییە تایبەتەکاندا نییە. ناشبێ وا بیر لەکۆمەلّ بکەینەوە کەلەو دوو کەرتە پێکهاتووە: دەولّەت و بازاڕ، یان گشتی و تایبەتی. لەنێوان ئەو دوو جەمسەرەدا کۆمەلّی مەدەنی هەیە پێکهاتووە لەخێزان و سیستەمە نا ئابوورییەکانی دیکە. پڕۆسەی بنیاتنانەوەی دیموکراسی بەشێکە لەرۆشنبیریی مەدەنی روو لەزیاد بوون. کۆمەلّی مەدەنی ئەو شانۆیەیە کەدەبێ لەچوار چێوەیدا ئاراستە دیموکراسییەکان، بەلێکبوردنیشەوە، گەشە بکات و دەتوانرێ ئەم بوارە مەدەنییەو بناغە رۆشنبیرییەکانیش لەلایەن حکومەتەوە چاودێری بکرێت.





دیموکراتیزەکردنی دیموکراسی تەنها بەمەسەلەیەکی گرنگ بۆ دەولّەتە دیموکراسییە جێگیرەکان دانانرێ، بەلّکو دەشتوانێ یارمەتیدەربێت لەبنیاتنانی دامەزراوە دیموکراسییەکان لەو ولاّتانەی ئەم دامەزراوانە تێیاندا لاوازو بێ هێزن. بۆ نموونە لەروسیا، کە سەرمایەداریی مافیاکان پەرەی سەندووەو چەند لایەنێکی خۆسەپێنی بەهێزی پاشماوەکانی رابردوو لەئارادایە. ناتوانرێ کۆمەلّێکی کراوەترو دیموکرات تر تەنها بەپەیڕەوی کردن لەشێوەی بنیاتنان لەسەرەوە بۆ خوارەوە دروست بکرێ. بەلّکو دەبێ ئەم کۆمەلّە لەخوارەوە بۆ سەرەوە بنیات بنرێ لەڕێگای سەر لەنوێ بووژاندنەوەی رۆشنبیریی کۆمەلّی مەدەنیو، دانانی هێزەکانی بازاڕ لەجێی دەسەلاّتی دەولّەت. تەنانەت ئەگەر ئەو هێزانە جێگیریش بن، لەکۆتاییدا نابێتە مایەی جێبەجێ کردنی ئەو ئامانجە. دیموکراسیی **کاریگەر بەکورسی خاوەن سێ پێ شوبهێنراوە دەبێ هاوسەنگییەك لەنێوان حکومەت و کۆمەلّی مەدەنیو ئابووریدا هەبێ. ئەگەر یەکێك لەم سێ لایەنە زالّ بەسەر دوو لایەنەکەی دیکەدا، ئەوا دەبێتە مایەی ئەنجامی خراپ.** لەیەکێتی سۆڤیەتی پێشوودا دەولّەت دەستی بەسەر زۆربەی لایەنەکانی ژیاندا گرتبوو، لەئەنجامدا ئابوورییەکی کارا دروست نەبوو، ئەمەش کۆمەلّی مەدەنی کوشت.

ناتوانری میدیا لەدەرەوەی ئەم هاوکێشەیە دابنرێت. میدیا، بەتایبەت تەلەفزیۆن، پەیوەندییەکی دووسەرەی بەدیموکراسییەوە هەیە. لەلایەکەوە، وەکو جەختم لەسەر کرد، دروستبوونی کۆمەلّی گەردوونیی زانیارییەکان هێزێکە کارایی چوارچێوەی پیادەکردنی دیموکراسی فراوان دەکاتەوە. لەلایەکی دیکەشەوە، تەلەفزیۆن و

www.pertwk.com

ئامرازەکانی دیکەی میدیا شتێکە بەلای ئەوەدا دەشکێتەوە کە بواری ئەو دایالۆگە گشتییە لەناو ببات کە ئامرازەکانی میدیا لەڕێگای کەمکردنەوەی بەهای کێشە سیاسییەکانو سەپاندنی مۆرکی تایبەت بەسەریدا, دەیانەوێ بەرپای بکەن. جگە لەمەش, گەشەسەندنی کۆمپانیا زەبەلاحە فرەنەتەوەکانی میدیا ئەوە دەگەیەنێ کە دەوڵەمەندە خاوەن کارە گەورە هەڵنەبژێراوەکان هێزی زیاتریان هەیە.

نابێ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم جۆرە هێزەتەنها بۆ سیاسەتی نەتەوایەتی بەجێبهێڵرێو, بەشێوەیەکی بناغەیی نابێ دیموکراتیزەکردنی دیموکراسی لەئاستی دەوڵەتی نەتەوایەتیدا بوەستێ. لەبەکردەوەکردنیدا, سیاسەتە دیموکراسییەکان, تا ئێستا گریمانەی ئەوە بووە کە کۆمەڵێکی نەتەوایەتی لەلایەن خۆوە حوکم کراوی خاوەن توانای داڕشتنی ئەو سیاسەتانەی کە مەبەستێتی, لە ئارادایە. سەرەڕای ئەوەی دەوڵەتو دەوڵەتی نەتەوایەتی تا ئێستا بەهێزە, بەڵام–وەکو پسپۆڕی زانستە سیاسییەکان دێڤد هێڵد Held– ئاماژەی بۆ دەکات, نەبوونی چوارچێوەی فراوانی دیموکراسی لەنێوان دەوڵەتو دەوڵەتی دیموکراسی ئەو هێزە گەردوونیانەدا هەیە کە کار لەژیانی هاووڵاتیانی دەکەن. کێشەکانی ژینگەو هەڵکشان و داشکانی ئابووریی جیهانو گۆڕانانەکانی تەکنەلۆژیی پەیوەندییە جیهانییەکان ڕێز لەسنوورە نەتەوایەتییەکان ناگرنو, لەلایەن پرۆسە دیموکراسییەکانەوە کۆنترۆڵ ناکرێن. ئەمەش وەکو گوتم, هۆیەکی سەرەکیی داتەپینی دڵگیریی دیموکراسییە لەو وڵاتانەی بەدڵگیرترین شێوەی دەیناسن.





پێدەچێ قسەکردن لەبارەی دیموکراسییەوە لە ئاستێکی گشتی تر لەدەوڵەت کارێکی بەتەواوی ناواقیعی بێت. ئەم جۆرە بۆچوونانە, پێش هەموو شتێك لەسەد ساڵ پێش ئێستاوە بەفراوانی قسەی لێکراوە. لەبری ئەوەی ئەمە ببێتە مایەی سەردەمێکی هاوئاهەنگی گەردوونی, بووە مایەی دوو جەنگی جیهانی. پتر لەسەد ملیۆن کەسیش لەجەنگەکانی سەدەی بیستەمدا کوژران.

ئایا بارودۆخ ئێستا گۆڕاوە؟ ئاشکرایە کە کەس ناتوانێ لەوە دڵنیابێت, بەڵام پێم وایە کە بارودۆخ گۆڕاوە. هۆیەکانی ئەمەشم لەچەند فەسڵێکی پێشتردا روون کردەوە. جیهان ئێستا زۆر لەپێش سەدەیەك پێش ئێستا سەربەخۆترە, هەروەها سروشتی کۆمەڵی نێودەوڵەتیش گۆڕا. لەدیوەکەی دیکەی ئەم دراوەدا دەبینین کە ئەو کێشە هاوبەشانەی ئەمڕۆ ڕووبەڕوویان دەبینەوە , وەکو کێشەکانی ژینگە, گەورەترن.

بەڵام چۆن دەتوانرێ دیموکراسی لە ئاستێکی گشتی تر لەئاستی دەوڵەتی نەتەوایەتی هان بدرێ؟ وا ئاوڕ لەرێکخراوە سەروو نەتەوەکانو دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان دەدەمەوە. نەتەوە یەکگرتووەکان, وەکو ناوەکەی ئاماژەی بۆ دەکات, بەپێکەوە گرێ دەرێکی دەوڵەتە نەتەوایەتیەکان دادەنرێو, بەلای کەمەوە تا ئێستا, کەمتر ڕووبەڕووی سەروەریی دەوڵەتان بۆتەوە. بەڵگەنامەکەی ئەوە دووپات دەکاتەوە کەنابێ کاری وابکات. بەڵام یەکێتی ئەوروپا جیاوازەو, پێموایە دەکرێ لەناوچەی دیکەی جیهاندا رەچاو بکرێو, زۆرجاریش ئەوە دەبێت. ئەوەی بەنیسبەت یەکێتی ئەوروپاوە گرنگە ئەوە نییە کە دەکەوێتە ئەوروپا, بەڵکو پێشەنگ بوونیەتی لەو ڕووەوە

www.pertwk.com

که شێوەیەکی فەرمانڕەوایی ئەودیو نەتەوەکانە. بەپێچەوانەی ئەوەی هێنـدێ لـە لایـەنگران و رەخنـەگرانی بـۆی دەچـن, نـە دەوڵـەتێکی فیدراڵەو نە دەوڵەتێکی سەروو نەتەوەییە Super nation- state. بەڵام تـەنها پێکـەوە گرێدەری چـەند دەوڵـەتێکیش نییـە.. ئـەو دەوڵەتانـەی چـوونە ریـزی یـەکێتیی ئـەوروپاوە, خۆبەخشـانە دەسـتیان لەچـەند سـیمایەکی سـەروەریی خۆیـان هـەڵگرت تـا بتـوانن بچـنە ریـزی یەکێتییەوە.

بـەڵام یـەکێتی ئـەوروپا لەخۆیـدا دیمـوکرات نییـە. یـەکێك لـەو قسانەی لەبارەیەوە باوە ئەوەیە کە ئەگەر یەکێتی ئەوروپا داخوازییەك پێشکەش بکات بۆ چوونە ناو ریزی یەکێتی ئەوروپاوە ئەوا لەمەدا شکست ئەخوات. یەکێتی ئەوروپا بەو پێوەرە دیموکراسییانە پابەند نییـە کـە بەسـەر ئەندامانیـدا دەیسـەپێنێ, لەگـەڵ ئەوەشـدا لـەڕووی مەبدەئـەوە, هـیچ رێگرێـك لەبـەردەم دیمـوکرات بـوونی لـە پاشـەڕۆژدا نییـەو دەبـێ بەتونـدی پاڵەپەسـتۆی بخەینـە سـەر بـۆ ئـەوەی بـەو ئاڕستەیە بگۆڕدرێ. بوونی یەکێتی ئەوروپا لەچوارچێوەی سیستمی جیهانیـدا پاڵپشـتی لەپرنسـیپێکی بناغەییدیموکراسـی دەکـات –ئـەو پرنسـیپەی کـەدەڵێ سیسـتمی ئـەودیو نەتـەوەکان دەتوانـێ بـەکارایی لەچوارچـێوەی دەوڵەتـدا بەشـداری لەپرۆسـەی دیموکراسـی بکـات بەهـــەمان رادەی لـــەنێو دەوڵەتانیشـــدا دەتوانـــێ بیکـــات. دادگـــا ئەوروپییەکان, بۆ نموونە, چەند بڕیارێکیان دەرکرد کە پارێزگاریی مافـەکانی تاکـەکان بـەخۆوە دەگـرن و لەهـەموو دەوڵـەتانی ئەندامـدا دەسەڵاتیان هەیە.





که لەکۆتایی سەدەی بیستەمدا دەڕوانینـە جیهـان، دەبینین هێنـدە هـۆ لـەئارادان کـە بەهـەمان رادەو لەهەمانکاتـدا بـەرەو گەشـبینییا رەشبینیمان دەبەن. بڵاوبوونـەوەی دیموکراسـی نموونەیەکە بەپەنجە ئامـاژەی بـۆ دەکـرێ. بەڕواڵـەت, دیموکراسـی وادێتـە پـێش چـاو کـە گـوڵێکی ناسـکە. سـەرەڕای بڵاوبوونەوەشـی, بـەڵام خودسـەرەکانیش هەرماون و, مافی مرۆڤیش لەچەندین ولات لەجیهاندا پێشێل دەکرێت. سـەدان هەزارکـەس لـە کۆسـۆڤۆ ناچارکران ماڵ و حاڵی خۆیان بـەجی بهـێڵن و, هـەموو بڕگـەکانی یاسـا لـەکار خـران. دەمـەوێ لێـرەدا چـەند وشەیەك لەرۆژنامە نووسێك وەربگرم کە رووداوەکانی بەچاوانی خۆی بـینی" لـە ماسـادۆنیا نزیکـەی نیـو ملیـۆن پەنابـەر هەیـە, چـۆن خواردنیان دەدرێتێ؟ کەس نازانێ.. وەرن بۆ ماسادۆنیاو یارمـەتیمان بـدەن ". ئەمـە لەرۆژنامـەی تۆرنتـۆ دەیلـی سـتاردا بڵاوکرایـەوەو, رۆژنامەنووسەکە ئێرنست هێمینگوای بوو. رۆژەکـەش 20ی تشرینی یەکەمی 1922بوو.

دەتوانرێ لەیەکێکمان ببورین کە پێی وابێ هێندێ کێشەی ئاڵۆز هیـوای چارەسـەریان نیـە. پێدەچـێ گەشەسـەندنی دیموکراسـی پێویسـتی بـەوە هـەبێ بـۆ مـاوەی دوورو درێـژ لـەخاکێکی بەپیتـدا بچێنرێ. لەکۆمەڵ و ناوچە خاوەن مێژووە کورتـەکانی فـەرمانڕەوایی دیموکراتـــدا, رەگـــی دیموکراســـی کـــورت و خـــاوەو بەئاســـانی هەڵدەکێشرێ. لەگەڵ ئەوەشدا, رەنگە پێویست بێت وای بۆ بڕوانین کە رووەکێکی بەهێزەو, دەتوانێ لـەخاکی بەتـەواوی بەیاریشدا گەشـە بکـات. ئەگـەر ئـەوەی دەیڵـێم راسـت بێـت, ئـەوا فـراوان بـوونی چوارچێوەی خـەبات جێبـەجی ناکرێت و فراوان کردنی چوارچێوەی

www.pertwk.com



دیموکراسی لەسەر هەموو ئاستەکان شایانی ئەوەیە خەباتی بۆ بکرێت و دەتوانرێ جێبەجێ بکرێت. جیهانی ترازاومان رادەیەکی کەمی فەرمانڕەوایی ناوێ، بەڵکو بەپێچەوانەوە فەرمانڕەوایی زیاتری دەوێ و، ئەم ئەرکەش تەنها دامەزراوە دیموکراتەکان بەئەنجامی دەگەیەنن.



# خوێندنەوەی هەڵبژێردراو بەجیهانی بوون



*Albrow. Martin: The Global Age. State and Societ Beyond moderity". Cambridge. Polity press.1996.*

نووسەر پێی وایە کە ئێمە دەچینە یەکەمین چاخی گەردوونیەوە، لەبری ئەوەی باسی بەجیهانی بوون بکرێ، پێویستە ئەو شێوازانە شی بکرێنەوە کە ژیان لەسەردەمی بەجیهانی بووندا بەشێوەی تازەی متمانەو پشت بەستنی بەرامبەرمان دەناسێنێ.

*Bell, Daniel:"The world and The United States in 2013" Dacdatus 116(3) 1987. 1-31.*

ئەم وتارە هەوڵێکە بۆ پێشبینی کردنی گۆڕانە بونیادییە سەرەکییەکانی پاشەڕۆژ، دەگاتە ئەوەی کە ناهەماهەنگی لەنێوان گرنگیی هێزەکانی بەجیهانی بوون و دامەزراوەکانی دەوڵەتی نەتەوایەتیی تازەدا هەیە.

*Castells,manuel: The Rise Of Network Society .(The information age. vol.1) Combridge. MA.Blakwell.1996*[1] *.*

بەرگی یەکەمی لێکۆڵینەوەیەکی سێ بەرگی دەربارەی دروست بوونی ( کۆمەڵی تۆڕ ) کە سستمێکی گەردوونییە لەئەنجامی ڕۆڵی زانیارییەکان لە ئابووریی جیهاندا دروست بووە.

*Diken,peter:"global Shift Transforming the world economy.3rd end London.Chapman.1998.*

شیکردنەوەیەکی پێشکەوتوو و تازەبابەتی شێوە گۆڕاوەکانی چالاکی ئابووری جیهانی. چەند بەڵگەیەکی هەڵێنجراو لە کەرتی پێشەسازی جۆراوجۆر دەهێنێتەوەو وەڵامی پرسیارێك دەداتەوە کە پوختەی چۆنێتی کاریگەریی بەجیهانی بوونی ئابوورییە بەسەر سەروەریی دەوڵەتدا.



[1] لەلایەن وەرگێڕی عەرەبی و چەند توێژەرەوەیەك لەبەردەستدایە بۆ وەرگێڕان. (و.ع)

www.pertwk.com

*Gary.john. False Dawn : The Delusions of Global Capitalism. London Granta boos.1998*[1]

کارێکی ئێجگار تۆکمە، بۆ ئەوە دەچێ کە فراوان بوونی چوارچێوەی بازاڕی جیهانی لە هەموو جیهاندا کێشەی کۆمەڵایەتی زۆری لێ دەکەوێتەوە. نووسەر دەڵێ ناکرێ تاقە شێوازێکی گۆڕانی سەرمایەداری هەموو وڵات و ناوچەکان بخرێنە ژێر ڕکێفیەوە.

*Held.David Anthony Mc Grew. David Goldblatt and Johnathan ..*

*Peraton. Global Transformation: Politics, Economics and Culture. Cambridge : Polity Press .1999.*

چارەسەرکردنی هەرە فراوانی بەجیهانیبوون تا ئەمڕۆ.بەشێوەیەکی هاوتا هەموو بۆچوونە جیاوازەکان دەخاتە روو. ئەم کتێبەشە کە پەرەی بەجیاوازەی نێوان گومانکار لە بەجیهانی بوونو ئەوانی دیکەدا، کە لەبەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا پشتم پێبەست.

*Hirst.Paul Q. and Graham Thompson.Globalization in Qustion: The International Economy and The Possitilities of Goverance. Combridge: Polity Press.1996.*

هیرستو تۆمپسن هەڵوێستی گومانکارانەیان لە بەجیهانیبوون هەیەو، پێیان وایە کە هەمیشە زیادەڕۆیی لەهەڵسەنگاندنی تەواوکاریی ئابووریی بازاڕە جیهانیەکاندا کراوە.

*Korten. David.c.When Corporations Rule The World. West Hartford.CN and San Francisco. CA: Cumarion Press and Berrett Koehler.1995.*

[1] ئەم کتێبە بەناونیشانی(( تاریکورروونی درۆزن: وەهمەکانی سەرمایەداری جیهانی)) لەلایەن ئەحمەد فوئاد بەدیعەوە، وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی: ئەنجوومەنی باڵای کولتوور، پرۆژەی نەتەوەیی وەرگێڕان، کتێبی ژمارە 124. قاهیرە 2000ز. (و.ع)

جیهانێکی لێکترازاو

لێکۆڵینەوەیەکی پێشکەوتنی هێزی ئابووری جیهان, پێ لەسەر ئەو رۆڵە دادەگرێ کەکۆمپانیا زەبە لاحەکان دەیگێڕن. نووسەر پێی باشە گۆڕانی بناغەیی بەمەبەستی سنووردانان بۆ هێزی ئەم کۆمپانیایانە بکرێ.

*Mcluhan. Marshall. The Gutenberg Galaxy: The Making of Typographic Man. Torronto. Univirsity of Torronto press.1962.*

ئەم کتێبە زاراوەی زۆر وەرگێڕدراوی (گوندی جیهانی) یداڕشت بۆ وەسف کردنی کاریگەریی تەکنەلۆژی پەیوەندییەکان بەسەر ژیانماندا

*Ohmae. Kenichi The End of The Nation State: The Rise of Regional Economias.London.Harper Collins. 1995.*

ئۆهەمی هەڵوێستێکی دژی هەڵوێستی (هێرستو تومپسن)ی هەیە.پێشنیازی ئەوە دەکات کەگۆڕانی بەجیهانی بوون هێندە بە هێز بووە کەدەوڵەتی نەتەوایەتی زۆربەی توانا کانی کۆنترۆڵکردنی کارو بارەکانی خۆی لەدەست داوە.

*Soros. George ,The Crisis of Global Capitalism: Open Society Endangered.New york: BBS/ Publlic Aftairs. 1998.*

جۆرج سورس بەیەکێك لەسەرکەوتوو ترین سەرمایە گوزارانی ئێستا دادەنرێ و, سامانەکەی خۆی لەکارکردن لەبازاڕە داراییەکاندا پێکەوەنا. بەڵام پێی وایە ئێستا پێویستیان بەرێکخستنی زیاتر هەیە, دەنا چەندین قەیرانی لەو جۆرە دەبێ کەلەساڵی 1998دا کاری کردە سەر ئابوورییەکانی رۆژهەڵاتی ئاسیا.

*Strange, Susan. The Retreat of The State: The Diffusion of Power in The World Economy. Cambridge University Press, 1996.*

دانەری ئەم کتێبە ژنە نووسەری کتێبی (سەرمایەداریی گازینۆکان)ە کەچاپخانەی بلاکۆیل لەساڵی 1986 دابلاوی کردەوە.

www.pertwk.com

لـەم کتێبــەدا بۆچـوونی ئەوەیــە کەدەرکـەوتنی ئـابووری ڕێکخســتنە سیاسییە ئەودیو نەتەوەییەکان بووەمایە گۆڕانی گرنگ لە تـەرازووی هێز لەئابووریی سیاسی نێو دەوڵەتیدا.

## سەرچڵی

*Adams , John Risk. London :UCL Press. 1994.*

موناقەشەیەکی ورووژێنەری سروشتی سەرچڵی وبەڕێوە بردنێتی.

ئادەمز لەم کتێبەدا پێی وایە شیکردنەوەی سەرچڵی دەبێ ڕەچاوی ئەوە بکات کەچۆن خەڵکی بەهەڵسوکەوت ئەوسەرچڵییە دەدەنەوە کەبەشێوەیەکی بژار کارانە دەرکی پێدەکرێ.

*Beck,Ulrich.Risk Society:Towards a New modernity London: sage,1992.*

کتێبێکی کلاسیکییە پێی وایە کەئێمە لە(کۆمەڵی پیشەسازی) بەرەو(کۆمەڵی سەرچڵی) دەڕۆین و کۆمەڵی سەرچڵی بەچەند بوارێکی تازەی نادڵنیایی و پەرەسەندنی ئاراستەی تاك گەرایی و لەریشەوە گۆڕانی سیستمەکۆمەڵایەتییەکان جیا دەکرێتەوە

*Beek ,ulrich.Ecological Politics in An Age of Risk. Cambridge Polity Press.1995.*

ئەم کتێبە دروست بوونی سیاسەتە ئیکۆلۆژییەکان بەگۆڕینی سروشت لەلایەن تەکنەلۆژی تازەوە دەبەستێتەوە, ئێمە لەکاتێکدا دەست بەبایەخدان بەسروشت دەکەین کە لەجیهاندا شتێك نامێنێ بەسروشتی دابنرێ.

*Bernstein, Peter.L.Against The God: The Remarkable Story of Risk. New yorl, John Wiley and Sons ,1996.*

باشترین موناقەشەی سەرچڵی لەرووی پەیوەندییەوە بەمێژووی تیۆریی ئەگەرەکانو گۆڕانی بازاڕ داراییەکانەوە. (برنش تان) ئەوە



جیهانێکی لێکترازاو

روون دەکاتەوە کە چۆن چەندین شێوازی تاقیکراوی هەڵسەنگاندنی سەرچڵییەکان, بەدرێژایی سەدەکاندا پەرەیان سەندووە.

*Douglas ,Mary, and Aaron Wildavesky, Risk and Culture , An Essay on The Selection and Anvironmental Dangers. Berkeley, CA: University of Calfornia Prees,1982.*

ئەم کتێبە پێی وایە کەسەر چڵی ناتوانرێ بەشێوەیەکی بابەتی بزانرێ. ئەوەی دەچێتە نێو چوار چێوەی پێناسەی سەرچڵییەوە پشت بەو بەهایانە دەبەستێ کەتاك و کۆمەڵ هەڵیاندەگرن.

*Franklin,,Jane.(ed).The Politics of Risk Society.Cambridge: Polity Press. 1998 .*

کۆمەڵە وتارێکە لەدوورایییە جۆربەجۆرەکانی سەرچڵی لە کۆمەڵە هاوچەرخەکاندا دەکۆڵنەوە

*Knight, Frank Hyneman. Risk, Uncertainty of Profit. Boston, MA: Houghton Miffin, 1921.*

لەم کتێبە کلاسیکییەدا دانەر چەمکی سەرچڵی بەسەر چالاکی ئابووریدا پیادە دەکات و, پەرەبەجیاوازی نێوان ((سەرچڵی)) و((نادڵنیایی )) دەدات. چەندین کەس ئەوجیاکارییەی کەدەڵێ دەتوانرێ سەرچڵی حیساب بکرێ, بەلاّم (نادڵنیایی) وانییە, کاری تێ کردن

*Raphael Adam. Ultimate Risk,Lodon: Bantam Press, 1994.*

شیکردنەوەی ورووژێنەری ئەو گرفتانەی رووبە رووی کۆمپانیای لویدز بۆ دابینکردن بوونەوە، نوسەر پێی وایە ئەوسەختییەی رووبەرووی کۆمپانیا دەبێتەوە لەلایەنە جۆر بەجۆرەکانی کەموکوڕی بەڕێوەبردنی سەرچڵییەوە هەڵدەقوولێ.

*Royal Society. Risk: Analysis, Perception, Management.London :Royal Society.1992.*

www.pertwk.com

شیكردنەوەیەكی رەسمی سەرچڵییە. هەڵبژاردەیەك لەدیارترین زانایانی مەملەكەتی یەكگرتو ئامادەیان كردووە. شیكردنەوەی بووە مایەی جیاوازییە گەورەی بۆچوون لەبارەی سەرچڵی بابەتی وخودییەوە.

## نەریتەكان

*Ahmad Akbar.S,and Hastings Donnan (eds).Islam, Globalization and Postmodernity. London and New york:Routledge. 1994.*

ئەم كتێبە پەیوەندیی نێوان دەركەوتنی ئوسولییەت و بڵاوبوونەوەی ئامرازەكانی میدیا روون دەكاتەوە. چونكە ئوسولییەت دیاردەیەكی نەتەوایەتی نییە, بەڵكو ئەودیو نەتەوەكانەوە.

*Gellner.Ernest.Postmodernism, Reason and Religion.New York: Routledge,1992.*

موناقەشەیەكی ورووژێنەری بووژانەوەی ئایینی وگرنگییەتی لەقۆناغی ئێستاماندا.نەریتە ئایینیەكان نامرن بەڵام بەبەردەوامی دەبوژێنرێنەوە

*Crss,David The Post in Ruins.Tradition and the Critique of Modernity.Amberst,MA: University of Mamssachussets Press, 1992.*

ئەم كتێبە لەبەر رۆشنایی تیۆریی رۆشنبیریدا پەرەبە راڤەكردنی مۆركی گۆڕاوی نەریتەكان دەدات.

*Heelas, Paul, Scott Lash and Paul Morris (eds) Detraditionalization.Critical Reflections on Authority and Identity.Oxford, Blackwell. 1996.*

كۆمەڵە وتارێكە موناقەشەی داتەپینی نەریتەكان لەكۆمەڵە هاوچەرخەكاندا دەكات. كتێبەكە كۆمەڵە بۆچوونێكی جۆربەجۆر





سەبارەت بە رادەی داتەپینی فیعلییان و ئەو ئەنجامانەش دەخاتە روو كە لێی دەكۆڵنەوە.

*Hobsbawn, Eric J. and Terrence,O. Ranger. The Invention of Tradition. Cambridge: Cambridge University Press, 1983.*

كارێكی كلاسیكییە روونی دەكاتەوە كەزۆربەی شێوەكانی رەفتار كەپێمان وایە بۆسەر دەمانێكی زۆركۆن دەگەرێنەوە,لەراستیدا مێژوویێكی تازەیان هەیە.

*Huntington, Samuel P.The Clash of Civilizations and The Remaking of World Order New york: Simon and Schuster,1996.*

لێكۆڵینەوەیەكی زۆر بەناوبانگی دابەشكردنی تازەی كۆمەڵی جیهانییە كە لەئەنجامی رووداوەكانی پاش ساڵی 1989 دا روویدا. هانتگتن پێی وایە كە سەرچاوە تازەكانی ململانێ لەجیهاندا لەدەوروبەری ئەو هێڵە كۆنانەدا چەق دەبەستن كە شارستانییە ئایینییەكان لێك جیادەكەنەوە.

*Kepel, Gilles. The Revenge of God: The Resurgence of Islam, Christianity and Judism in The Modern World. Cambridge: Polity Press,1994.*

لێكۆڵینەوەیەكی نایاب و ورووژێنەرە لەسەر دروستبوونی ئوسوڵیەت. كتێبەكە بەتایبەت جەخت دەكاتە سەر ئەو كێشە ئاڵۆزانەی رووبەڕووی پیادەكردنی چەمكی ئوسوڵیەت بەسەر ئیسلامدا دەبنەوە،

*Kramnick, Issac ( ed ). The Portable Enlightinment Reader. New york: Penguin,1995.*

كۆمەڵێكی هەڵبژاردەی بەرهەمی بیریارانی سەردەمی روناكبینییە, نووسینەكانی (بارۆن دی هولباخ)یشی بەخۆوە گرتووە.

www.pertwk.com
جیهانێکی لێکترازاو


*Marty, Martin E.and R. Scott Appleby (eds). Fundamentalism Observed (The Fundamentalism Project, Vol.1). Chicago: University of Chicago Press, 1991.*

بەرگی یەکەمی لێکۆڵینەوەیەکی چەند بەرگیە لە بارەی سروشتی ئوسوڵیەت لە جیهانی هاوچەرخدا.

*Said, Edward W. Orientalism, London: Routledge and Kegan Paul, 1979*

نووسەر لەم بەرهەمە خاوەن کاریگەریی فراوانەدا هێرش دەکاتە سەر بۆچوونمان سەبارەت بە رۆشنبیریو نەریتەکانی دیکە, کە لەبری ئەوەی وەسفی وردی ئەم رۆشنبیرییانەی تێدا بێت, پتر بۆچوونمان رەنگدانەوەی خودی بەرزە فڕی رۆشنبیری رۆژئاوایە.

*Shills, Edward A. Tradition. London: Faber and Feber. 1981*

موناقەشەیەکی گشتیی سروشتی نەریتەکانە لەکۆمەڵو رۆشنبیریە جیاوەزەکاندا. نوسەر بۆچوونێکی ئیجابی بۆ نەریتەکان هەیەو پێی وایە بۆ یەکگرتووییو بەردەوامی کۆمەڵ پێویستن.

*Vidal, Denis "when the Gods Drink Milk, Empricism and Belief in Contemparary Hinduism". South Asia Research, 18,1998*

لێکۆڵینەوەیەکی ئەو رووداوە نائاساییەی لە ساڵی 1995 دا لە هیندیستان رویداو کاتێک بێ خواوەندی خاوەن سەرەفیلەکان, جانیشو, خواوەندەکانی دیکە بەکردەوە وا پێ دەچوو کە ئەو ماستاوەی پێیان درا, خواردیانەوە.

## خێزان

*Bargess, Adrienne. Fatherhood Reclaimed: The Making of The Madern Father. London: Vermilion,1997.*



ئەم کتێبە شیکردنەوەی مۆرکی گۆڕاوی باوکایەتی لە کۆمەڵە تازەکاندا دەخاتە روو و, نووسەر پێی وایە دەبێ زیاتر ئاوڕ لە مافی باوکان بدرێتەوە.

*Coontz, Stephanie. The Way We Never Were: American Families and The Nostalgia Trap. New York : Basik Books,1992.*

رەخنەیەکی دڵگیر لەسۆز بۆ شێوە مێژووییەکانی ژیانی هاوسەرییە. کۆنتز ئەوە روون دەکاتەوە کە هەرگیز چاخی زێڕینی خێزان لە ئارادا نەبووە.

*Duby, Georges. Love and Marriage in Midde Ages. Cambridge : Polity Press.1994.*

لێکۆڵینەوەیەکی کلاسیکی زەواج و خۆشەویستیو رەفتاری سیکسییە لە چاخی ناوەڕاستداز ئەوە روون دەکاتەوە تا چەند ئاڕاستە سەرەکییەکانی ئەو کاتە لەهی ئێستا جیاوازە.

*Foucault, Mechel. The History of Sexuality, Vol. I. Harmondsworth: Penguin,1981 (Ferst Published 1976 ).*

لێکۆڵینەوەیەکی بەناوبانگی بایەخدانی رۆژئاوایە بەرەفتاری سیکسی. فۆتۆکۆپێیوایە رەفتاری سێکسی لەچاخی ڤیکتۆریدا خەفە نەکراوە, بەڵکو ئەم چاخە یارمەتیی وروژاندنی ئارەزووی سێکسی داوە.

*Goode, William. J. World Revolution and Family Patterns. NewYork and London: Free Press and Coiller-Macmillan, 1963.*

لێکۆڵینەوەیەکی کلاسیکی ئەو گۆڕانانەی لەسەر ئاستی جیهاندا بەسەر خێزان دێت. گودی پێی وایە جۆری هاوبەشی گۆڕان هەیە کە دەکرێ لە وڵاتانو ناوچە جۆربەجۆرەکانی جیهاندا بەدی بکرێن.

*Jamison,Lyna. Intimacy: Personal Relationshps in Modern Societies. Cambridge: Polity Press,1998.*

www.pertwk.com

نووسەر لە چۆنێتی گۆڕانی پەیوەندییە بەسۆزەکانی کۆمەڵە تازەکان دەدوێ‌و، بۆ ئەمە پشت بە بەڵگەی ئەزموونی وەرگیراو لەچەند وڵاتێکی رۆژئاواین دا دەبەستێ.

*Laslett, Petter. The World We Have Lost. London ; Methuen.1963.*

شیکرلادنەوەیەکی کلاسیکیی ژیانی خێزانییە لەنەوە پێشووەکاندا. چەندین خورافەی پەیوەست بەخێزان دەکاتە مایەی پرسیار

*Mc Lanahan, Sara S., and Gary P.Growing Up With a Single Parent: What Hurts, What Helps. Cambridge, MA: Harvard University Press, 1994.*

باشترین لێکۆڵینەوەی شێوێنەوارەکۆمەڵایەتی وپەروردەییەکانی خێزانی خاوەن یەك سەرپەرشتیارە لەویلایەتەیەکگرتووەکاندا.

*Phillips Rodrick. Untying The Kont :A Short History of Divorce Cambridge :Cambridge University Press1991.*

خوێندنەوەیەکی تازەی مێژووی تەڵاقە لەئەوروپاو ویلایەتە یەکگرتووەکاندا

*Phoenix, Ann.Young Mothers? Oxford: Polity Press1990.*

موناقەشەی کێشەی دایکە هەرزەکارەکانە لەکۆمەڵی تازەدا.

*Weeks, Jeffry. Sexuaity.Chishester:Ellis Horwood,1986.*

پێشەکییەکی چڕو پڕو چێژداری لێکۆڵینەوەی رەفتاری سێکسییە.نووسەر شیکردنەوەیەکی هاوتای کێشە جۆربەجۆرە جیاوازەکانی سروشتی رەفتاری سێکسی دەخاتە ڕوو.

## دیموکراسی

*Barber. Binjamin R. A Plaes for Us:How to Make Society Civil and Democracy Strong.New York: Hill and Wang,1998.*





موناقەشەیەکی پەیوەندی نێوان دیموکراسی و کۆمەڵی مەدەنی وهێزی کۆمپانیاکانە.نووسەر پێی وایە کەکارایی دیموکراسی پێویستی بەرێکخستنی حکومەت‌و کارەکان بە پێی چەند بناغەیەکی پتەوی سیستمی مەدەنی هەیە.

*Czempiel, Ernst O., and Jammes N. Rosenau (eds). Goverance Without Government: Order and Change in World Politics Cambridge: Cambridge University Press,1992.*

موناقەشەی شێوەتازەکانی هەنگاوەکانی فەرمانرەوایی‌جیهانی وەکو وەڵامێکی بەجیهانی بوون

*Dunn, John. Democracy: The Unfinished Journey.508 Bc to AD,1993. Oxford: Oxford University Press, 1992.*

کۆمەڵە وتارێکە موناقەشەی گۆڕانی دیموکراسی دەکات لەناوچە جۆربەجۆرەکانی جیهاندا. وەکو ناونیشانی وتارەکان ئاماژەی بۆ دەکات‌و نووسەران پێیان وایە کەهێشتا رێگایەکی درێژمان لەبەر دەمدایە بۆ گەیشتن بەقۆناغی بەگشتی کردنی دیموکراسی‌و, کردنی بەشێوەی پەسەندکراوی حوکم.

*Fukuyama ,Francis.The End of History and The Last Men. London Hamish Hamelton1992.*

فۆکۆیاما پێی وایە گەیشتوینەتە کۆتایی مێژوو ,چونکە هیچ بەدیلێکی سەرمایە داری‌و لیبراڵ دیموکراسی لەئارادا نییە. بەڵام ئەگەری ئەوەش دەخاتە روو کەرەنگە ئەم جیهانە تازەیە ببێتە مایەی شێوەی تازەی نا رەزامەندی.

*Held, David . Models of Democracy.2nd edn. ..Held, david Cambridge :Polity Press,1996.*

www.pertwk.com

خوێندنەوەیەکی تازەو موناقەشەیەکی بەئەزمونی چەمکە جۆر بەجۆرەکانی دیموکراسییە. نووسەر بەچەند پێشنیازێکی پەیوەست بەپاشەرۆژی پەرەسەندنی دیموکراسیکۆتایی پێدێنێ.

.Hantingten, Samuel P. The Third Ware: Democratization in The Late Twentieth Century. Norman, OK: University of Oklahoma Press,1991.

موناقەشەیەکە دیدێکی رەخنەگرانە دەخاتە سەر هەندێك لەو شیکردنەوانەی لە چۆنێتیو هۆیەکانی دروستبوونی دامەزراوی دیموکراسی لەو وڵاتانەی پێشتر رژێمی دیموکراتیان نەبووە , دەدوێن.

Ostrom, Elinor. Governing The Commons: The Evoluhon of Institutions For Collective Action. Cambridge : Cambridge University Press1990.

لێکۆڵینەوەیەکی چۆنێتی توانینی بەڕێوەبردنی ئەو شێوازانەی فەرمانڕەواییە کە بۆ رووبەڕووبوونەوەی کێشە هاوبەشەکانی ئەودیو ئاستی دەوڵەتی نەتەوایەتی دەگونجێن.

Paolini, Albert J., Anthony P. Javis and Christian Reus-Smit (eds). Between Sovereignty and Global Govermance : The United Nations, The State and Civil Society. London: Macmillan Press,1998.

چەند موناقەشەیەك دەربارەی گۆڕانی هەنگاوەکانی فەرمانڕەوایی جیهانی پاش ئەو گۆڕانانەی لەبواری سەروەریی دەوڵەتاندا روویاندا.

Rosenau. James N. Turabulance in World Polity: A Theory of Change and Continuity. London: Harnester and Weatsheaf,1990.

نووسەر هەوڵ دەدات بەردەوامی ئاژاوە لەسیاسەتی جیهاندا لەرێگای ئەو گۆڕانە سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابوورییانەوە راڤە بکات کە لەدووەمین جەنگی جیهانەوە روویان داوەو , پێی وایە کە ئێمە لە





"جیهانێکی خۆدابڕیو- منشق"دا دەژین کە سیستمی چەق بەستوو لەدەوروبەری دەوڵەتی کۆندا رووبەڕووی چەند هەڕەشەیەکی جیهانی فرەخولگەی چەندین رێکخراو و کۆمەڵەی نا حکومی دەبێتەوە.